دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد
لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێمۆکراتیکی فیدراڵیدا

# کوردستان

ژمارە: 416
15ی پووشپەڕی 1384
6ی ژوئیەی 2005
150 تمەن
www.kurdistanmedia.com

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران

## کۆتایهاتنی پلینۆمی پێنجەمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب

کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەڵبژێردراوی کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزب، سەعات 10ی پێشنیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممۆ، ڕێکەوتی 30ی جۆزەردانی ساڵی 1384ی هەتاوی بەرانبەر بە 20ی ژوئەنی 2005ی زایینی، پێنجەمین پلینۆمی خۆی بە بەشداریی هەموو ئەندامانی ئەسڵی، جێگران و موشاویرانی کۆمیتەی ناوەندی پێك هێنا.

پێنجەمین پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی بە دەقیقەیەك بێدەنگیو وەستان بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدان دەستی بە کار کردو سەرەتا بەرنامەو دەستووری کاری پلینۆم خرایە بەرباس.

پاش پەسندکرانی دەستووری کاری پلینۆم، هاوڕێی بەڕێزو تێکۆشەر کاك مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لێکدانەوەی سیاسیی دەفتەری سیاسیی پێشکەشی بەشدارانی پلینۆم کرد. ئەو لێکدانەوەیە لە ماوەی چەند دانیشتنی پلینۆمدا کەوتە بەرباسو بەشدارانی پلینۆم چالاکانە لە باسی پێوەندیدار بەم لێکدانەوەیەدا بەشدارییان کردو سەرئەنجام لێکدانەوەکە لەلایەن بەشدارانی پلینۆمەوە پەسند کرا. **دەقی تەواوی ڕاگەیەندراوی تایبەت بەم پلینۆمە لە لاپەڕی 2 دایە.**

# "سەرکۆمار"ێکی بارمتەگرو تیرۆریست، تەواوکەری ڕێژیمێکی کۆنەپەرستو دژی ئینسانی!

کوردستان دیسان "نا"ی گوت 2
هەواڵەکانی کوردستان 3
بەناو خەباتێکی چەواشەکارانەو دێوەزمەیەکی تۆقێنەر 5
ناسیونالیزمی مەدەنی، یان گەڵاڵەیەك بۆ سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی کورد؟ 8
"کە جیهان گوردی لە ئامێز دانا" 9

### لەسەر تاوانبار کردنی ئەحمەدی نژاد بەدەست هەبوون لە تیرۆری دوکتور قاسملوودا

## کۆماری ئیسلامی باڵوێزی ئوتریشی لە تاران بانگ کردە وەزارەتی دەرەوە



وەزارەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی، سەفیری ئوتریش لە تارانی بانگ کرد، سەبارەت بەو لێکۆڵینەوانە کەدادستانی ئوتریش لەبارەی ئەحمەدی نژادەوە دەستیان پێ‌کردوە، داوای ڕوونکردنەوەوی لێ کرد.

دەوڵەتی ئوتریش ددانی بەوە داناوە کە دادستانەکانی ئەو وڵاتە خەریکی لێکۆڵینەوە لە بارەی ڕۆڵی ئەحمەدی نژاد لە تیرۆری ساڵی 1989ی دوکتور عەبدولرەحمان قاسملوو، سکرتێری گشتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە ڤییەن دان.

دەوڵەتی ئێران ئەم ئیددیعایەی ڕەت کردۆتەوەو، ئەوانەی بە هەوڵی ئەمریکاو سەهیونیزم بۆ خەوشدار کردنی ئەحمەدی نژاد (سەرکۆماری تازە هەڵبژێردراوی ڕێژیم) لە قەڵەم داوە.

هەواڵدەریی ئیسنا، ڕایگەیاند کە ڕۆژی سێشەممە 14ی پووشپەڕ، بەڕێوەبەری گشتیی وەزارەتی دەرەوەی ئێران، سەفیری ئوتریش لە تارانی بانگ کردووە بە توندی دژی ئەو جۆرە تاوانبار کردنانە، ناڕەزایەتیی دەربڕیوەو داوای ڕوونکردنەوەی کردوە.

پێویستە بگوترێ ڕۆژنامەی ئوتریشیی "دێر ستاندارد" لە ژمارەی ڕۆژی 2ی ژوئیەدا مەحموودی ئەحمەدی نژادی بە دەست هەبوون لە تیرۆری دوکتور قاسملوودا تاوانبار کرد. پیتر پیلز وتەبێژی حیزبی سەوزی ئوتریش هێندێك بەڵگەنامەی وەدەست هێناون کە نیشان دەدەن ئەحمەدی نژاد لە تیرۆری دوکتور قاسملوودا دەستی هەبووە.

وەزارەتی ناوخۆی ئوتریش پاشان دانی بەوە دا ناوە کە ئەم بەڵگەنامانە دراون بە دادستانی ئەو وڵاتە. دوکتور عەبدلرەحمان قاسملوو و 2 کەس لە یارانی، ڕۆژی 13ی ژوئیەی ساڵی 1989 لە شاری ڤییەنی پێتەختی ئوتریش بە گوللەی تیرۆریستەکانی ئێران شەهید کران. وتەبێژی دادستانیی ئوتریش ڕۆژی سێشەممە 4ی ژوئیە گوتی: دادستانەکانی ئەم وڵاتە دەیانەوێ چاویان بە ڕۆژنامەنووسێکی ئێرانیی دانیشتووی فەرانسە بکەوێ کە لەگەڵ یەکێك لە بکوژانی دوکتور قاسملوو، وتووێژی کردوە."

## کۆماری ئیسلامی بێ ڕوتووش

ڕۆژی 3ی پووشپەڕی 1384 دووهەمین دەوری نۆیەمین دەورەی هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە ئێران دا بەڕێوە براو لەو دوو کاندیدا کە کەوتبوونە دەوری دووەم یان باشتر بڵێین خرابوونە دەوری دووەم مەحموود ئەحمەدی نەژاد بە زۆربەی دەنگی ڕاگەیاندراو بوو بە شەشەمین سەرکۆماری " ئێرانی ئیسلامی"!

ئەگەر لەوە گەڕێین کە بە باوەڕی هەموو ئەوانەی لە نزیکەوە ئاگایان لە ڕادەی بەشداریی خەڵکی ئێران لەو هەڵبژاردنەدا هەبووە، ژمارەی ڕاگەیاندراوی دەنگەکان زۆر زۆر لە ئاماری ڕاستەقینە زیاتر بووە، لە سەر هەڵبژێرانی ئەحمەدی نەژادو دۆڕاندنی ڕەفسەنجانی دوو بیروبۆچوون هەیە. یەکیان دەڵێ کاندیدای دڵخوازی "ڕێبەری نیزام"و تەواوەتی کۆماری ئیسلامی هاشمی ڕەفسەنجانی بووە. بەڵام دەنگدەرانی ئێران وەك "نا" گوتن بە ڕێژیمی ئیسلامیو هەر لەو کاتەدا ڕەتکردنەوەی کاندیدایەك کە لە مێژە ئێرانییەکان پێیان وایە ئیکسپاریەر بووە، دەنگیان داوەتە مەحموود ئەحمەدی نەژاد. بۆچوونی دووەم دەڵێ خامەنەیی کە لە مێژە لە دوورووییو هەر لەو کاتەدا دژایەتیی نهێنیی ڕەفسەنجانی قەڵسە، ویستوویەتی دوازەبر لە ناوو ناوبانگی ناوبراو بداو لە مەیدانی ململانەی وەدەر نێ. بۆ ئەو مەبەستە لە لایەك زەمینەی قانوونیی بۆ کاندیدا بوونەوەی ڕەفسەنجانی ئامادە کردوەو لە لایەکی دیکەش ڕای سپاردوە کە لە هەر ڕێگایەکەوە بووە، ناوی خەنیمەکەی ڕەفسەنجانی، واتە ئەحمەدی نەژاد لە سندووقی هەڵبژاردن بێننە دەرێ.

هەڵبژێرانی سەرکۆماری تازە ئاکامی هەرکام لەم دوو وێچوونە (احتماله) یان تێکەڵاوێك لە هەر دووکیان بێ ـ کە بە هیچ جۆر بە دوور نازانرێ ـ دەکرێ لە دوو ڕوانگەوە سەیر بکرێ. یەکیان ئەوە کە بەڕاستی نیشانەی نەگبەتی وڵاتێکە لە سەدەی بیستو یەکەمو سەردەمی پێشکەوتنی زانستو تەکنیكو ئەنترنێتو مۆدێرنیتەدا کەسێك ببێتە سەرکۆماری کە بیرو بۆچوونەکانی لە تاریکایی سەدەکانی نێوەڕاستەوە هاتوونو تازە دەیەوێ وڵاتەکەی بگێڕێتەوە دەورانی پێش مێژوو. ڕوانگەکەی دیکە بوونی مەحموود ئەحمەدی نەژاد بە سەرکۆماری "ئێرانی ئیسلامی" بە "کالای بە قەد باڵا" دادەنێو دەڵێ وەختێك کۆماری ئیسلامی لە تەواوەتی خۆیدا ڕێژیمێکی دواکەوتووی پاشماوەی بیروبۆچوونەکانی هەزاران ساڵ لەمەوبەرە، چ باشتر کە ڕوخساری خۆی بەبێ ڕوتووش بە هەموو دنیا نیشان بداو چی دیکە بیروڕای گشتی لە نێوخۆو دەرەوەی ئێران بەفریو نەبا؟

ئەگەر خۆمان لە ڕاستییەکان نەبوێرین دەزانین کە بوونی کەسانی وەك ڕەفسەنجانیو خاتەمی لە لووتکەی بەناو دەسەڵاتی ئیجرایی ئێران دا (دیارە هەر کامەی لە سەردەمی خۆیدا) هەم توانیویەتی هەر نەبێ بەشێك لە خەڵکی وڵات لە بارەی ئیسلاح بوونی کۆماری ئیسلامییەوە تووشی گومانو خۆشخەیاڵی بکاو هەم بیانوویەکی داوەتە دەستی دەوڵەتو لایەنە سەوداگەرو قازانج پەرستە خاریجییەکان کە بە ناوی کۆمەگ بە ئیسلاحاتو بەهێزکردنی لایەنی بەناو پراگماتیست یان ڕیفۆرمخواز ساتو سەودای خۆیان لەگەڵ ڕێژیمی ئێران درێژە بدەنو لەو ڕێگایەوە تەمەنی دەسەڵاتداریی ئەو ڕێژیمە درێژ بکەنەوە. ئێستا بۆ هەموانیش دەرکەوتەوە کە لە سەرەتاوە تا کۆتایی ئەوەی بڕیاری بۆ ئێران داوە، دواکەوتووترین توێژەکانی نێو دەسەڵاتو ئۆرگانەکانی بەرەوژوورتر لە قانوون بوون.

بەو پێیە دەکرێ بڵێین هەڵبژێرانی ئەحمەدی نەژاد لە هێندێ بارەوە بە قازانج بووە. خەڵکی ئێران ئێستا ئیدی تەکلیفی خۆیان دەزانن. نە سەرداری سازەندەگی وڵاتەکەیان بۆ دەکاتە وێرانەو بەوادەی سەرخەرمان دڵخۆشیان دەکاو نە سەرکۆماری دەم بە پێکەنین بە هێنانە گۆڕی تێزی وتووێژی شارستانەتییەکان فریویان دەدا. کۆماری ئیسلامی بێ پەردە لە بەرامبەریان دا ڕاوەستاوە. یان بە دیلیو زەلیلی ڕازی دەبن، یان یەکپارچەو لە هەر ڕێگایەکی مومکینەوە بەگژیدا دەچنەوەو حیسابی خۆیانی لەگەڵ یەك لا دەکەنەوە.

دنیای دەرەوەش کاری بۆ ئاسانتر بۆتەوە. ئەگەر بیانەوێ ساتو سەوداکانیان لەگەڵ ڕێژیمی ئێران درێژە پێ بدەن، ئێستا لەگەڵ سەرکۆمارێكو دەوڵەتێك تەرەفن کە دەسەڵاتی ڕاستەقینە واتە "ڕێبەری نیزام" یان لە پشتەو لەگەڵ هیچ چەشنە کارشکێنییەکی دەسەڵاتە نادیارەکان بەرەوڕوو نابن. خۆ ئەگەر بشیانەوێ دوور لە قازانج پەرستی دیفاع لە ئازادیو دیموکراسیو دیموکراسیو مافی مرۆڤ لە ئێران دا بکەن، ئەوە پەردەی ڕیاو تەزویر لە سەر ڕوخساری کۆنەپەرستان وەلاچووەو ئەوانیش زۆر ڕێگایان لە پێش دان بۆ ئەوەی کۆمەگ بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی خەڵکی ئێران بکەن.

هەرچۆنێك بێ، ئەگەر هەڵبژاردنی مەحموود ئەحمەدی نەژاد بۆ خەڵکی ئازادیخوازو بەرچاوروونی ئێران ڕووداوێکی ناخۆشە، دۆڕاندنی سەرشۆڕانەی ڕەفسەنجانی دوژمنی ڕێوی سیفەتی ئازادیو دیمۆکراسیو پێشکەوتن سەرکەوتنێکی بەرچاوو دەسکەوتێکی بەنرخە. بۆیە بە جێیە بڵێین ڕیسوا بوونی ڕەفسەنجانی لە گەلانی ئێرانو بە تایبەتی گەلی کورد پیرۆز بێو هەڵبژاردنی ئەحمەدی نەژادیش لە تەواوەتی نیزام پیرۆز!! بێ. بەڕاستی بنیاتی "ولایت فقیه"و دەسەڵاتی قەزایی شاهروودیو مەجلیسی حەوتەمی نیزامو شوورای نیگەهبانو مجمع تشخیص مصلحت نظام، سەرکۆمارێکی وەك ئەحمەدی نەژادیان کەم بوو. ئێستا دەکرێ بڵێین پێڕەکە تەواوە.

## ڕاگیرانی دارایی چوار کۆمپانیاو دامەزراوەی ئێرانی

دارایی چوار کۆمپانیاو دامەزراوەی ئێرانی بە ناوەکانی: گرووپی پیشەسازیی شەهید هیممەت، گرووپی پیشەسازیی شەهید باکری، ڕێکخراوی وزەی ئەتۆمیو ڕێکخراوی سنعەتەکانی هەواو فەزا، لەلایەن ئەمریکاوە ڕاگیرا. بە گوتەی بەرپرسانی ئەمریکایی، ئەم دامەزراوانە لە بەرهەمهێنانی چەکەکانی کوشتاری بەکۆمەڵدا چالاکن. مەبەست لە وەستاندنی دارایی ئەم کۆمپانیاو دامەزراوانە بەربەرەکانی لەگەڵ قاچاغی چەکەکانی کوشتاری بەکۆمەڵو کەرەستەو پێویستییەکانی پێوەندیدار بەوانەوە لە ڕێگای بڕینی سەرچاوە ماڵییەکانیانەوەیە". گوتراوە کە گرووپە پیشەسازییەکانی شەهید هیممەتو شەهید باکری لە بواری بەرهەمهێنانی مووشەك دا، چالاکن. "جان ئێسنۆ" وەزیری دارایی ئەمریکا کە بەرپرسایەتیی جێبەجێکردنی دەستووری سەرکۆمار لە بواری بڕینی سەرچاوە ماڵییەکانی کۆمپانیاو دامەزراوە گومانلێکراوەکانی پێوەندیدار بە چەکەکانی کوشتاری بە کۆمەڵی لە ئەستۆیە، گوتویەتی: ئەگەری ئەوە هەیە ئەم بڕیارە دامەزراوەو کۆمپانیای دیکەش بگرێتەوە.

## دەنگدانەوەی کارنامەی تیرۆریستیی ئەحمەدی نەژاد



ماوەیەکە کە بەدوای دەستنیشانکرانی مەحموود ئەحمەدینژاد بە سەرۆك کۆماری نوێی ئێرانو هەروەها لێدوانەکانی ڕۆژنامەنووسێکی هەڵاتوو لە ئێران سەبارەت بە نەخشی ڕاستەوخۆی ئەحمەدینژاد وەکوو کەسێك کە چەكو تەقەمەنی لە ڕێگەی باڵوێزخانەی ئێرانەوە لە ڤییەنی ئوتریش بۆ گرووپی تیرۆر دابین کردوەو پێوەندیدەری دوو گرووپی تیرۆریش بووەو ڕۆڵو دەستی ئەو لە تیرۆری شەهید دوکتور عەبدولرەحمان قاسملووو هاوڕێیانی لە 13ی ژوئیەی 1989 لە ڤییەنی ئوتریشدا بۆتە ناوەندی باسو لێکدانەوەی ڕاگەیەنە هەواڵییەکانی جیهان.

هەر لەم پێوەندییەدا نوێنەرێکی حیزبی سەوزو پارلمانی ئوتریش بە ناوی "پیتێر پیلز" کە ماوەیەکی زۆرە لەسەر ئەو پەروەندەیە لێکۆڵینەوە دەکات، بەپێی ئەو بەڵگانەی کە پێشتر وەدەستی هێناونو هەروەها وتەکانی ڕۆژنامەنووسی هەڵاتوو لە ئێران کە بە شایەتی D ناوزەد کراوە، داوای دەستبەسەرکردنی خێرای مەحموود ئەحمەدینژادی بە تاوانی بەشداری لە تیرۆری دوکتور قاسملوودا کردوە. هەروەها بەشداریی ئەحمەدینژاد لە بارمتەگیرانی ساڵی 1979 لە باڵوێزخانەی ئەمریکا لە تارانو دەستی ئەو لە تیرۆری ڕێبەرانی کورددا بۆتە هۆی ئەوە کە ناوبراو لە لایەن ڕاگەیەنەکانو بیروڕای گشتیی جیهانەوە وەکوو کەسێکی تیرۆریستو بارمتەگیر بناسێندرێو ئەو ڕوخسارەی ئەو دەتوانێ شوێنەواری ڕاستەوخۆی لەسەر پێوەندیی وڵاتانی پێشکەوتووو دێموکراتی جیهان لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا دابنێو ئەو وڵاتانە هیچ بیانوویەکیان بۆ درێژەپێدانی پێوەندیی ئابووریو سیاسیی خۆیان لەگەڵ ئێراندا پێ نەبێ، چونکە دانیشتنو پێوەندی لەگەڵ دەوڵەتێکدا کە سەرکۆمارەکەی بە تیرۆریستو بارمتەگیر ناسێندراوە، ڕەواییدانە بە تیرۆرو بارمتەگیریو ئەمەش لەگەڵ ئەو بەهاو بنەما مرۆڤایەتییانەی کە وڵاتانی دێموکراتیك باوەڕیان پێی هەیەو هەروەها شەڕی جیهانی لە دژی تیرۆردا ناگونجێ.

شایانی باسە کە لە ئەگەری سەلمێنرانی ئەم تاوانانە لەسەر ئەحمەدینژاد، ئەو لە سەردانەکانی خۆیدا بۆ وڵاتانی دەرەوە، تووشی تەنگوچەڵەمەیەکی زۆر دەبێ.

## گوشاری زیاتری ئەمریکا بۆ سەر کۆماری ئیسلامی



تا ئێستا زیاتر لە 300 ئەندامی مەجلیسی نوێنەرانی ئەمریکا، ڕەزامەندیی خۆیان لەگەڵ گەڵاڵەی توندتر کردنی گەمارۆی بازرگانیی ئێران لەلایەن ئەمریکاوە ڕاگەیاندوە. ئیلینیا روزلتینین دارێژەری سەرەکیی ئەم گەڵاڵەیەو سەرۆکی کومیتەی نێونەتەوەیی نوێنەرانی ئەمریکا گوتی: ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە ئەحمەدی نژادو ڕێژیمی ئێران، تۆڵەی ڕەفتاری بێزراو و مەحکوومی خۆیان لە ساڵی 1979یان دا لێ بستێنرێتەوە. ناوبراو گوتی: حکوومەتی ئێستای ئێران گرنگترین هەڕەشەیە لە دژی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا. بەرنامە ئەتۆمییەکانی ئێرانو هەوڵی ئەم ڕێژیمە بۆ دەست ڕاگەیشتنی بە چەکەکانی کوشتاری بە کۆمەڵ، نیگەرانیی ئێمەی لە جاران زیاتر کردوە. بەگوێرەی ئەم گەڵاڵەیەی ئەمریکا، هەموو گرووپە سیاسییە چالاکەکانی ئێران کە بۆ پەرەپێدانی دێمۆکراسی لەو وڵاتەدا، تێدەکۆشن، پشتیوانیی ماڵییان لێ دەکرێ.

شایانی وەبیر هێنانەوەیە کە مەجلیسی نوێنەرانی ئەمریکا بە دوای هاتنەگۆڕی بانگەشەی دەست هەبوونی ئەحمەدی نژاد لە داگیرکردنی سەفارەتی ئەمریکا لە تاران لە ساڵی 1979دا،داوای بەرێوەچوونی گەمارۆی توندوتیژی بازرگانیی لە دژی ئێران کرد.

## سەفەری نیوەچڵی حەداد عادل بۆ بێلژیكو هەڵوەشانەوەی سەفەرەکەی بۆ ئیتالیا



سەفەری حەداد عادل، سەرۆکی مەجلیسی شووڕای ئیسلامیی ئێران بۆ بێلژیك نیوەچڵ مایەوە. خانەخوێیەکەی ناوبراو، خاتوو "ئانە ماری لیزین" سەرۆکی مەجلیسی سەنای بێلژیك، بەو هۆیەوە کە حەداد عادل ئامادە نەبوو تۆقەی لەگەڵ بکا، خۆی لە چاوپێکەوتنی سەرۆکی مەجلیسی ئێران بوارد. هەروەها میوانداریی ڕەسمیی مەجلیسی نوێنەرانی بێلژیکیش بۆ حەداد عادل، لەسەر دژایەتیی ناوبراو لەگەڵ بوونی خواردنەوەی ئەلکۆلی لە میوانییەکەدا، تێك چۆوە. خاتوو "ئانە ماری لیزین" گوتی: "ڕێوشوێنەکانی هەر وڵاتێك دەبێ ڕێزی لێ بنرێ، لە بێلژیك ژنو پیاو یەکسانو ئەمە چۆنیەتیی چاکوخۆشیو لەگەڵ یەك بەرەوڕوو بوونی ژنو پیاویش دەگرێتەوە."

لە مە گرینگتر، هەڵوەشانەوەی سەفەری حەداد عادل بۆ ئیتالیایە کە هۆیەکەی، خۆ بواردنی سیلیو بێرلسکۆنی، سەرۆك وەزیری ئیتالیا لە چاوپێکەوتنی غولامعەلی حەداد عادل سەرۆکی مەجلیسی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران ڕاگەیەندراوە.

__ماڵپەڕی: ایران امروز__

# ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

## بەبۆنەی کۆتاییهاتنی پلینۆمی پێنجەمی کۆمیتەی ناوەندییەوە

**هاونیشتمانە بەڕێزەکان!**

**خەڵکی خەباتگێڕی کوردستان!**

کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەڵبژێردراوی کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزب, سەعات 10ی پێشنیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممۆ, ڕێکەوتی 30ی جۆزەردانی ساڵی 1384ی هەتاوی بەرانبەر بە 20ی ژوئەنی 2005ی زایینی, پێنجەمین پلینۆمی خۆی بە بەشداریی هەموو ئەندامانی ئەسڵی, جێگرانو موشاویرانی کۆمیتەی ناوەندی پێك هێنا.

پێنجەمین پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی بە دەقیقەیەك بە بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدان دەستی بە کار کردو سەرەتا بەرنامەو دەستووری کاری پلینۆم خرایە بەرباس.

پاش پەسندکرانی دەستووری کاری پلینۆم, هاوڕێی بەڕێزو تێکۆشەر کاك مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لێکدانەوەی سیاسیی دەفتەری سیاسیی پێشکەشی بەشدارانی پلینۆم کرد. ئەو لێکدانەوەیە لە ماوەی چەند دانیشتنی پلینۆمدا کەوتە بەرباسو بەشدارانی پلینۆم چالاکانە لە باسی پێوەندیدار بەم لێکدانەوەیەدا بەشدارییان کردو سەرئەنجام لێکدانەوەکە لەلایەن بەشدارانی پلینۆمەوە پەسند کرا.

لە لێکدانەوەی دەفتەری سیاسیدا ئاماژە بە وەزعی نێونەتەوەیی بەگشتیو سیاسەتو هەڵوێستو پێوەندییەکانی وڵاتانی لایەنگری دێموکراسیو مافی مرۆڤ بەتایبەتی کرابووو هاودەنگیو هاوکاریی نێوان وڵاتانی ئورووپاییو ئامریکا لە پێوەندی لەگەڵ داکۆکیکردن لە دێموکراسیو مافەکانی مرۆڤ بە هەڵوێستێکی شیاو لە چوونەپێشی ڕەوتی دێموکراسیدا هەڵسەنگێندرابوو.

لێکدانەوەی دەفتەری سیاسی, ڕەوتی ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی بە وردی خستبووە بەرباسو ئاڵوگۆڕەکانی ناوچە بەگشتیو پێکهاتنی حکوومەتێکی گەلی لە عێراقی فیدراڵدا بەتایبەتی, بە هەنگاوێکی دیکە لە چوونەپێشی ڕەوتی دێموکراسی لە ناوچەدا هەڵسەنگاندبوو.

لە پێوەندی لەگەڵ کوردستانی عێراقدا پلینۆم یەکڕیزیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی عێراقی بەتایبەتی یەکدەنگیو هاوکاریی پارتی دێموکراتی کوردستانو یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانی بە بەردی بناغەی دەسکەوتەکانی کورد لەو پارچەیە لە کوردستان دانا, کە بوو بەهۆی هەڵبژاردنی ئازادانەی پارلمانی کوردستانو سەرۆکی هەرێمی کوردستانو وەدەستهێنانی پۆستی سەرکۆماری لە عێراقو زۆر پۆستی گرینگی دیکە بۆ کورد. پلینۆم وێڕای پیرۆزبایی لە بەڕێز جەلال تاڵەبانی وەك سەرۆك کۆماری عێراقو بەڕێز مەسعوود بارزانی وەك سەرۆکی هەرێمی کوردستان, داوای سەرکەوتنی لەو ئەرکە پیرۆزانەدا بۆ بەئاوات خواستن.

لە پێوەندی لەگەڵ ئێراندا, لێکدانەوەی دەفتەری سیاسی وێڕای ئاماژەکردن بە درێژەی دەسەڵاتی دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامیو ئەو گیروگرفتانەی لە نێوخۆو دەرەوە لەگەڵیان بەرەوڕوویە, پێی لەسەر ئەوە داگرتەوە کە هیچکام لە داخوازە ئەسڵی, سیاسیو بنەڕەتییەکانی کۆمەڵانی خەڵكو گەلانی ئێران لە سیستمی ویلایەتی فەقیهی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا نایەنە دی. لێکدانەوەکە هەڵبژاردنی نۆهەمین دەورەی سەرۆك کۆماریشی بە شانۆسازییەکی دیکەی ڕێژیم دانابووو هەڵوێستی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بەرانبەر بەم هەڵبژاردنەو خۆبواردنیان لە چوون بۆسەر سندووقەکانی دەنگدانی بە هەڵوێستێکی شیاو نرخاندبوو. لەو لێکدانەوەیەدا وەڕێخرانی شەپۆلێکی دیکە لە فشارهێنان بۆسەر خەڵكو سەرکوتی زیاتری ئازادییەکانو ئازادیخوازان پاش هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری تازە, پێشبینی کرابووو لە هەمان کاتدا زەمینەی خەباتێکی بەرینترو تێکڕاییتری گەلانی ئێران ئاماژەی پێکرابوو. هەر لەو پێوەندییەدا, لە لێکدانەوەی دەفتەری سیاسیدا پێویستیی هاوکاریو هاوخەباتیی هێزە سیاسییە سەرانسەرییەکانی ئێران بەگشتیو هێزە سیاسییەکانی نەتەوەکانی زۆرلێکراوی وڵاتەکەمان بەتایبەتی پێی لەسەر داگیرابۆوەو نزیکیو هاوکاریی هەرچی زیاترو پتەوتری ئەو هێزانە خرابووە بەرچاو. هەر لەو چوارچێوەیەدا پێکهاتنی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ بە کارێکی بەسوود دانرابووو پێویستیی بەرینترکردنەوەو زیاتر وەگەڕخستنی ئەم کۆنگرەیە پێی لەسەر داگیرابۆوە.

لە پێوەندی لەگەڵ وەزعی کوردستاندا, لێکدانەوەی دەفتەری سیاسی قامکی لەسەر لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیانو خەباتی خەڵکی کوردستان دانابووو بە چاوی ڕێزەوە سەیری تێکۆشانو فیداکارییەکانی خەڵکی کردبوو. هەر لەو پێوەندییەدا پێویستیی هاوکاریی زیاترو لێكنزیکبوونەوەی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران گرنگییەکی تایبەتی پێدرابوو. لەو بارەوە پلینۆم دەفتەری سیاسیی ڕاسپارد کە هەوڵەکانی خۆی بۆ ئەو مەبەستە درێژە بدا بۆ ئەوەی هێزە سیاسییەکانی کوردستان بتوانن خەباتێکی هاوبەش لە دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەڕێوە بەرنو خاوەنی یەك هەڵوێست بنو بە یەك دەنگ بدوێن.

پلینۆم لە پێوەندی لەگەڵ بەدەنگ بانگەوازی حیزبو لایەنە سیاسییەکانی کوردستانەوە هاتنی خەڵکی کوردستان سەبارەت بە خۆبواردن لە بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی نۆهەمین دەورەی سەرکۆماریو ئەو بێتەفاوەتییە زەقو بەرچاوەی بەرانبەر بەو هەڵبژاردنە لە خۆیان نیشان دا, بە پێویستی زانی سوپاسو پێزانینی خۆی پێشکەشی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بکا کە جارێکی دیکەش لەو ڕێگایەوە بیزاریی خۆیان لە بەرامبەر ڕێژیمدا دەربڕی. پلینۆم ئەو هەنگاوەی خەڵکی کوردستانی بە هەڵوێستێکی شۆڕشگێڕانەو ئازادیخوازانە داناو داوای لە خەڵکی کوردستان کرد کە لە دەورەی دووهەمی ئەو هەڵبژاردنەشدا هەر ئەو هەڵوێستە بگرن.

لە لێکدانەوەی دەفتەری سیاسیدا پێ لەسەر پێوەندیی دۆستانەو برایانەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان داگیرابۆوەو دەسکەوتەکانی گەلی کورد لە کوردستانی عێراقی بەرز نرخاندبووو پاراستنی ئەم پێوەندییانەی بە ئەرکی هەموو لایەك دانابوو.

پلینۆم لە بەشێکی دیکەی کارەکانی خۆیدا بەرنامەو گەڵاڵەی شێوەی کاری ئۆرگانەکانی حیزب لە دەرەوەی وڵاتی خستە بەرباسو بە تێکڕای دەنگ پەسندی کردو بەرپرسانی بەشە ئەسڵییەکانی کارەکانی حیزبی دەستنیشان کرد.

لە بەشێکی دیکەی کاری پلینۆمداو بە پێی ئیختیارێك کە کۆنگرە بە کۆمیتەی ناوەندیی دابوو, دوو هاوڕێی دیکە وەك ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی لە دەرەوەی وڵات هەڵبژێران.

پلینۆم بۆ تەکمیلی ئەندامانی دەفتەری سیاسیی حیزب, هاوڕێیەکی دیکەی لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی وەك ئەندامی دەفتەری سیاسی هەڵبژارد.

پێنجەمین پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی لە بەشی کۆتایی کارەکانی خۆیدا چاوی بە ئاییننامەی ئورگانەکانی سەربە کۆمیتەی ناوەندیدا خشاندەوەو بە هێندێ وردە دەسکارییەوە پەسندی کردنەوە.

پلینۆم بە سەرنجدان بە وەزعی گشتیی ناوچەو بوونی زەمینەی لەبار بۆ تێکۆشانو چالاکینواندنی زیاتر, چەند ئەرکێکی گرنگو تایبەتیی بۆ ئورگانەکانی حیزب دەستنیشان کردو بۆ جێبەجێکردنیان ڕاسپاردەی پێویستی دا بە دەفتەری سیاسی.

پلینۆم پاش بە ئەنجام گەیاندنی بەرنامەو دەستووری کارەکانی خۆی, نیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە, 1ی پووشپەڕی 1384ی هەتاوی لە فەزایەکی پڕ لە شادیو هیواداریدا, سەرکەوتوانە کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا.

**دەفتەری سیاسیی**

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**2ی پووشپەڕی 1384ی هەتاوی (23ی ژوئەنی 2005ی زایینی)**

# کوردستان دیسان "نا"ی گوت

عەولا بەرهرامی

هەروەك چاوەڕوان دەکراو زۆربەی خاوەنڕایانی کاروباری سیاسیی ئێران پێشبینییان دەکرد, هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەی سەرۆك کۆماری (خولی نۆهەم) نەك لەگەڵ پێشوازیی زۆرینەی خاوەن مافی دەنگ دان بەرەوڕوو نەبوو, بەڵکوو لەگەڵ تەحریمێکی سیاسیی واتادار ڕووبەڕوو بوو. هەر ئەو پێشبینییانەش وایان کرد ڕێژیمو دامودەزگاو بەستراوەکانی بە هەموو شێوەیەك بکەونە خۆو بە کەڵك وەرگرتن لە هەموو شێوازەکانی شێواندن وا بنوێنن ڕێژەیەکی زۆر لە خاوەنانی مافی دەنگدان بەشداری هەڵبژاردن بوون.

وێڕای ئەو تەحریمە واتادارەی لە زۆربەی شارو ناوچەکانی ئێران لە گۆڕێدا بوو, دیمەنی تەحریمی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری لە کوردستان ـ وەك زۆربەی هەڵبژاردنەکانی پێشوو ـ دیمەنێکی جیاواز بوو, تەنانەت جیاوازتر لە هەڵبژاردنەکانی پێشووش (مەجلیسی حەوتەمو هەڵبژاردنی خولی دووهەمی شووڕاکانی شارو دێ). دیمەنی بەشدارینەکردن لە شارو ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان نەك تەنیا دیمەنی بێمەیلی بە هەڵبژاردنەو ئاکامەکانی بوو, بەڵکوو لەویش سەرتر هەڵوێستێکی سیاسیی لێبڕاوانەی گشتی بوو لە ئاست ڕێژیمی دەسەڵاتدار لە تەواوەیتی خۆیدا, ئەم هەڵوێستەی خەڵکی کوردستان لە نێوەڕۆکدا "نا"گوتنێکی گشتیی دیکە بوو بە سیستمێکی دەسەڵاتدار کە لە درێژایی تەمەنیدا بێجگە لە سەرکوت, ستەمو چەوسانەوەی چەند قات, هیچ دەسکەوتێکی دیکەی بۆ ئەوان پێ نەبووەو نەك بە هیچ شێوەیەك دانی بە ناسنامەی نەتەوایەتیی ئەو دانەناوە, بەڵکوو لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە هەوڵی داوە ناسنامەکەیان بسڕێتەوەو لە ناسنامەو پێکهاتە کۆنەپەرستانەکەی خۆیدا بیتوێنێتەوە.

ئەم هەڵوێستەی خەڵکی کوردستان ئەگەر لەلایەك واتای قبووڵنەکردنی ئەم سیستمە دواکەوتوویە دەگەیەنێ, لەلایەکی دیکەشەوە نیشانەی گەشەی هیوابەخشیو شیاریی سیاسیو نەتەوایەتیی کۆمەڵگای کوردستانە. خەڵکی کوردستان بەم هەڵوێستەیان ئەمجارەیان ڕوونتر لە هەر جارێك ئەم پەیامەیان دەربڕی کە بەشداری لە پرۆسەی سیاسی لە سیستمی کۆماری ئیسلامیدا نەك هیچ گۆڕانکارییەکی بە قازانجی مافو ئازادییەکانی ئەوانی لێ ناکەوێتەوە, بەڵکوو یارمەتی بە تەمەن درێژیی ئەم سیستمە دواکەوتووو ستەم بنیاتە دەکا. بۆیە دیتمان کە تەنانەت هاتنەگۆڕی هێندێك لە ویستەکانی خەڵکی کوردستان لە پروپاگەندەی ژمارەیەك لە کاندیداتۆرەکانو لایەنگرانیان لە کوردستانیش بێجگە لەوەی نەبۆتە هۆیەك بۆ هاندانی خەڵك بۆ بەشداریکردن, بۆتە هۆکارێك بۆ لەقاودانی ئەو دەستەو گرووپە هەلپەرست یان خۆپارێزانەی (ئاگایانەیان با نائاگایانە) ئاویان لە ئاشی کۆماری ئیسلامیو کۆنەپەرستی دەکرد.

ئەگەر سەرەکیترین ئاکامی هەڵبژاردن (وەك هەموو لایەك لەسەری کۆکن), "یەکدەست بوونەوەی دەسەڵات" بێ, ئەوە بێگومان سەبارەت بە کوردو مافەکانیو ویستەکانی لە ئێران, هیچ گۆڕانێك ڕووی نەداوە. چونکە تەنانەت ئەوکاتەش کە دەسەڵات یەکدەست نەبوو, ڕوانینی دەسەڵات بۆ کوردو مافەکانی هیچ گۆڕانکارییەکی تێدا پێك نەهات. ئەوەش بە جێی خۆی کە ڕیفۆرمخوازانی نێو دەسەڵات نەك نەیانتوانی نوێنەری ویستی ڕیفۆرمو ڕیفۆرمخوازیی نێوکۆمەڵگا بن, بەڵکوو بە قبووڵکردنی مانەوە لە چوارچێوەی بەرژەوەندییەکانو بایەخەکانی کۆماری ئیسلامیدا, لەڕاستیدا جگە لەوەی دەسەڵاتیان لە یەکدەستی ڕزگار نەکرد, خەیانەتیشیان بە ویستی ڕیفۆرمخوازیو گۆڕانخوازیی ڕاستەقینە کردو تەمەنی ڕێژیمیان درێژتر کردەوە.

کەواتە دەتوانین بە لێبڕاوییەوە بڵێین بە لەبەرچاوگرتنی هەموو ئەو ئەزموونانەی لە 27 ساڵی ڕابردوودا لە پێوەندیی لەگەڵ ڕێژیمو پرسی نەتەوایەتیی کوردستان بینراون, ئەو ڕاستییە بە ڕوونی دەرکەوتووە کە سیستمی کۆماری ئیسلامی ناتەباییەکی قووڵی لەگەڵ دێموکراسی, ئازادیو هەموو چەمکە پێشکەوتووەکانی کۆمەڵگای پێشکەوتوودا هەیە. بۆیە ئەوەی لێرەدا زۆر گرنگە, بەم سیستمە حکوومەتییەو خەبات بۆ ڕووخاندنی هەر لەو کاتەشدا هەوڵدانە بۆ جێگیرکردنی سیستمێکی دێموکراتیكو پلۆرالو فیدراڵ لە ئێراندا.

# ڕاگەیەندراوی دەفتەری نوێنەرایەتیی حیزب سەبارەت بە ئاکامی هەڵبژاردنی خولی نۆهەمی سەرکۆماری لە ئێران

بە دوای پێش بینیو گومانە دوورودرێژەکان سەبارت بە ناو هەڵبژاردنەکانی خولی نۆهەمی سەرۆك کۆماری لە ئێران، سەر لە بەیانیی ڕۆژی شەممە 2005/6/25ی زایینی ڕاگەیاندرا کە مەحموود ئەحمەدی نەژاد شارەداری تاران بە نزیکەی 17 میلیۆن دەنگ لە خولی دووهەمی هەڵبژاردنەکان بەسەر ڕکەبەرەکەی هاشمیی ڕەفسەنجانی دا سەرکەوتنی وەدەست هێناوەو دەچێتە کۆشکی سەرۆك کۆماری. ئەحمەدی نەژاد لە ڕاپرسییەکانی پێشوو لە نێوان ئەو هەشت پاڵێوراوەی سەرۆك کۆماریدا لە خوارترین پلەدابوو. لە هەڵبژاردنی خولی یەکەم دا نزیکەی 5 ملیۆنو لە خولی دووهەم دا زیاتر لە سێ بەرابەری ئەو واتە 17 میلیۆن دەنگی وەدەست هێناوە.

بەهۆی تەرخانکردنی هەزینەیەکی زۆرو نایاسایی، کەڵك وەرگرتن لە دەسڕۆیشتوویی‌و دەستێوەردانی کوڕی خامەنەیی، بەسیج، هێزە نیزامیو ئینتیزامییەکانو . . . کە بە پێی یاسای بنەڕەتیی وڵات مافی دەستێوەردان لە هەڵبژاردنیان نیە، ئامارسازیو زۆر فرتو فێڵی دیکە کە کۆماری ئیسلامی لە بەڕێوەبردنیان دا شارەزاییو ئەزموونی بەرچاوی هەیە، کەسێك لە سندووقەکانی دەنگدان سەری دەرهێنا کە لە ڕیزی توندڕەوترین مۆرەکانی قۆڵی کۆنسێرڤاتیڤەو وەك هەواڵنێری "ئیلنا" بڵاوی کردۆتەوە دوای سەرکەوتن ڕایگەیەندوە کە "ئێمە پێمان ئەسپێردراوە کە کۆماری ئیسلامی لە جیهان دا پەرە بدەین".

ئەو قاڵبۆوەیەی لە ویلایەتی فەقیهـ سەرەڕای ئەوە کە لە هەڵبژاردنێکی شیاودا بۆ سەرۆك کۆماری هەڵ نەبژێردراوە بەڵکوو لە پیلانی کوشتنی دوکتور عەبدولرەحمان قاسملوو سکرتێری گشتیی ئەوکاتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانو عەبدوڵڵای قادری ئازەر ئەندامی کومیتەی ناوەندیی حیزبیش دا دەستی هەبووە. ئەم قەتڵە لە ساڵی 1989 لە شاری ڤیەن پێتەختی ئوتریشو لە کۆبوونەوەیەك دا کە بەڕواڵەت بە مەبەستی وتووێژ سەبارەت بە داخوازییە نەتەوەییەکانی گەلی کورد لە کوردستانی ئێرانو لەسەر بانگهێشتنی کۆماری ئیسلامی ڕێك خرابوو بە دەست تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی ئەنجام درا.

شاهیدی ڕووداوەکە ئاشکرای کردوە کە بۆ بەڕێوەبردنی ئەم کارە تیرۆریستییە دوو گرووپ ئامادە کرابوون، ئەحمەدی نەژاد سەرەڕای ئەوە کە بەرپرسی پێکهێنانی پێوەندییەکانی نێوان گرووپی تیرۆرو گرووپی بەناو وتووێژکەری بە ئەستۆەبوو بۆخۆشی ئەندامێك لە ئەندامەکانی تیمی دووهەم واتە تیمی تیرۆر بووەو ئەرکی وەدەستهێنانی چەكو چۆڵی پێویستی گرووپەکانیشی بە ئەستۆەبووە. پێویست بە ئاماژە کردنە کە بەشداریی ئەو لەم عەمەلییاتە تیرۆریستییەدا تەنیا تاوانو کردەوەی ئەو نیە لە کوشتنو کوشتار دا، بەڵکوو تاوانبارە بە کوشتنی ژمارەیەکی دیکەش بە تایبەت کاتێك کە لە ڕۆژئاوای وڵات بەرپرسایەتیی نیزامیو دەوڵەتیی بەئەستۆوە بووە.

ئەو سیما ناسراوەی تیرۆرو کوشتن نەتەنیا ناتوانێ وەك سەرۆك کۆمار نوێنەرایەتیی خەڵکی ئێرانی هەبێ، بەڵکوو شیاوی دادگایی کردنە لە دادگایەکی بێلایەنو دادپەروەرنەدا هەربۆیە ئێمە مانەوەو درێژەکێشانی پێوەندیی نێونەتەوەیی ئێران بە هۆی وەها کەسێکی تیرۆریستەوە بە پێچەوانەی ڕێوشوێنە باوە نێونەتەوەییەکان، بە هاندانی تیرۆریزمو ستەم کردن لە خەڵکی ئێران دەزانین.

دەفتەری نوێنەرایەتیی

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران

لە دەروەی وڵات

1384/4/6 ـ 2005/6/27

❊ ❊ ❊

## برووخێ ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران

# هەواڵەکانی کــــوردستان

## کرماشان

ئەندامانو لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، شەوی 13 لەسەر 14ی پووشپەڕی 1384، لە هەڵمەتێکی تەبلیغیی بەربڵاودا، سەدان CDی حیزبییان لە شاری کرماشان دا بڵاو کردەوە. فیلمەکان بریتی بوون لە: فیلمی نەورۆزی 84و کۆتاییهاتنی سەرکەوتووانەی کۆنگرەی 13ی حیزبو فیدرالیزم.

ئەو شوێنانەی کە کاری تەبلیغییان لـێکرا بریتی بوون لە: شەقامی فەرهەنگیان فازی 1، جەوانشێر، بازاڕی ئاڵتوون فرۆشەکان، تاریکەبازارو گەڕەکی دەوڵەت ئاوا.

## سەردەشت

شەوی 1384/4/12، ئەندامانو لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری سەردەشت لە چالاکییەکی تەبلیغاتیدا، رۆژنامەی "کوردستان"، ژمارەکانی 410 تا 415و تراکتی حیزبییان بڵاو کردەوەو هەروەها داروددیوارەکانیان بە دروشمەکانی "پێشمەرگە باسکی بەهێزی گەلە"، "پێشمەرگایەتی بۆ لاوی کورد شانازییە"، "لاوانی کوردستان بە هاتنیان بۆ ریزی پێشمەرگایەتی کوورەی خەبات دژی کۆنەپەرستی گەرم رادەگرن"و "با هەموومان پێشمەرگە بین" رازاندەوە.

ئەو شوێنانەی کە چالاکیی تەبلیغاتی تیا کراوە برتین لە:

دەورووبەری دادگای کۆن، جاددەی دۆڵتانچك، گەڕەکی کانیمەڕی، دەورووبەری شێخ مەولانا، دەورووبەری مزگەوتی قیبلە، دەورووبەری شارەداری، دەورووبەری حەمامی شکۆفە، دەورووبەری نەخۆشخانە، گەڕەکی ئاشانو دەورووبەری ئیدارەی ئامووزشوپەروەرش.

## سەردەشت

شەوی 1384/4/4، ئەندامانو لایەنگرانی تێکۆشەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە چالاکییەکی تەبلیغاتی لە ناوچەکانی "ئالان"و "هۆمل"ی سەردەشت دا، CDیەکانی سەبارەت بە کۆتاییهاتنی کۆنگرەی 13، رێوڕەسمی 10ی خاکەلێوەی 84، وتووێژی بەڕێز سکرتێری گشتیی حیزب لە بەرنامەی "میزگردی با شما"، فیدرالێزم، وتووێژی رادیۆیی بەڕێز کاك مستەفا هیجری (رادیۆ کوردستان)، رێوڕەسمی نەورۆزی 1384و نۆیەمین خولی هەڵبژاردنی سەرکۆمارییان لەم گوندانەی خوارەوەدا بڵاو کردەوە:

ناوچەی ئالان: گوندەکانی بێژوێ، بێتووش، گروسو دولکان

ناوچەی هۆمل: گوندەکانی قەلەڕەش، دەرماناوێو رەزگە

## هاووڵاتییەك لە ناوچەی سەردەشت بە هۆی کەوتن بەسەر میندا لاقی پەڕی

رۆژی 1384/4/11، هاووڵاتییەك بە ناوی "وەفا مینایی"، کوڕی حاجی وەتمانو خەڵکی گوندی "کینا راوێ"ی ناوچەی سەردەشت، لە چیای بۆڵفەت دەکەوێتە سەر مینی پێشتر چێندراو لە لایەن رێژیمەوەو لە ئاکامدا لاقێکی دەپەڕێ.

## مەریوان

شەوی 11 لەسەر 12ی پووشپەڕی 1384، ئەندامانو لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری مەریوان لە چالاکییەکی تەبلیغاتیدا دەستیان دایە بڵاوکردنەوەی CDیە جۆراوجۆرەکانی حیزبیو تراکتو بڵاوکراوە حیزبییەکان لەم شوێنانەی خوارەوەدا:

مەیدانی جیهاد تا تەرخان ئاوا، شەقامی نەورۆز، گەڕەکی سەنعەتی، گەڕەکی شەقامی مەردۆخ، شەقامی ئیدارەی بەرق تا مەیدانی جەنگەڵبانی، چوارڕای شەبرەنگ تا مەیدانی دارسەیران، گەڕەکی بلچەسوورییەکانو دەورووبەری.

## سەردەشت:
### تێکشکانی ماشینێكو برینداربوونی شۆفێرەکەی بە هۆی تەقینەوەی مین

رۆژی دووشەممە، 1384/6/6، کەسێك بە ناوی محەممەدی ئەحمەدی عەلی بە ماشینەکەیەوە لە رێگای نێوان مردوواوێ ـ وەزنێ، بەسەر مینێك دا کە لەو رێگایەدا دانرابوو، دەکەوێ.

شیاوی گوتنە کە لە ئاکامی ئەو رووداوەدا ناوبراو بریندار دەبێو ماشینەکەشی بە تەواوی تێك دەشکێ.

## پیرانشارو مەهاباد:
### رادەی بەشداریی لە هەڵبژاردنی فەرمایشی سەرکۆماریدا زۆر کەم بووە

بەپێی هەواڵـی گەیشتوو, لە شاری پیرانشاردا ژمارەی دەنگدان لە قۆناغی یەکەمی نۆیەمین خولی بەناوهەڵبژاردنی سەرکۆمارییدا لە کۆی 66هەزار کەس کە مافی دەنگدانیان هەبووە، 14600 کەس بووەو هەروەها لە قۆناغی دووهەم دا تەنیا 9313 کەس دەنگیان داوە کە لەو ژمارەیە 4700 کەس دەنگیان بە رەفسەنجانیو 3041 کەس دەنگیان بە ئەحمەدینژاد داوەو 1572 کەسیش دەنگی باتڵیان داوە. هەروەها لە چەند گوندی ناوچەی پیرانشاردا وەك "خورینجو کێلەسپیان" 11 کەس، "رەنگیاوێ" 47 کەسو "کەندەقولان"و "خڕی بەرداشان" 13 کەس دەنگیان داوە.

هەروەها لە شاری مەهاباددا لە کۆی 134هەزار کەس کە مافی دەنگدانیان هەبووە، تەنیا 20447 کەس دەنگیان داوە کە لەم ژمارەیە رەفسەنجانی 11259 دەنگو ئەحمەدینژاد 4496 دەنگی پێدراوەو 4692 دەنگی باتڵیش دراوە.

شایانی باسە کە زۆربەی ئەو دەنگانەش کە خراونەتە سندووقەکانەوە لە دەنگی هێزە ئینتیزامییەکانو دەستوپێوەندییەکانی رێژیم پێك هاتووە کە لە ماوەی ئەم چەند ساڵەی رابردوودا رێژیم بە مەبەستی نائەمن نیشاندانی کوردستان، هێزێکی زوری لە کوردستاندا نیشتەجێ کردوەو لە کاتی هەڵبژاردنە رواڵەتییەکانیش دا لە دەنگیان کەڵك وەردەگرێ.

## ورمێ:
### قۆناغی دووهەمی نۆیەمین خولی هەڵبژاردنی سەرکۆماری زۆر بە ساردوسڕی بەڕێوەچوو

لە سەرلەبەیانیی رۆژی هەینی 3ی پووشپەڕی 1384ەوە تا کاتژمێر 12ی نیوەڕۆ لە ورمێدا نزیکەی 12 کەس لەسەر سندووقەکانی دەنگدان ئامادە بوون. بۆ وێنە لە سێ سندووقی سەرەکیدا وەك سندووقی ژمارە 73 لە چوارڕێیانی دانیشکەدە، سندووقی دانراو لە مەیدانی ئەیالەتو سندووقی دانراو لە مزگەوتی سوننییەکان تا کاتژمێری ئاماژەپێکراو 7 تا 10 دەنگ دراوە.

ئەمە لە کاتێك دایە کە ئەو سێ سندووقە بەناو لە قەرەباڵغترین سندووقەکانی دانراو لە ورمێنو هەروەها تا کۆتایی دەنگدانیش، دۆخی دەنگدان لە ورمێدا بە شێوەیەکی زۆر سارد بەڕێوەچوو.

### خەڵکی گوندەکانی ناوچەی گەورکی 3ی مەهاباد بە تەواوی شانۆگەری هەڵبژاردنیان تەحریم کرد

خەڵکی گوندەکانی ناوچەی گەورکی 3ی مەهاباد لە قۆناغی دووهەمی نۆهەمین خولی شانۆگەری هەڵبژاردنی سەرکۆمارییدا بەشدارییان نەکردووەو سندووقەکانی دەنگدان لەم ناوچەیە بە بەتاڵـی گەڕێندراونەتەوە بۆ مەهاباد.

گوندەکان بریتین لە:

کانی درێژ ـ پیربارین ـ گلۆلانی سەرێ ـ یاغیان ـ سلامەت ـ زیرِاندۆڵ ـ خورخورە ـ ساردەکوێستان ـ زاواکێو ـ مووسێ ـ برایم خەسار ـ گەنمان ـ کوێرەکانی ـ ئاغاوەتمان ـ قوروچای سەرێ ـ گلۆلانی خوارێ ـ قوروچاوی خوارێ ـ قوڵ قەڵا ـ ئیسکی بەغدا ـ سەمبە ـ دەروێشان ـ قزڵ گومبەدو خولا ماڵـی.

## ورمێ:
### کوژرانی سەردارێکی سوپاو هەوڵــی رێژیم بۆ هەڵگیرسانی شەڕ لە نێوان کوردو ئازەری لە گوندی "رول بلاجیغ"

رۆژی 27ی جۆزەردان، سەردارێکی سوپای پاسداران بە ناوی "مالك عەبدولعەلیزادە"، خەڵکی گوندی "رۆل بلاجیق"ی ورمێ، کە بۆ کۆکردنەوەی دەنگ بۆ مەحموود ئەحمەدینژاد رۆیشتبووە گوندی "رول بلاجیق"، لە لایەن کەس یان کەسانێکی نەناسراوەوە دەدرێتە بەر دەستڕێژو دەکوژرێ.

شایانی باسە کە ناوبراو 9 ساڵ لەمەوپێش، 19 کەس لە کوردەکانی دانیشتووی ئەو گوندەی بێهیچ هۆکارێك کوشتبوو، کە نەتەنیا لە لایەن رێژیمەوە سزا نەدرابوو بەڵکوو تەشویقیش کرابوو. هەر بۆیە ئەگەری ئەوە هەیە کە هۆکاری کوژرانی ناوبراو بگەڕێتەوە بۆ کوژرانی ئەو 19 کوردەو کەسوکاری داخ لەدڵـی ئەوان ناوبراویان بە سزای جەنایەتەکەی گەیاندبێ.

لە پاش کوژرانی ناوبراوو بە توندی برینداربوونی کوڕەکەی، رێژیم کەسێکی بە ناوی "فەردین" لە بنەماڵەی کوژراوە کوردەکان گرتووەو لە رێگەی بەکرێگیراوانی بەسیجییەوە هێرش دەکاتە سەر کوردەکانو دەیەوێ بە هەڵگیرسانی شەڕی نێوان کوردو ئازەری تۆڵەی خۆی بکاتەوە.

شیاوی گوتنە کە لە گوندی "رۆل بلاجیق"دا لەمێژساڵە کوردو ئازەری لە تەناهیو تەباییدا دەژین، بەڵام دوای هاتنەسەرکاری رێژیم، کاربەدەستانی رێژیم دەیانەوێ لە رێگەی پێکهێنانی دووبەرەکیو شەڕو ئاژاوەوە پیلانە دژیگەلییەکانی خۆیان بەڕێوە ببەن. هەربۆیە داوا لە هاووڵاتیانی کوردو بەتایبەتی ئازەری دەکەین کە نەکەونە دوای پیلانەکانی رێژیمو بە هەڵگیرسانی شەڕو پێکدادان نەبنە هۆی سەرکەوتنی سیاسەتو پیلانەکانی کۆماری ئیسلامی. هەروەها هەوڵ بدەن لە رێگای ئاشتیانەو ریش سپییەکانو پیاوماقوڵانی هەردوولاوە ناکۆکییەکان چارەسەر بکەن.

جێگای ئاماژەپێکردنە کە "مالك عەبدولعەلیزادە"، سەرداری سوپا، ئازەرییە هەربۆیە رێژیم دەیەوێ شەڕی خۆی لەگەڵ کورددا بگوێزێتەوە بۆ مەیدانی شەڕی نێوان کوردو ئازەریو لەم رێگەیەوە سیاسەتە نامرۆڤانەکانی خۆی جێبەجێ بکا.

## پیرانشار:
### هەڵکرانی ئاڵای کوردستان لە شارەدێی "پەسوێ"

رۆژی چوارشەممە، 1384/4/1، ئەندامانو لایەنگرانی خەباتگێڕی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە چالاکییەکی بوێرانەدا، ئاڵای کوردستانیان لەسەر بەرزترین داربرقی شارەدێی "پەسوێ"ی پیرانشاردا هەڵکرد.

بەکرێگیراوانی رێژیمی دژیگەلیی کۆماری ئیسلامیی تا کاتژمێر 3ی پاشنیوەڕۆ ئەو رۆژە نەیانتوانی ئاڵاکە بهێننە خوارەوە، بەڵام لە پاش هێنانەخواری ئاڵاکە سووکایەتییان پێکرد. ئەم کردەوە دزێوو بێشەرمانەیەی دەستوپێوەندییەکانی رێژیم بوو بە هۆی تووڕەییو برینداربوونی هەستی لاوان، هەربۆیە ئەوانیش لە بەرامبەر ئەم کردەوە دژیگەلییانەدا شەوی دواتر هەرچی ئاڵای کۆماری ئیسلامی لەو شارەدێیە هەبوو، هێنایانە خوارێ.

### برینداربوونی دوو کاسبکاری زەحمەتکێش بە هۆی دەستڕێژی هێزی ئینتیزامییەوە لە ناوچەی پیرانشار

چەند رۆژ لەمەوپێش، دوو کۆڵبەری زەحمەتکێش بە ناوەکانی خدر بایزیدیو مەسعوود، هەردوو خەڵکی پیرانشار دەکەونە بۆسەی هێزی دژیگەلیی ئینتیزامیو لە ئاکامی دەستڕێژی ئەوان دا هەردووکیان بریندار دەبن.

شیاوی باسە کە بەشێکی زۆر لە خەڵکی فەقیرو کەم داهاتی کوردستان بە هۆی نەبوونی کارو بۆ دابینکردنی بژێوی ژیان ناچار دەبن روو لە کاروکاسبی لە نێوان سنوورەکان دا بکەن هەربۆیە زۆرجار لە لایەن هێزی ئینتیزامییەوە بە بیانووی کاری قاچاخ هێرش دەکرێتە سەریانو لە ئاکامی دەستڕێژی ئەوان دا دەکوژرێن یان بریندار دەبن.

## شنۆ:
### کۆچیدوایی ئەندامێکی دڵسۆزو لەمێژینەی حیزب

چەند رۆژ لەمەوپێش، ئەندامێکی ئەمەکناسو لەمێژینەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ناوی کاك حسێن ئیسماعیلی، ناسراو بە "حسێن هەلەشە"، خەڵکی گوندی "نەرزیوێ"ی ناوچەی شنۆ، بە هۆی نەخۆشییەوە کۆچی دوایی کرد.

مام حسێن مرۆڤێکی نیشتمانپەروەرو ئازادیخواز بوو کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی بە باشترین رێگا بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی گەلی کورد دەزانیو بەم هۆیەوە حیزبی زۆر خۆش دەویست. هەروەها مام حسێن تا ماڵئاوایی لە ژیان، هەمووکات ئاواتی سەرکەوتنی گەلی کورد بوو کە لەم پێناوەدا لە هیچ چەشنە یارمەتیو کردەوەیەك خۆی نەدەبوارد.

وێڕای پرسەو سەرەخۆشی لە بنەماڵەو کەسوکاری مام حسێنو خەڵکی گوندی "نەرزیوێ"، ئاواتەخوازین کە رۆحی شادو رێگای وەدهێنانی ئامانجەکانی پڕڕێبوار بێ.

### کۆچیدوایی دایکێکی شەهید پەروەرو دڵسۆز

چەند رۆژ لەمەوپێش، پوورە "سانیە"، خەڵکی گوندی "هوالە" کۆچی دوایی کرد. پوورە سانیە دایکی شەهید "عەبدوڵلا فەتحی" ناسراو بە "عەبە هوالە"و هەروەها خێزانی "سۆفی عەبدولحەمید"ە کە ئەویش بە هۆی ئازارو ئەشکەنجەی بەکرێگیراوانی رێژیمەوە لە پاش ماوەیەك ئازادبوونی لە بەندیخانە گیانی لەدەست دا.

شایانی باسە کە ماڵـی پوورە سانیە هەمیشە شوێنی حەوانەوەی کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بووەو خۆی بە دایکی هەموو پێشمەرگەکان دەزانیو بە هۆی رێزو خۆشەویستییەك کە ئەو بۆ پێشمەرگەکانی هەبوو لە لایەن "رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران"ەوە وەکوو خۆشەویستترین کەس باسی لـێدەکرا.

وێڕای پرسەو سەرەخۆشی لە بنەماڵەو کەسوکاری پوورە سانیە، ئاواتەخوازین رۆحی شادو رێگای وەدیهێنانی ئامانجەکانی پڕڕێبوار بێ.

بۆ لاپەرەی 5

## "EL MUNDO":
# "ئەحمەدی نژادو رەفسەنجانی لە تیرۆری رێبەرانی کورددا دەستیان هەبووە"

رۆژنامەی بەناوبانگی ئیسپانیایی "EL MUNDO"، لە رۆژی دووشەممە، 2005/6/27و لە بەشی ئینتێرناسیونال دا بابەتێکی بە پێنووسی "مانوئێل مارتورێل"، لەسەر بەشداری ئەحمەدی نژاد لە تیرۆری نێودەوڵەتیداو دەستی لە تیرۆری شەهید دوکتور قاسملوودا بڵاو کردەوە کە ئەم نووسراوەی خوارەوە وەرگێڕانی دەقی ئەو بابەتەیە.

### ئەحمەدی نژاد تێکەڵاوی تیرۆریزمی نێونەتەوەیی

ـ رۆژنامەنووسێکی هەڵاتوو لە ئێران بە دڵنیاییەوە رادەگەیەنێ کە سەرۆك کۆماری هەڵبژێردراوی ئێران لە تیرۆری رێبەرانی ئۆپۆزیسیۆنی کورد (دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی)دا بەشدار بووە.

مانوئێل مارتورێل

رۆژنامەنووسێکی ئێرانی کە لەگەڵ دەزگای سیخوڕی ئێران دا پێوەندی هەیەو تازە لە ئێران هەڵاتووە، سەبارەت بە دەست تێدابوونی سەرۆك کۆماری هەڵبژێراوی ئێران لە کوشتنی عەبدولڕەحمان قاسملوو، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو یەکێك لە رێبەرانی سەرەکیی ئۆپۆزیسیۆن لە دەرەوە لە رۆژی 13ی جولای 1989دا، زانیاریو بەڵگەی نوێ پێشکەش دەکا.

رۆژنامەنووسی ئاماژەپێکراو کە بە هۆی باری ئەمنییەتییەوە شوناسی رانەگەیەندراوە، خۆی گەیاندۆتە پاریسو توانیویەتی چاوی بکەوێت بە سەرۆك کۆماری پێشووی ئێران لە پاش شۆڕشی ساڵـی 1979، واتە ئەبولحەسنی بەنیسەدر.

پاش ئەو چاوپێکەوتنە ناوبراو لەگەڵ پیتێر پیلس Peter Pilz، نوێنەری حیزبی سەوزەکان لە پارلـمانی ئوتریشو یەکێك لەو کەسانەی کە شێلگیرانە بۆ روونکردنەوەی ئەم تیرۆرانە هەوڵ دەدا، کۆ بۆتەوە.

بەپێی قسەکانی Pilz لەگەڵ تلویزیونی ئوتریش، زانیارییەکانی رۆژنامەنووسی ئێرانی رێگا بۆ هەنگاونانی یاسایی دژی سەرۆك کۆماری هەڵبژێردراوو هەروەها رەفسەنجانی، کاندیدای دۆڕاوی هەڵبژاردنەکانی ئێران کە بە ناوی نوێنەرایەتی لە لایەن نەرم رەوەکانەوە هاتە مەیدانی هەڵبژاردن، خۆش دەکەن.

رەفسەنجانی بەپێی حوکمی قازی دادگای میکونووس تێکەڵاوی کردەوەیەکی دیکەی تیرۆریستییە. بەپێی حوکمی دادگای میکونووس کە بەرپرسی بەدواداچوونی رووداوی میکونووس بوو، رەفسەنجانی یەکێك لە هاندەرانی تیرری 17ی سێپتامبری 1992وە کە بوو بە هۆی کوژرانی سادق شەرەفکەندی کە جێی قاسملووی لە بەڕێوەبردنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دا گرتبۆوەو هەروەها چەند رێبەری دیکەی وەك فەتاح عەبدولیو هومایون ئەردەڵانو نووری دێهکوردی (دۆستی گەلی کورد).

رەفسەنجانی گومانلێکراو

بەپێی قسەکانی رۆژنامەنووسی هەڵاتوو بۆ فەڕانسە، رەفسەنجانی کە لە ساڵـی 1988دا جێگری فەرماندەی گشتیی پاسداران بووە، رێنوێنیی پێویستی داوە بە گرووپی تایبەتی سوپای قودس بۆ تیرۆری رێبەرانی کورد.

بەپێی ئەم بۆچوونە سەرۆك کۆماری نوێی ئێران ـ کە دوێنێ لەسەر پڕۆژەی ئەتۆمی ئێران پێی داگرتو هەروەها قسە لە پێکهێنانی دەوڵەتێکی نەرمرەو کرد ـ ئەو کەسەیە کە چەکی بۆ تیرۆری قاسملوو، مامۆستایەك کە لە زانکۆی سۆربۆن هاتبووە دەرێ، ئەندامی ئەنتێرناسیونال سوسیالیستو یەکێك لە کەسایەتییە هەرەکاریزماتێكو بەپرستیژانە بوو کە ئۆپۆزیسیۆنی ئێران بەخۆیەوە دیبوو، دابین کردوە.

هەروەها ناوبراو لە داڕشتنی گەڵاڵەی تیرۆرو بانگهێشتنی قاسملوو بۆ پێتەختی ئوتریش, بەڕواڵەت بەمەبەستی چارەسەرکردنی ئاشتیخوازانەی کێشەی کورد لە ئێران، دەستی هەبووە.

یەکێك لە بەڕێوەبەرانی ئەم تیرۆرانە واتە ناسر تەقیپوور، ئەندامی گرووپی تایبەتیی سوپای قودس، ئەو زانیارییانەی کە ئێستا بڵاو بوونەتەوە، داوەتە دەستی رۆژنامەنووسی هەڵاتوو لە ئێرانو داوای لـێکردوە کە ئەگەر شتێکی بەسەرهات، ئەم زانیارییانە بە گوێی هەموو جیهان بگەیەنێ. رۆژنامەنووس کاتێك بڕیاری بڵاوکردنەوەی ئەم زانیارییانەی دا کە تەقیپوور لە چالاکییەك دا لە چۆمی کاروان دا خنکا.

بەرپرسانی ئورووپایی، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ئەو حیزبەی کە رێبەرانی خۆی لە بێرلینو ڤیەن لەدەست داوە بۆ رۆژنامەی "EL MUNDO"یان باسکردوە کە هێندێ پسپۆڕو شارەزای یاسا خەریکی پێداچوونەوەو دووبارە وەگەڕخستنەوەی ئەم پەروەندانەن بە مەبەستی دۆزینەوەی رێگای یاساییو هەنگاونانی نێونەتەوەیی دژی سەرۆك کۆماری هەڵبژێردراوی ئێران (مەحموود ئەحمەدینژاد)و رەفسەنجانی.

# چالاکیی کۆمیتەکانی حیزب لە دەرەوەی وڵات

## کومیتەی حیزب لە وڵاتی ئوتریش کۆڕێکی ڕیزگرتن بۆ مامۆستای دیموکراسی کاک دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو و هاوڕێیانی شەهیدی پێک دێنێ

کومیتەی حێزب لەوڵاتی ئوتریش، بەبۆنەی شازدەهەمین ساڵی شەهید بوونی سکریتری گشتی حێزب، ریبەری زانای کورد و ماموستای دێموکراسی، دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملو وهاورییانی ،کاك عبدالله قادری نوینەری حێزب لەدەرەوەی وڵات و دوستی حێزب دوکتور فازڵ رەسوول لەڕێکەوتی 13.7.1989 لەشاری ڤییەن پیتەختی وڵاتی ئوتریش بەدەستی تیروریستەکانی کۆماری ئیسلامی ئیران، لەریکەوتی 13.7.2005 سمیناریك لەشاری ڤییەن پیك دینیت و یادیان ریز دەگیریت.

Adresse:
**Kolpinghaus**
**Liechtensteinstraße 100**
**1090 Wien**
**Wann:**
**13.7.2005**
**18-00 – 21-00 Uhr**

## بەشداریی کومیتەی حیزب لە 17هەمین کۆنگرەی حیزبی کومونیستی ئیسپانیا

لە رۆژانی 24و25و26ی ژوئیەی 2005دا، 17هەمین کۆنگرەی حیزبی کومونیستی ئیسپانیا لە تالاری کۆنگرەی مادرید پێك هات. لەم کۆنگرەیەدا کە بە بەشداریی زیاتر لە 50 شاند لە 35 وڵاتو هەروەها 700 نوێنەری ئەو حیزبە پێك هاتبوو، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش لەسەر بانگهێشتنی فەرمی حیزبی کومونیستی ئیسپانیا بەشدار بوو.

کومیتەی حیزب لە ئیسپانیا لە ماوەی بەڕێوەچوونی کۆنگرەکەدا چاوی کەوت بە چەند نوێنەری حیزبی کومونیستی ئیسپانیاو فیدائیانی ئەکسەرییەتو حیزبی شیوعیی کوردستانی عێراقو هەروەها نوێنەرانی فەلەستینو وینزوئێلاو چەند وڵاتی دیکە.

شاندی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە نۆروێژ کە پێکهاتبوو لە کاك برایم لاجانیو کاك کەمال سەلاحی، بەشدار بوون.

لەم پێوەندیەدا پەیامێکی پیرۆزبایی کە تێیدا دەستکەوتەکانی گەلی کورد لە کوردستانی عێراق بە سەرکەوتنو دەستکەوتی هەموو گەلی کورد لەقەڵەم درابوو لە لایەن کومیتەی حیزبەوە پێشکەش کرا.

## بەشداریی کومیتەی حیزب لە نۆروێژ لە ڕێوڕەسمێکدا کە بە بۆنەی هەڵبژێرانی کاك مەسعوود بارزانی بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێك هاتبوو

رۆژی هەینی، 2005/6/24، کومیتەی هاوکاریی حیزبە کوردستانییەکان لە نۆروێژ، ئاهەنگێکی بە بۆنەی هەڵبژێرانی بەڕێز کاك مەسعوود بارزانی بە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان پێك هێنا.

لەو ڕێوڕەسمەدا شاندێکی کومیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە نۆروێژ کە پێکهاتبوو لە کاك برایم لاجانیو کاك کەمال سەلاحی، بەشدار بوون.

لەم پێوەندییەدا پەیامێکی پیرۆزبایی کە تێیدا دەستکەوتەکانی کوردەکان لە کوردستانی عێراق بە سەرکەوتنو دەستکەوتی هەموو گەلی کورد لەقەڵەك درابوو لە لایەن کومیتەی حیزبەوە پێشکەش کرا.

## بەشداریی کومیتەی حیزب لە کانادا لە ڕێوڕەسمێکدا بە بۆنەی هەڵبژێرانی بەڕێز مەسعوود بارزانی بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان

رۆژی شەممە، 2005/6/25، ڕێوڕەسمێك لە وانکۆوێری کانادا بە بۆنەی هەڵبژێرانی بەڕێز کاك مەسعوود بارزانی بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێك هات. لێژنەی بەڕێوەبەریی ڕێوڕەسمەکە بریتی بوون لە کومیتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانو پارتی دێموکراتی کوردستان.

سەرەتای ڕێوڕەسمەکە بە خوێندنەوەی سروودی نەتەوایەتیی "ئەی رەقیب" لە لایەن لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە و راگرتنی دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان دەستی پێکرد. پاشان پەیامی لێژنەی بەڕێوەبەری لە لایەن کاك سەعدی عەبدی، بەرپرسی کومیتەی حیزب لە کانادا خوێندرایەوەو هەروەها کاك ئەنوەر کەریمی، بەرپرسی تەشکیلاتی کومیتەی حیزب لە وانکۆوێر سەبارەت بە گرینگیی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستانو ئەرکی کوردەکان لە دەرەوەی کوردستان، وتەیەکی پێشکەش کرد.

ڕێوڕەسمەکە بە خوێندنەوەی شێعرو هەڵبەستو گۆرانی لە لایەن هونەرمەندانەوە درێژەی کێشا.

## واشینگتۆن ـ ئەمریکا
## بەشداریی کومیتەی حیزب لە ڕێوڕەسمێکدا کە بە بۆنەی هەڵبژێرانی بەڕێز کاك مەسعوود بارزانی بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێك هاتبوو

رۆژی یەکشەممە، 2005/6/19 (1384/3/29)، کومیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە واشینگتۆنی ئەمریکا لە ڕێوڕەسمی هاوبەشی پارتی دێموکراتی کوردستانو یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان دا بە بۆنەی هەڵبژێرانی بەڕێز کاك مەسعوود بارزانی بە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان لە هۆتێل هیلتۆنی واشینگتۆن دا بەشداری کرد. لەم ڕێوڕەسمەدا نزیکەی 600 کەس لە کوردەکانی هەر چوار پارچەی کوردستانو ژمارەیەکیش ئەمریکایی بەشدار بوونو هەروەها پەیامی کومیتەی حیزب لە لایەن کاك محەممەد مەولانییەوە پێشکەش کرا.

## وانکۆوێر ـ کانادا
## بەشداریی کومیتەی حیزب لە ڕێوڕەسمێك دا بە بۆنەی شیمیایی‌بارانی هەڵەبجەوە پێك هاتبوو

رێکەوتی 2005/6/18ی زایینی، بەرامبەر بە 1384/3/28ی هەتاوی، کومیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وانکۆوێری کانادا لە ڕێوڕەسمێك دا کە بە بۆنەی شیمیایی‌بارانی هەڵەبجەوە پێك هاتبوو، هەروەها کوردەکانی دانیشتووی ئەو شارەو چەندین کەسایەتیی بیانی ، بەشداریی کرد.

لەم ڕێوڕەسمەدا لە لایەن کاك سەعدی عەبدی، بەرپرسی پێوەندییەکانی دەرەوەی کومیتەی حیزب لە وانکۆوێر وتارێك لەسەر چوار پارچەی کوردستان کە ئەم خاڵانەی خوارەوەی لەخۆ گرتبوو، بە زمانی ئینگلیسی پێشکەش کرا:

- کارەساتی ئەنفالو کیمیایی‌باران لە کوردستانی عێراق
- فتوای جیهادی خومەینی دژی گەلی کورد، تیرۆریست پەروەریی کۆماری ئیسلامیو دەستبەسەرکراوەکانی ئەم دواییانەی شارەکانی کوردستان لە ئێران
- وێرانکردنی چەندهەزار گوندی کوردستانی تورکیە
- نەدانی ناسنامە بە کوردەکانو کوشتوبڕی قامیشلوو لە ساڵی رابردوودا لە سووریە
- داخوازی کوردەکانی ئێران بۆ دابینکردنی مافەکانیان لە چوارچێوەی ئێرانێکی فیدراڵی دێموکرات دا
- پێکەوە بەستراوەیی مافی کوردەکانو دێموکراسی
- ئەو کوردانەی کە لەم دواییانەدا لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە دەستبەسەر کراون

## وانکۆوێر ـ کانادا
## دیداری کومیتەی حیزب لەگەڵ مامۆستایەکی زانکۆو لێکۆڵەرێکی بواری مافی مرۆڤ لە رۆژهەڵاتی ناڤینو کوردستان دا

رۆژی 2005/6/19ی زایینی بەرامبەر 1384/3/29ی هەتاوی، کاك سەعدی عەبدی لە لایەن کومیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە چاوی کەوت بە بەڕێز "رۆز مێری تولت" (Rosemary Tulet)، مامۆستای زانکۆی "سایمۆن فریزر"و لێکۆڵەر لەسەر مافی مرۆڤ لە رۆژهەڵاتی ناڤین بە گشتیو کوردستان دا بەتایبەتی.

لەم چاوپێکەوتنەدا ئەم خاڵانەی خوارەوە خرایە بەرباسو لێدوان:

- پێشێلکرانی مافەکانی مرۆڤ لە ئێران دا بەگشتیو لە کوردستان دا بەتایبەتی لە لایەن رێژیمەوە
- داخستنی دەیان رۆژنامەو گۆڤارو. . .
- ناردنی کچانی لاو لە ئێرانەوە بۆ وڵاتانی عەرەبی (قاچاخی مرۆڤ)
- لە سێدارەدانو بەردباران کردنی ژنان لەسەر شەقامەکان
- نەدانی ناسنامە بەو منداڵە کوردانەی کە نێوی کوردییان لەسەر نراوە
- پەرەپێدانو بڵاوکردنەوەی مادده هۆشبەرەکان لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە لە نێو لاوانی کورددا لە کوردستان
- هێنانی تووشبوان بە نەخۆشی ئەیدزو موعتادەکان بۆ کوردستان
- قەیرانی ئابووریو کۆمەڵایەتی لە ئێران
- کۆماری ئیسلامیو مافی ژن

## کانادا ـ ئۆنتاریۆ
## کۆچی ناوەختی رزگار گودەرزی، ئەندامی دڵسۆزی حیزبی دێموکرات

رۆژی هەینی، رێکەوتی 2005/6/24، ئەندامێکی دڵسۆزی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لاوێکی خوێن گەرمو کوردپەروەر بە ناوی کاك رزگار گودەرزی لە رێگای چوون بۆ سەر کار، تووشی رووداوی ئۆتۆمۆبیل دەبێو بە هۆی سەختی برینەکەی رەوانەی نەخۆشخانەی شاری هامیلتۆن دەکرێ. دوای حەوت رۆژ بەربەرەکانی لەگەڵ مەرگ سەرئەنجام بەداخێکی گرانەوە لە نەخۆشخانە لە رێکەوتی 2005/6/30 بۆ هەتاهەتایە دڵـی لە لێدان دەکەوێ.

کاك رزگار لاوێکی تەمەن 21 ساڵە، مرۆڤێکی خوشناو، نیشتمانپەروەرو یەکێك لە ئەندامانیحیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو.

تەرمی ناوبراو لە رۆژی هەینی 2005/7/1 بە بەشداری دایكو باوکی کاك رزگار هەموو خزموکەسیو ئەندامانی کومیتەکانی ئونتاریوو سێت کاترینو زۆربەی ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە گۆڕستانی نیاگارا بەخاك سپێردرا.

کومیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ئۆنتاریوی کانادا بە داخوپەژارەوە پرسەو سەرەخۆشی لە بنەماڵەو کەسوکاری کاك رزگارو هەموو کوردەکانو ئەندامانی حیزب لە شارەکانی نیاگارا، سێت کاترین، لەندەن، تۆرونتوو ئۆتاوای کانادا دەکاو ئاوتەخوازە کە رۆحی شادو رێگای وەدیهێنانی ئامانجەکانی پڕ ڕێبوار بێ.

## ئاگاداری

### تا وەدیهاتنی ئامانجەکانی بەرزی شەهید دوکتور قاسملوو خەبات درێژەی هەیە

بە یادی تێپەڕبوونی شازدەهەمین ساڵڕۆژی شەهیدبوونی دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو هاوڕێیانی، لە لایەن ئەندامانو لایەنگرانی ئەم حیزبەوە ڕێوڕەسمێکی شکۆدار لە دەورووبەری واشنگتۆن بەڕێوە دەچێ.

بەم بۆنەیەوە لە هەموو هاونیشتمانانی دڵسۆزی گەلەکەمان داوا دەکەین لەم ساڵیادە پیرۆزەدا بەشداری بکەن.

بەشداریی ئێوەی نیشتمانپەروەر نیشانەی بایەخدانان بۆ ئەو ئامانجە بەرزانەیە کە دوکتور قاسملووی شەهیدو هاوڕێیانی گیانی خۆیان لە پێناوی وەدیهاتنیان دا بەخت کرد.

ئەندامانو لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ئەمریکا
کومیتەی بەڕێوەبەری 22ی پووشپەڕ

کات:
رۆژی یەکشەممۆ، 10ی جولای 2005، کاتژمێر 1ی دوانیوەڕۆ

شوێن:
Double Tree Hotel
7801 Leesburge Pike, Falls Church, VA 22043

پێوەندی:
More Ifo Call:
Tel: 703.402.7381
Fax: 703.339.1661

## بانگەواز
## با هەموو بە یەکەوە دەنگی مەزلوومیەتی 1200 پەنابەری کورد لە تورکیە بە گوێ دونیا بگەیەنین

حیزب و رێکخراوە کوردستانیەکان !
کۆڕ و کۆمەڵە بەشەردۆست و هەڵسوراوانی مافی مرۆڤ !
کۆمەڵە کوردی و کەلتووری و رۆشنبیریەکان لە وڵاتانی جیهان !

سەرئەنجام دوای چەندین ئاگاداری و ڕاگەیاندراو لە مەر نالەباری ڕەوشی پەنابەرانی کوردی ئێرانی خوشك و برایانی دڵسۆز و نیشتمانپەروەر، بۆ هاوپشتی و پشتیوانی لەو پەنابەرانە و بۆ نارەزایی و ئیعتراز بە سیاسەتەکانی UNHCR سەبارەت بە ئەوان، دەست بە خۆپێشاندانی هێمنانە بۆ بەر دەرگای کومیساریای بەرزی پەنابەرانی لە ژنێڤ و بۆ نوسینگەکانی دیکەی ئەو رێکخراوە و سەفارەتەکانی تورکیە لە پیتەختی وڵاتانی دیکەی ئوروپایی دەکەن. بۆ ئەم مەبەستە لە وڵاتی سویسرا لە 2005/7/8 دەچنە شاری ژنێڤ و لەوێ خۆپێشاندان ساز دەکەن. بەڵام تا ئێستا رێکەوتی کۆبوونەوەی دڵسۆزانی دیکە روون نیە.

ئێمە جارێکی دیکە داوا لە هەموو هاونیشتمانمان لە هەر جێگایەك کە هەن دەکەین، بۆ هاودەنگی کردن و هاوپشتیوانی لە پەنابەرانی کوردی ئێرانی دەنگی خۆیان بخەنە پاڵ دەنگی ئەو هاووڵاتیەیانەی کە بەو مەبەستە لە ئوروپا خۆپێشاندان ساز دەکەن. تا بەڵکو بە هیمەتی هەموو لایەك کارێك بکرێ بۆ ئەوەی 1200 کوردی ئاوارە لەو چارەنوسە نادیارە رزگاریان بێت. بەشێکی بەرچاو لەو 1200 کەسە ژن و منداڵ و کیژ و کوری تازە پێگەیشتوون کە ماوەی چوار ساڵە لە خوێندن و پێگەیشتن و هەموو ئیمکاناتی ژیانی ئەمرۆ بێ بەشن و تەنانەت خەریکە بێ تاوانانە لە ناو فەرهەنگ و کەلتوورێکی نەشیاو دا بە بێ دەسەڵاتی دەتوێنەوە.

پێویستە بە ئاگاداری هەموو لایەك بگەیەنین کە بۆ فشار خستنەسەر کومیساریای باڵای پەنابەران لە تورکیە و هاوکات لەگەڵ حەرەکەتی ئیعتیزازی لە ئوروپا، ئەو پەنابەرانەی کە لە شارەکانی **ئیکسی شەهیر و قارەمان** مانیان گرتووە، چوونە بەردەرگای رێکخراوی مافی مرۆڤ لە ئەنکارا و بریارە ئەمرۆ 2005/7/5 کۆبوونەوەیەك لە نێوان مانگرتووان، رێکخراوی مافی مرۆڤ (ئەنکارا)، وەزارەتی ناوخۆی تورکیە و کومیساریای بەرزی پەنابەران دا پێك بێت. ئێمە لە نەتیجەی ئەم دانیشتنە پاشان هەموو لایەك ئاگادار دەکەینەوە.

ویست و داخوازیەکانی پەنابەرانی کوردی ئێرانی ناسراو بە شیمالی عێراق لە تورکیە بریتین لە:

1. جێ بە جێ کردنی بە پەلەی بەندەکانی یاسای 1951 ژنێڤی کومیساریای بەرزی پەنابەران UNHCR.
2. گواستنەوەی هەموو ئەو پەنابەرانە بۆ وڵاتی سێهەم،کە هەموویان وەکو پەنابەری سیاسی لە لایەنUNHCRەوە وەرگیراون.
3. گۆرینی یاسای 5683ی دەوڵەتی تورکیە کە تایبەتە بە توریزم و گەشت و گوزار، کە بە هاوکاری نێوان UNHCR و دەوڵەتی تورکیە بە سەر ئەو پەنابەرانە دا سەپاوە.

تکایە بۆ رێکخستنی رێپێوانەکانی وڵاتان پەیوندەی بکەن بەم ژمارە تەلەفۆنانە و لەگەڵ بەرێوەبەری خۆپێشاندانەکان پەیوەندی بگرن:

کومیتەی پیشتوانی لە پەنابەرانی کوردی ئێرانی لە تورکیا/ سویسرا 0041 7 15 34 65 92

کومیتەی پیشتوانی لە پەنابەرانی کوردی ئێرانی لە تورکیا/ سوێد 0046 73 76 00 413

کومیتەی پیشتوانی لە پەنابەرانی کوردی ئێرانی لە تورکیا/ ئالمان 0049 17 34 40 65 50

پێشەکی سوپاسی ماندوو بوونی هەموو لایەکتان دەکەین.

**کومیتەی پەنابەرانی کوردی ئێرانی لە تورکیە**
**2005/7/5**

تورکیە
ienirefugee@gmail.com

# بەناو خەباتێکی چەواشەکارانەو دێوەزمەیەکی تۆقێنەر

عەلی بداغی

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەردەوام خۆی بە پێشەنگی خەبات دژی مادده سڕکەرەکان زانیوەو بەوەش دوو مەبەستی سەرکی دەپێکێ: یەکەم ئەوەی خۆی دەخاتە ریزی هەرە پێشەوەی ئەو وڵاتانەی خەبات بۆ نەهێشتنی دیاردەی ماڵوێرانکەری ئیعتیاد دەکەن‌و ناوی ڕێژیمەکەی لە لیستەی مافیای مادده سڕکەرەکان‌و ئەوانەی ساتوسەودای جیهانیی پێوە دەکەن دەسڕێتەوەو دووهەم ئەوەی بەو بیانووەو بەم بۆنەوە بەشێکی زۆر لەو ئیعتبارە ماددی‌و پووڵی‌یەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان‌و باقی ڕێکخراوە جیهانی‌یەکان بۆ ئەو مەبەستەی تەرخان دەکەن، بۆخۆی دەپچڕێ.

بەڵام ئامارەکان لەم پێوەندی‌یەدا ئاماژە بە قەیرانێکی قووڵ لە کۆمەڵگای ئێران دا دەکەن‌و نە تەنیا گومان لە شێلگیربوونی ڕێژیم لە پێوەندی لەگەڵ خەبات دژی ئەم دیاردەیە ساز دەکەن، بەڵکوو ئەم پرسیارەش دەورووژێنن کە ئەگەر ڕێژیمێك خۆی ساتوسەودا بەم ماددەیە نەکاو بازرگانی کردن بەم دیاردەیە لە

**لە دوو مانگی سەرەتای ئەمسال دا واتا خاکەلێوەو بانەمەڕی 84دا ڕێژەی دەسبەسەراگرتنی مادده سڕکەرەکان لە پارێزگاری کوردستان لە چاو ساڵی 83 پتر لە 54٪ چۆتە سەرێ**

خزمەتی ئامانجە سیاسی‌یەکانی دا بەکار نەهێنێ، چۆنە کۆمەڵگای ئێرانی ئیسلامی! لە ماوەی ئەم 15 ـ 20 ساڵەدا وەها نوقمی ئەو پەتا ماڵوێرانکەرە بووە کە کۆمەڵگایەکی ئەوپەڕی نەخۆش و داماوی لێ‌کەوتۆتەوە. بۆیەش دەڵێم 15ـ 20 ساڵ، لەبەر ئەوەی ڕێژیم لە ماوەی 8 ساڵ شەڕی ئێران‌و عێراق دا لێبڕاوانەو شێلگیرانە دژی ئەم دیاردەیە بەربەرەکانی دەکرد، چونکە پێویستی بە هێزی لاوی کۆمەڵگا بۆ بەرەکانی شەڕ بوو. بۆیە پەرەسەندنی ڕەهای ساتوسەودا بە مادده سڕکەرەکان جیا لە قازانجی یەکجار زۆرو بە لێشاوی ساتوسەودا کردنەکەی بۆ مافیاکانی



ئەم بوارە لە ئێران دا بەشێکی هەرە گرنگیشی دەگەڕێتەوە بۆ چۆنیەتیی مامەڵەی دامودەزگا پێوەندیدارەکانی ڕێژیم لە کات‌و شوێنە جیاوازەکانی ئێران دا. بەر لە تاوتوێکردنی ئەم سیاسەتە دژوازانەی ڕێژیم چاوێك بە ئامارەکان‌و بارودۆخی ئێستای کۆمەڵگای ئێران لەمەڕ تێوەگلانی بە مادده سەڕکەرەکانەوە دەخشێنین:

ئامارە رەسمی‌یەکان باس لە بوونی پتر لە 4 میلیۆن کەس موعتاد لە کۆمەڵگای ئێران دا دەکەن، بەڵام سەرچاوە باوەڕپێکراوە نافەرمی‌یەکان پێیان وایە ئەم ڕێژەیە پتر لە 7 تا 10 میلیۆن کەسە. بە پێی ڕاپۆرتی هەواڵدەریی "ایسنا" مادده بێهۆشکەرەکان لە ساڵی 83 دا زیاتر لە 99472 میلیارد ریاڵ وەك هەزینەی کڕین‌و بەکارهێنانی مادده سەڕکەرەکان، دابەزینی ئاستی بەشدایی کۆمەڵایەتیی بەکارهێنەران‌و قاچاغچی‌یەکان‌و هەزینەی خەسارە کۆمەڵایەتی‌یەکان زیانی لە ئابووریی وڵات داوە.

ڕێکخراوی میللیی لاوانی ئێران ئاماژە بەوە دەکا کە 20٪ی لاوانی وڵات لە مەترسیی زیانەکانی ئیعتیاد دان، واتە یا موعتادن یان ئێعتیاد هەرەشەی ڕاستەوخۆیان لێ‌دەکا. دێوەزمەی ئێعتیاد دیواری زیندانەکان‌و سنووری ناوەندە ئامووزشی‌یەکانیش بەزاندوە. 60٪ی فەزای زیندانەکانی وڵات بۆ زیندانی‌یەکانی مەوادی موخەددیر تەرخان کراوەو لە ساڵی 83ی هەتاوی‌دا 8300 قوتابی بە تاوانی گیرۆدەبوون بە مادده بێهۆشکەرەکان یان کڕین‌و فرۆشتنیان تووشی زیندان‌و بەندکران بوون.

ئەندامێکی کۆمیسیۆنی میللیی مەجلیس ئاماری 350 هەزار کەسیی قوتابیانی موعتاد کە کارناسانی وەزارەتی پەروەردەو فێرکردنی وڵات ڕایانگەیاندوە، بە ناڕاست دادەنێ‌و دەڵێ ئەو ڕێژەیە 600 هەزار قوتابی‌یە (آفتاب یزد 1383/2/2). بوونی 600 هەزار قوتابیی موعتاد لە قوتابخانەکان ئەگەر ناوی کارەساتی لەسەردانەنێین، ئەدی بە چ واتایەکی لێك دەینەوە؟

لە ماوەی 8 مانگی ساڵی 1383 لە چاو ئەو ماوەیە لە ساڵی 82دا ڕێژەی بڵاوبوونەوە مادده بێهۆشکەرەکان لە ئاستی ئێران دا 30٪ پەرەی سەندوە. عەلی هاشمی، سکرتێری ستادی بەناو خەبات دژی مادده سڕکەرەکان دەڵێ: "نرخی جۆرەها ماددەی بێهۆشکەر ساڵ بە ساڵ زیاتر دێتەخوارێ". ئەوەش بەو مانایەیە کە باندە مافیایی‌یەکان هەوڵیان داوە زۆرترین داوا (تقاضا) لە بازاڕی مەسرەفی ئێران پێکبێنن‌و بواری تێوەگلانی هەرچی زیاتری لاوان‌و بەکارهێنەران لەم زەلکاوەدا خۆشتر بکەن. لایەنی کارەساتباری ئەم قەیرانە کاتێك پتر خۆدەر دەخا کە ئامارەکان باس لە دابەزینی تەمەنی گیرۆدەبوون‌و چوونەسەری ڕێژەی تووشبووان لە نێو ژنان دا دەکەن. هەنووکە ژنان پتر لە 35٪ی حەشیمەتی موعتادانی وڵات پێك دێنن کە زۆربەیان بۆ وەدەستهێنانی ماددەی بێهۆشکەری پێویستیان ناچار روو لە لەشفرۆشی دەکەن. لە دوو مانگی سەرەتای ئەمسال دا واتا خاکەلێوەو بانەمەڕی 84دا ڕێژەی دەسبەسەراگرتنی مادده سڕکەرەکان لە پارێزگاری کوردستان لە چاو ساڵی 83 پتر لە 54٪ چۆتە سەرێ. ئێستا بەر لەوەی ئاوڕێك لە کارنامەی کۆماری ئیسلامی و چۆنیەتیی مامەڵەی لەگەڵ ئەم دیاردەیە بدەینەوە، بە خێرایی ئاماژە بە هۆیەکانی ڕێخۆشکەر بۆ تێوەگلانی تاکەکان لە داوی ئیعتیادو پەرەسەندنی پڕتاوی ئەم دیاردەیە دەکەین.

هۆکارە ئابووری‌یەکان وەك چاوگەی دەرکەوتن‌و پەرەسەندنی ئەم دیاردەیە لە کۆمەڵگای ئێرانن. هۆکار گەلێکی وەك بێکاری، هەژاری‌و بێ‌دەرەتانی، هەبوونی جیاوازیدانان، زەخت‌و گوشاری سیاسی کە سنووردارکردنی هەموو جۆرە ئازادی‌یە سیاسی‌و فەردی‌یەکانی لێ‌دەکەوێتەوەو نەبوونی ئیمکاناتی تەفریحی بۆ لاوان‌و ژنان‌و هەڵسوکەوتی تاوانبارانە بەرامبەر بە کەسانی موعتاد لە لایەك‌و هەرزان بوون‌و بەهاسان دەسکەوتنی مادده بێهۆشکەرەکان لە لایەکی دیکەوە پاڵنەری سەرەکی بۆ تووشبوون بەم دیاردەیەو پەرەسەندنی رەهای لەکۆمەڵگای ئێران دان.

لە تەنیشت ئەم هۆکارانە، هۆکارگەلێکی دیکەی وەك ئاڵۆزیی سیاسی لە ئەفغانستان وەك چاوگەی سەرەکیی بەرهەمهێنانی مەوادی موخەددیر لە جیهان داو هەبوونی رایەڵکەکانی قاچاغی مادده بێهۆشکەرەکان لە نێو دەزگا دەوڵەتی‌یەکان داو بە هێزیی باندەکانی مافیای قاچاغی مەوادی موخەددیر لە چاو لاوازیی هێزەکانی ڕێژیم لە هەمبەر بەربەرەکانی دژی ئەم دیاردەیە چ لە گۆشەنیگای قەزایی‌و چ لە رووی بەرەنگاریی

**خەبات دژی مادده بێهۆشکەرەکان لە بەربەرەکانی لە بەرامبەر بەرهەمهێنان، قاچاغ‌و بڵاوبوونەوەی مادده بێهۆشکەرەکان دا کورت دەبێتەوەو پرۆسەیەکی نیزامی‌و پۆلیسی‌یە لە هەمبەر تاوان‌و دیاردەیەکی تاوانبارانە، لە حاڵێك دا خەبات دژی ئیعتیاد خەباتێکی فەرهەنگی ـ کۆمەڵایەتی‌یە بۆ ساخڵەمیی کۆمەڵگا، گەڕاندنەوەی موعتادەکان بۆ ئەم ژینگە ساخڵەمەو نەهێشتنی ئاسەوارەکانی ئەم دیاردەیە**

پۆلیسی‌یەوە دەوری بنگەهی‌یان لە پەرەسەندنی ئەم دیاردەیە لە ئێران دا بینیوە

ئامارەکان‌و پەرەسەندنی بەربڵاوو قووڵبوونەوەی ئەم قەیرانە لە کۆمەڵگای ئێران دا سەلمێنەری ئەم راستی‌یەن کە پرسی "خەبات دژی مادده بێهۆشکەرەکان" لە ئێران دا شکستی خواردوەو ئەوەش بۆ دوو هۆکاری بنەڕەتی دەگەڕێتەوە:

یەکەم ئەوەی لە ئەساس دا خەباتی دەوڵەتی دژی مادده بێهۆشکەرەکان لە ئێران دا خەباتێکی چەواشەکارانەیە. دووهەم ئەوەی کە ئەگەر شتێکیش بە ناوی بەربەرەکانی لە ئێران دژی ئەم دیاردەیە بووبێ، ئەوە خەبات دژی مادده بێهۆشکەرەکان بووە نەك خەباتێك بە مەبەستی بنبڕکردنی ئیعتیاد لە کۆمەڵگادا، چونکە لە بەربەرەکانی دژی مادده بێهۆشکەرەکان دا مەبەست پێشگرتن لە بڵاوبوونەوەی مەوادی مەخەددیرە، لە حاڵێك دا ئیعتیاد ڕەفتارێکی ئینسانی‌یەو پەرچەکرداری فەرهەنگی داوا دەکا.

خەبات دژی مادده بێهۆشکەرەکان لە بەربەرەکانی لە بەرامبەر بەرهەمهێنان، قاچاغ‌و بڵاوبوونەوەی مادده بێهۆشکەرەکان دا کورت دەبێتەوەو پرۆسەیەکی نیزامی‌و پۆلیسی‌یە لە هەمبەر تاوان‌و دیاردەیەکی تاوانبارانە، لە حاڵێك دا خەبات دژی ئیعتیاد خەباتێکی فەرهەنگی ـ کۆمەڵایەتی‌یە بۆ ساخڵەمیی کۆمەڵگا، گەڕاندنەوەی موعتادەکان بۆ ئەم ژینگە ساخڵەمەو نەهێشتنی ئاسەوارەکانی ئەم دیاردەیە. ئیعتیاد نەخۆشی‌یەکی کۆمەڵایەتی‌یە نەك ئێپیدیمی‌یەکی تاوانبارانە، بەڵام لێپرسراوانی ڕێژیم موعتاد وەك تاوانبار سەیر دەکەن نەك نەخۆش. فەرماندەی هێزە ئینتیزامی‌یەکانی ئێران بە تاوانبار کردنی موعتادەکان دەڵێ: "هیچ بەرپرسێك بۆی نیە لە دەرەوەی یاساکانی کۆماری ئیسلامی بئاخوێ‌و موعتاد بە نەخۆش دابنێ. موعتاد کەسێکی تاوانبارە". بەم روانگەیەوە بەربەرەکانی لەگەڵ ئەم دیاردە ماڵوێرانکەرە بێ گومان وەك ئاسنی سارد کوتانە.

قوربانعەلی نەجەف ئابادی وەزیری ئیتلاعات دەست لەکار کێشاوەی خاتەمی‌و دادستانی گشتیی ئێران بەم جۆرە لەمبارەوە دەدوێ کە حەشیمەتی 70 میلیۆنی ئێران بە دەست کێشەی ئیعتیادەوە وەزاڵە هاتوە ئەگەر کرابا 2 میلیۆن موعتادمان لە دوورگەیەك دا کۆکردباوەو لە کۆمەڵگەمان دوور خستبانەوە، ژینگەیەکی ساڵم‌و بە دوور لەو قەیرانەمان بۆ کۆمەڵگای ئێران دروست دەکرد".

ئیعتیاد دیاردەیەکی جیهانی‌یە. ساتوسەودای مەوادی موخەددیر یەکێك لە سەرچاوە بنگەهی‌یەکانی داهاتی ئابووریی جیهانەو ساڵانە 1600 میلیارد دۆلار لە بۆ ئەو سات و سەودایە لە جیهان دا لەگەڕ دایە و بەم جۆرە روانگەی بەرپرسانەی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بەم دیاردەیە، ئاسۆی خەبات دژی ئەم دیاردەیەو کۆمەڵگای ئێران روونە. ڕێگاچارەی روو بە روو بوونەوە لەگەڵ ئەم دیاردەیە لە قۆناغی ئێستادا بەر لە هەموو شتێك پێداچوونەوە بە یاساکانی مامەڵە لەگەڵ ئەم دیاردەیەو گۆڕینی روانینەکان بۆ ئەم پرۆسەیەو پاشان بۆ کۆمەڵگای نوقمی ئیعتیاد لە ئێران دا پتر لە هەموو شتێك کردنەوەی ناوەندەکانی "پەروەردەکردنەوە"، لە پانتایی‌یەکی بەرفراوان دا پێویستە. دابینکردنی ئیمکاناتی وەرزشی‌و تەفریحی بۆ لاوەکان‌و نەهێشتنی بوارەکانی ڕێخۆشکەر بۆ تێوەگلان لە زەلکاوی ئیعتیادو گۆڕانی سیاسەتە فەرهەنگی‌یەکان لە راگەیەنە گشتی‌یەکان بۆ رەهەندی "پێشگرتن" مشوورێکە کە دەبێ کاربەدەستان‌و لێپرساوانی ڕێژیم بیخۆن. کۆنترۆڵکردنی سنوورەکان‌و خەباتی ڕێك خراوو لێپرساوانە دژی قاچاقچی‌یەکانی مەوادی موخەددیریش پێویستی‌یەکی تەواوکەرە. بەڵام ئاخۆ لە ڕێژیمێك کە مانەوەی دەسەڵاتەکەی لە نەبوونی هێزی وشیارو پرسیارکەری کۆمەڵگاو وزەی لاوانی بەرهەڵستکاردا دەبینێتەوەو مانەوەی دەسەڵاتەکەی پێویستی بە هەبوونی کۆمەڵگایەکی نەخۆش‌و قەیراناوی‌یە، لە وەها ڕێژیمێك دەوەشێتەوە کە هەنگاوی کردەیی‌و بەجێ لەم پێناوەدا هەڵگرێ؟ ئامارەکان‌و ڕەوتی خێرای پەرەسەندنی ئەم دیاردەیە لە کۆمەڵگای ئێران دا بە داخەوە وەڵامی "نا" بە ئەم

---

دریژەی هەواڵەکانی کوردستان

## چالاکیی تەبلیغاتیی ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزب مەرگەوەری ورمێ

ماوەیەك لەمەوپێش، ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ناوچەی "مەرگەوەر"ی ورمێ‌دا بە بۆنەی خولی نۆیەمی شانۆسازی هەڵبژاردنی سەرکۆماریی، کۆمەڵێك چالاکیی تەبلیغاتییان لە شێوەی بڵاوکردنەوەی راگەیەندراوی دەفتەری سیاسیی حیزب سەبارەت بە تەحریمی نۆیەمین خولی بەناوهەڵبژاردنی سەرکۆماری، رۆژنامەی "کوردستان"، رۆژنامەی "ئاگری"و CDیەکانی تایبەت بە تەحریمی هەڵبژاردن، لەم شوێنانەی خوارەوەی ناوچەی مەرگەوەردا بەڕێوەبرد:

دیزەی مەرگەوەر، باوان، فلکان، خراسپ، ژاراوا، گردەوان، زێوە، نووێ، سوسناوا، ژەرەژی، کەچەڵەو سەرجەم گوندەکانی دەوروبەر.

شیاوی باسە کە خەڵکی ئازادیخوازو وشیاری ناوچەی مەرگەوەر، پێشوازی گەرمی خۆیان لەم چالاکییانە بە تەحریمی شانۆگەری هەڵبژاردن نیشان دا.

## چالاکیی تەبلیغاتیی ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزب لە سنەو مەریوان

ماوەیەك لەمەوپێش، ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە چالاکی‌یەکی تەبلیغاتی‌دا، CDیەکانی "ئالبۆمی شەهیدانی مەریوان"، "وتووێژی بەڕێز کاك مستەفا هیجری لەگەڵ رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران"و "فیدراڵیزم"یان لە شارەکانی سنەو مەریوان‌و گوندەکانی میانە، نگڵ، نیەر، زونج‌و گڵیەدا بڵاو کردەوە.

# ئەدەبیاتی منالآن یان نووسینی منالآنه

سولەیمان سیابەخت



**پێشەکی:**
گەلی کورد نەتەوەی کۆچ، مەرگ و ژان هەرکات دەرفەتی بووبێ، بووژاوەتەوە و بە رەو پێش چووە. لە بواری ئەدەبیاتی مندالآندا ـ جگە لە ئەفسانە و بابەتە فۆلکۆرییەکان هەر چەند ئەوانیش بۆ مندالآن نەنووسراون، بەلآم بەستێنێکی لە بارن لەگەڵ هەست و زەینی منداڵ و پێشینەی ئەوان بە درێژایی تەمەنی نەتەوەی کوردە ـپچڕپچڕ هەنگاوێکی بەرە و پێش ناوە کە یەکجار جێگای رێزە، هەر چەند نەیتوانیوە ببێتە رەهەندێکی سەربەخۆ.

نووسەرانی ئەدەبیاتی منالآنی ئێمە تەنیا نوێنەری خۆیان بوون و ویست و خواستی گەورەکانیان لەبەر چاو بووە هەتا منالآن.

ئاساییە گەلێك داگیر کرابێ و لە لایەن گەلێکی دیکەوە بچەوسێتەوە پەروەردە و فێرکردنیش تەنیا بۆ چەواشەکاری زەینی منداڵ لە ژینگەکەیان هەنگاو هەڵدەگرێ.

ئەدەبیاتی مندالآنی ئێمە لە چوارچێوەی تەنگی تاکە کەسی و سەلیقەییدا گرفتار بووە و بۆتە قالبێکی کلیشەیی و بەردەوام زەینی مندالآنی کوردی پێ دەپێژن.

منالآنی کوردی رۆژهەلآت لە قوتابخانە سەرەتایییەکان دا یەکەم کارێك کە فێری دەبن خەت خەت کردنی کتێبی دەرسەکان و دزدز کردنی وێنەی لاپەڕەی یەکەمی کتێبەکانیانە.

ئەم کتێبانەی تەنیا بوونە پڕوپاگەندەیەك بۆ دەستەی حاکم و سەیانێ بۆ چوون و قسە پاوانخوازەکانی ئەوان.

لێرەدا ئەرك دەکەوێتە سەرشانی شاعیرە ئەرك وەخۆگرەکان و نووسەرانی ئەدەبیاتی مندالآن کە ئەرکی پەروەردەیی منالآنی خێر نەدیتوی ئەم گەلە چەوساوەیان دەکەوێتە ئەستۆ. دەبێ زیاتر لە هەمیشە هەوڵ بدەن بۆ ئەروەردەکردنی منالآنی بێ بەشی گەلەکەمان لە رێگای ئەدەبیاتەوە

**تایبەتمەندییەکانی ئەدەبیاتی مندالآن**

لە ئەدەبیاتی مندالآندا دوو کەسن قسە دەکەن:

1ـ نووسەر
2ـ مناڵ

نووسەری گەورە ساڵ لە دنیای تایبەتی خۆی و نوێنەری کەڵکەڵەی گەورەکان و منالیش کەڵکەڵەی منالی و دنیای ساکاری و بێ ئەزموونی.

(چەیمەن) ئەم دوو کەسە بە کۆڵەکەی ئەدەبیاتی منالآن دەزانێ و هاوسەنگی نێوانیان بە پێشکەوتنی ئەدەبیاتی مندالآن و تێگەیشتنی ئەم دوانە بە سەرکەوتنی ئەدەبیاتی منالآن دەزانێ. ئەو باوەڕی وایە لابردنی هەر یەك لەم کۆڵەکانە ئەدەبیاتی مندالآن تووشی قەیران دەکا و گوێنەدان بە ویستی هەرکام لەو دوو کەسانە لە لایەن رەخنەگرانەوە جێ بە رەخنەش لێژ دەکەن و هەروەها بۆ زیاتر روونکردنەوەی روانگەی خۆی ئەو ئۆلگوویە پێشنیار دەکا.

نووسەری راستی ـ نووسەری شاراوە ← وێژەر (راوی) ← بیسەر ← خوێنەری شاراوە ← ـ خوێنەری راستی

نووسەر رووی قسەی لە خوێنەری شاراوە واتە منالە. بەڵام گوێنەدان بە ئەو خوێنەرە شاراوەیە یان خراپ حاڵی بوون لە واتای منالی یان و رەتکردنەوەی لە لایەن نووسەرانەوە ئەدەبیاتی منالآن تووشی بنبەست دەکا.

(باربارا وال) لە چاو پێداخشاندنەوەی بەسەر ئەو ئۆلگوویەدا سێ شێوە نووسین بۆ منالآن دیاری دەکا.

1ـ نووسەرانێك کە تەنیا بۆ منالآن دەنووسن کاریان بەوە نیە کە گەورەکانیش بتوانن بیخوێننەوە و چێژی لێ وەردەگرن.

2ـ نووسەرانێك کە تێ دەکۆشن بە کەڵك وەرگرتن لە منالآن کە خوێنەری شاراوە بن لەسەر گەورەکانیش کە خوێنەری گەورە ساڵی شاراوەن شوێن دانێن.

3- نووسەرانێك کە هەردووك لایان مەبەستە و تێ دەکۆشن لەسەر هەردووك لا بە یەك شێوە شوێن دانەر بن.

«چەمبرز» دەڵێ ئەدەبیاتی مناڵ دوو کەسیە ...

یەکەم مناڵ: کە بە هیچ شێوەیەك لە دەقدا ناوی نیە، مەگەر بە شێوەی شاراوە. هەر وەها بۆ خۆشی دەقەکە ناخوێنێتەوە کە واتا هەر دەرفەتێکی ئەدەبی منالآن پێوەندی بە روانگەی نووسەرەوە لە بارەی منالیەوە هەیە.

منال کێیە و منال چیە؟

> **ئەدەبیاتی منالآن گەورەکان دەینووسن کەواتە دەستکردە و درۆزنانەیە و شتێك بەو ناوە نەبووە و نیە**

مناڵ، کچە، کوژە، دێهاتیە، شارستانیە، فەقیرە، دەوڵەمەندە، تێرە یان برسیە و هەروەها دایك وبابی هەیە یان نیەتی.

**واتای منالی «ساکاری و ئەزموون»**

مناڵ لە روانگەی پەروەردە و فێرکردنەوە:

ئەوەی کە فەلسەفەی ئەدەبیاتی منالآن دەچێتە ناو خانەی پەروەردە و فێرکردنەوە یان ناچێ باسێکی جیایە.

بەلآم لە وەاتی ئێمەدا کە پەروەردە و فێرکردن لە دەست تاقمێکی پاوانخواز دایە و لە ژێر چاوەدێری و ویستی ئەواندا وەك ماشێنێك چاو لە پەروەردە و فێرکردن دەکرێ بۆ ئەوەی مرۆڤێك کە ئەوان دەیخوازن و دەیانەوێ پەروەردە بکا ئیتر ئەدەبیاتی منالآن لەو ژینگەدا شتێکی دەستکرد و جێگەی باوەڕ نیە.

بە تایبەت کە ئیسلامیش منالی پێ نابالغ و بە فیتنەیەکی دەزانێ کە دراوە بە دایك و باب.

سوقرات بە چاوێکی سووك دەڕوانێتە منالآن و چونکە ئەوان پێش بە هیچ هەستێکی خۆیان ناگرن و بە گوێرەی ئەو هەستە بزۆزەیان دەچنە پێشێ، ئەوان بە باش نازانێ.

هەروەها ئەفلاتوونیش لە کۆمارەکەی خۆیدا جێگە بە منال نادا. بەو پێیە نابێ چاوەڕوانی هیچ جۆرە گۆڕانێك لە ئەدەبیاتی منالآندا بین مەگەر ئەوەی کە گۆڕان لە چۆنیەتی واتای منالیدا پێك بێنین.

مناڵ لەگەڵ ئەوەدا کە ساکار و زووباوەڕە جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ ساویلکەیی گەورە ساڵآن هەیە. نابێ بترسین لە ئەوەی کە ئەدەبیات پێش لە بەرەوپێش چوونیان دەگرێ و ئەوان لە ساکاری خۆیاندا رادەگرێ.

ساکاریی منالآن هاوڕێ لەگەڵ دنیای منداڵی و کەم ئەزموونی و دەگەشێیە بەلآم ساویلکەیی گەورەکان گەوجیەتیە.

**دووهەم کەس**

ئێمە پرسی منالآن و پرسی گەورەکان لە یەك زمانەوە دەبیستین. ئەدەبیاتی منالآن مناڵ نایینووسن. بەلآم ئەفرێنەر و بەردەنگ زۆر لەیەك نزیکن. لە ئەدەبیاتی کرێکاری، نەتەوەیی و شۆڕشگێڕیدا کەسێك بە نوێنەرایەتی وان کەسێکی وەك خۆیان بە هەست و باوەڕ و ویست و پێداویستیەکانی ئەوانەوە بۆیان دەنووسێ بەلآم لە ئەدەبیاتی منالآندا ئەوە مناڵ نیە دەنووسێ و پەسند دەکا و رەخنە دەگرێ ئەدەبیاتی مناڵ زۆرتر وەك ئامرازێکە بۆ گەورەکان هەتا بە ویست و داخوازی ئەوان هەر چۆنێك پێیان خۆش بێ بەردەنگ هان بدەن. دیسان ئەگەر منال خۆشیان بنووسن چۆن منال کەسایەتییەکی سەربەخۆ نیە ئەوەی دایك و باوك یان گەورەکان پێیان خۆش نەبێ پەسند ناکرێ و بۆی ناکێشن و ناخوێندرێتەوە.

بەداخەوە لێرە وەك باشترین نووسراوە بۆ مندالآن ئەو نووسراوەیە بە شێوەك نووسرابێ کە گەورەکان بیری لێدەکەنەوە و دەستەی حاکم لە خەیالی دایە و ...

«ژاکلین» دەڵێ چونکە ئەدەبیاتی منالآن گەورەکان دەینووسن دەستکردە و درۆزنە و شتێك بەو ناوە نەبووە و نیە.

**ئەدەبیاتی منالآن لەخۆیدا بار هێنەرانەیە.**

نووسەر دەقی ئەدەبی خۆی بێ هیچ ئامانجێك ناداتە دەرێ، ئەو دەیەوێ ئەزموونێك بداتە دەست مناڵ. نووسەری گەورەساڵ بە هۆی دەقە ئەدەبی یەکەیەوە لەگەڵ مناڵ لە پێوەندی دایە و ئەو دەقە گۆڕانێك بەسەر زەینی ساکاری منالدا دەهێنێ، بیەوێ یا نەیەوێ، روانگەی مناڵ دەگۆڕێ بە شێوەیەك کە نووسەری گەورەساڵ مەبەستییەتی.

«چەمبەرز» سەرکەوتنی دەق بە رێککەوتنی نێوان نووسەر و خوێنەری شاراوە دەزانێ.

**تایبەتمەندییەکانی فەلسەفەی ئەدەبیاتی منالآن و پرسەکانی:**

هەر شتێك فەلسەفەی تایبەتی خۆی هەیە ـ لێرەدا نامانەوێ باسی ئەوە بکەن چۆنی فەلسەفە فێری مندالآن بکەین.

فەلسەفەی ئەدەبیاتی زارۆك فەلسەفەیەکی ناوچەییە. هانت دەڵێ بیرۆکەی ئەدەبیاتی منالآن ناتوانێ بیرۆکەیەکی نەگۆڕ بێ.

ئەدەبیات لە هەمبەر کێشەی جیهانی بوون دایە بەلآم ئەدەبیاتی منالآن پێبەندی ناوچە و ولآتی تایبەت بە خۆیەتی.

بۆ وێنە کاتێك باسی سەگ دەکرێ، لە زەینی منالێکی دێهاتی دا سەگ جۆرێکە و لە روانگەی شارستانیەك بە شێوەیەکی دی و لە روانگەی سوێدییەك شتێکی دیکە.

ئەدەبیاتێك بۆ منال سەرکەوتووە کە ولآم دەرەوەی پێداویستییەکانی ئەو کۆمەڵگایە بێ کە منال تێیدایەو بۆ کردنەوەی گرێ پووچکەکانی تایبەتی ژیان منالآنی ئەو کۆمەڵگایە بێ.

ئەدەبیاتی زارۆك چونکە تایبەتە بە چۆنیەتی راڤە کردنی مانای منالی لە لایەن نووسەرەوە فەلسەفەیەکی نەگۆڕ و داسەپاو نیە. فەلسەفەی ئەدەبیاتی زارۆك بۆ

> **نووسەر لە بواری منالآن تا لە ئەدەبیات نزیك بێتەوە لە منال دوور ئەکەوێتەوە، لە منالیش نزیك بێتەوە لە ئەدەبیات دوور دەبێتەوە.**

ئەوەی بژی پێویستی بە منالە و شیکاری و رێ پێشاندانە کە واتە شتێکی هاندەرانەیە.

ئەدەبیاتی زارۆك بە پێی ئەوەی کە پێویستی بە ناسین منال و ناسینی هەستی منال و ویستی منالە و ... هەیە. لە فەلسەفەی پەروەردە و فێرکردنەوە نزیکترە هەتا ئەدەبیات.

**ـ پرسەکانی فەلسەفەی ئەدەبیاتی منالآن**

لە ئەدەبیاتی زارۆکدا گەورەکان و دەستی ئەوان لە لایەك و منالآن و ویستی ئەوان لە لایەکە. کەواتە ئەدەبیاتی زارۆك دوولایەنەیە منال گوێگر و گەورە نووسەر هەر وەك پەروەردە و فێرکردن

لە بەرامبەر ئەم پرسیارە دژ بە یەکانە راوەستا

(ئازادی ـ سوننەت) (تازەگەری ـ ناوچەیی بوون)
(بەگوێ بوون ـ سەربەخۆ بوون)
(منال بوون ـ ئەدەبی بوون)

هانت دەڵێ ئەدەبیاتی زارۆك خۆی تێئۆریزە بکا وەك شاخەیەك لە ساختارێك بوونی خۆی دەباتە ژێر پرسیار و ئەگەر وەك لقێك لە پەروەردە و فێرکردن بمێنێتەوە ئازادیی خۆی لەدەست دەدا.

کەوابوو نووسەر تا لە ئەدەبیات نزیك بێتەوە لە منالی دوور ئەکەوێتەوە، لە منالیش نزیك بێتەوە لە ئەدەبیات دوور دەبێتەوە.

ئەدەبیات بە گشتی کێشەی جیهانی بوونی هەیە بەلآم فەلسەفەی ئەدەبیاتی منالآن خۆی ناوچەییە.

ــ وەك باسمان کرد ئەدەبیاتی زارۆك و ئەدەبیات بە گشتی لەیەك راستا دان بەلآم جیاوازیەکیان هەیە ئەویش لەبەر خوێنەری تایبەتی و فەلسەفەی تایبەت بە خۆیانەوە کە ئەدەبیاتی زارۆك لە ئەدەبیات بە مانای گشتی دوور دەکەوێتەوە. مەبەستی ئەدەبیاتی زارۆك پێوەندی گرتن لەگەڵ منالە و ئەوەش باسێکی دەروونناسیە کەس ناتوانێ شتێك بە زۆر بەسەر منال دابسەپێنێ.

هەدەف لە نێو ئەدەبیاتی زارۆك دا شاراوەیە و ئەو شتە لە ناو دڵی منالیش دا شاراوەیە.

ــ هەر دەقێکی ئەدەبی منالآن رێگایەك دەپێوێ کە منال دەبێ لە ژیانی خۆی دا بیپێوێ کەواتە دوو شتی وەك یەك لە هەر کیان دا هەیە و لە هەردووکیان دا شاراوەیە! هاو تەریب لەسەر یەك رێگە دەچنە پێش و لە دنیای ساکاری منالآندا بەرەو ئەزموونێکی تایبەتی.

لەو رێگەیەدا هەر کامیان تەواوکەری ئەویتریانن ئەو تایبەتمەندیانەی لە دەقی ئەدەبی منالآنندا شاراوەن لە دەرەوە ناخزێندرێنە نێو دەقەکە و ئەو شتە دەروونییەی لە دڵی منالیشدا هەیە شتێکی دەرەکی نیە و لەگەڵ ژیانی تێکەڵە.

ــ ئەدەبیاتێك سەرکەوتووە بۆ منالآن بێ و منال بێ و لەگەڵ زارۆك و ژیان زارۆك پێوەندی بگرێ. نووسەر کە بزانێ چ شتێك هەیە منال هان بدا کە بخوێنێتەوە یان چ شتێکی خۆی لە ناو دەقێکی ئەدەبی دا دەبینێتەوە کە وەدوای دەکەوێ و لەگەڵ ئەوەی دا منال گەورە دەبێ گۆڕانێکی بەسەردا دێ بەلآم دەقی ئەدەبی ناگۆڕدرێ و ئەوە منالە روانگەی رۆژبەرۆژ سەبارەت بە دەق و دنیا و دەوروبەر لە گۆڕان دایە. رۆژێك دێ ئاوڕێك لە ژیانی رابردووی بداتەوە و خۆی ئەم ئەدەبیاتەی کە لەگەڵی گەورەبووە بداتە بەر سەرنجی رەخنە. لە بارەی نووسەرانی ئەم ئەدەبیاتەشەوە عادڵترین قازی گەورەکانی داهاتوومان بڕیار دەدەن.

سەرچاوەکان:

1ـ معصومیت و تجربه د. مرتضی خسرونژاد
2ـ ساختار و تأویل متن بابك احمدی
2ــ مخاطب شناسی در ادبیات کودك د.یونس شکرخواه

تێبینی: ئەو بابەتە لە ژمارە 50ی گوڤاری مەهاباد دا بلاو بووتەوە. لەبەر گرینگی باسەکە بە پێویستمان زانی جارێکی دیکە بلاوی کەینەوە.

# هەڵپەرکێ ئاوێنەی هەستی مرۆڤە

ن: شاهین ئەحمەدی شاد

و/لە فارسییەوە: شەریف فەلاح (هێژا)



گرووپی هەڵپەڕکێی ڕۆژهەڵات

**هەڵپەرکێ ئاوێنەی هەستی مرۆڤە**

هونەر، گۆرانی و مۆسیقا خاوەنی هەست و چێژ و جوانییەکی تایبەتن و دەنگی خۆش و شێعری جوان و پڕمانا و هەستی بەرز ئەگەر لەگەڵ لەنجە و لار و جوولەی لەش دا تێکەڵ بێ، لەسەر جەستە و رۆحی مرۆڤ کاریگەرییەکی قووڵ و دادەنێ و هیچ کاتێ لەبیر ناچێتەوە. گۆرانی پڕ لە سۆز و دەنگی دەهۆڵ ئەگەر بە شێوەیەکی جوان برازێتەوە و لەگەڵ لەنجە و لاری کێژی لادێ دا تێکەڵ ببێ، رەنگە ساڵەهای ساڵ لە دەڵی هەر خاوەن هەستێکا نەقش ببەستێ و بمێنێتەوە. هەر گەل و نەتەوەیەك کە خاوەنی فەرهەنگێکی و دەوڵەمەند و رەسەنایەتی هونەری بێ، شانازی و پێگەیەکی بەرزی دەبێ و لە راستی دا یەکێك لە فاکتەرەکانی ناسینی چەندایەتی و پێگەی رەسەنایەتیی ئەو گەلەیە و ئاوێنەیەکە کە کەلتوور و مەقامی بەرزی ئەو گەلە تیایدا رەنگ دەداتەوە.

"هەڵپەرکێ" هیچ کاتێ بە مانای "رقص" نییە. چونکە جولەی لەش و رواڵەتی ئەو کەسە دەگەیەنێ کە هەڵدەپەڕێ. بەلام چونکە وشەی "هەڵپەرکێ" واتایەکی فارسی نییە. بە ناچاری بۆ باش تێگەیشتنی فارس زمانان "رقص کردی" بەکار دێنن کە ئەم وشەیە بە تەواوەتی هەڵەیە. هەڵپەرکێ یانی هەڵبەز و دابەزو هێرش کردن.

وشەگەلی "هەڵپەرکێ" و "هەڵپەرین" و "هەڵپەرە" کە لە فارسی دا رقص، رقصیدن و برقص مانا دەدا. جهش، جهیدن و "بەجە" دەگەیەنێ.

"هەڵپەرکێ" ریشەی لە ئایینی کۆنی سەردەمی میترا دا هەیە. چونکە بەپێی سەرچاوەی بەدەست هاتووی ئەو سەردەمە هەر کاتێ شەڕێك رووی دەدا لە کۆتایی دا شەرکەوان لە شوێنێك روو بە خۆر یا لە دەوروبەری نمادێك لە خۆر چۆنیەتی ئەو شەڕەیان بەبێ قسە و وتە بە جوولەی شانۆیی بۆ خۆر دەگێرایەوە. ئێستا ئەو باسەتان لەلا بێ تا لەگەڵ هەڵپەرکێ دا بەراوردی دەکەین. 1- دەهۆڵ خڕە و دەتوانێت نمادێك لە خۆر بێت 2- سەرچۆپی کێش کە نەفەری یەکەمی هەڵپەرکێیە لەراستی دا مەیدانداری و رێبەریی لەسەرشانە و هەروەکوو سەردارێك لە مەیدانی شەڕ و بەربەرەکانێ دا بڕیار دەدا. 3- لە مەیدانی هەڵپەرکێ دا زنجیرە مەراتیب لە قەدیمەوە هەبوو و سەردار، رێبەریان مەیداندار دەبێ لە خەڵکانی تر جودا بێ رەنگە بەم هۆوە بێ کە سەرچۆپی کێش لە ئەوانی تر جودایە و دەستماڵێکی درێژ کە لە نێوان ئەو و هەڵپەرکێکەرانی دیکە دایە ئەم جوداییە. نیشان دەدرێ، لە جووڵە و راوەشاندنی چۆپی دا. سەرچۆپی کێش دەستماڵەکەی بە تەواوی وەکوو شمشێرە کە رەنگە بە ئیحتیماڵی زۆر لە چاخی کۆن دا بەجێی دەستماڵ شمشێریان بەکار هێنابێ و مەودای نێوان سەرچۆپی و ئەوانی تر بە سپەرێك لێك جودا کراوەتەوە. هەڵپەرکێی کوردی بە چەند بەشێکی سەرەکی دابەش دەکرێ: 1- گەڕیان. گەریان لە زمانی کوردی دا بە مانای گەشت و گوزار، گەڕان و رۆیشتنە و جووڵەکانی ئەم شێوەیەش مانای گەشت و گەڕان لە هزر و زەین دا دووبارە دەکاتەوە. مانای هاوشێوەی گەریان یا رۆیشتن بۆ مەیدانی شەڕ. یانی کەوتینە رێ و رۆیشتین. لەم شێوە هەڵپەرکێیەدا ژیان بە هەموو سەختی و ئازارەکانییەوە رەنگی داوەتەوە و ئەزموونەکان بۆ رووبەروو بوونەوە لەگەڵ رەنج و سەختی یەکان نیشان دەدا.

2- پشت پا: کاتێ گەریان تۆزێ توندتر و خێراتر دەبێتەوە، پشت پا دەست پێ دەکا کە لە ناوچە کورد نشینەکان دا زیاتر پیاوان بەم شێوەیە هەڵدەپەڕن. مانای سەرەکی و هاوشێوەی مرۆڤ رادەکێشێ بۆ بەدەست هێنانی ئەزموونی بەکەڵك نەوەکوو لە ژیان دا مرۆڤ گەلێك پشت پا و خەنجەری لێ بدا.

3- هەڵگرتن یان گەڕیانی توند: ئەم شێوەیە زۆر چالاکانەو پڕ جموجووڵ بەڕێوە دەبرێ. لەم شێوەیەدا مرۆڤی هەڵسووڕ کە بەرەو ئامانج هەنگاو هەڵدێنێ نیشان دەدرێ، مانای سەرەکی و هاوشێوەی هەر چەشنە سڕی و بێ وازی و خەمێك دەسڕێتەوە و لەسەر بایەخی ئامانج داری لە ژیان دا پێ دادەگرێ.

4- فەتاح پاشایی: بە شێوەی زۆر گرژ و توند لە ناوچەی سنە و لەیلاخ دا بەڕێوە دەبرێ. ئاهەنگی ئەو شێوەیە لە هەموو ناوچەکاندا بە یەك شێوە لێ دەدرێ. مانای هاوشێوە و سەرەکییەکی دەربڕینی شادی و خۆشحالی بەبۆنی بەدەست هێنانی سەرکەوتن و پیرۆزی و گەیشتن لە ئامانجە.

5- چەپی: هەروا کە روون و ئاشکرایە، بە مانای چەپە، لەم شێوە هەڵپەرکێیەدا لای چەپی لەش کە لە کار و تێکوشانی رۆژانە دا کەمتر کارایی هەیە، دەکەوێتە جوولە و هەڵسووڕان. مانای سەرەکی نمادینی ئەم شێوە هەڵپەڕکێیە، توانا و وزە دانە بە لای چەپی لەش کە لە کاروباری رۆژانەدا کەمتر دەجووڵێ وکارایی کەمترە.

6- شەلان: لەم شێوەیەدا شکستێك نیشان دەدرێ و سەرچۆپی کێش لەگەڵ دەنگی خەماوی سوڕناکەدا حالەتێکی دەردەدار و خەماوی بەخۆوە دەگرێ و بە شەلەشەل بەڕێ دەکەوێ. مانای سەرەکیی شەلان: هوشدار و بە ئاگاهێنانەوەیە لە شکستەکان لە هەموو قۆناغەکانی ژیان دایە و هەروەها پێویستیی بوونی توانایی و خۆراگرییە لە بەرامبەر کێشە و ئازارەکانی ژیان دا.

7- سێ جار: بە مانای سێ پێیە و لەم شێوەیەدا پێیەکان سێ جار لە زەوی بەرز دەبێتەوە و دووبارە بە شێوەیەکی هونەریانە لە عەرز دەدرێن ئەم شێوەیە زیاتر خەڵکی سنە و دەوروبەری پێ هەڵدەپەڕن. مانای سەرەکی و هاوشێوەکەی داکۆکی و تەئکید کردنە بە سێ ئەسڵی کرداری چاکە، وتەی چاکە و هەڵسوکەوتی چاکە یە.

لێرەدا جێگای هەیە کە لە لاوان و هۆگرانی هەڵپەرکێ ئەم هونەرە رەسەن و جوان و سەرنج راکێشە داوا بکەین وەك هەمیشە لە مەیدانی خەبات دا بوون و بۆ پاراستنی فەرهەنگ و داب و نەریتی پڕ لە شانازی گەلەکەمان هەوڵیان داوە لەمەوبەدواش بۆ زیندوو کردنەوەی جۆرەکانی هەڵپەرکێ هەوڵ بدەن و خۆ ماندوو بکەن و نەهێڵن ئەم رەسەنایەتی و ناسنامە فەرهەنگییە کەمڕەنگ ببێت و وەك شوناس و ناسنامەیەکی مێژوویی و نەتەوەیی چاوی لێ بکەن و بە شێوەیەکی زانستیانە و ئەمرۆییانە کاری لەسەر بکەن و بە نەسڵ و نەوەی داهاتووی بسپێرن.

سەرچاوە: مانگنامەی خوێندکارانی کوردی زانکۆی کوردستان (سنە)

---

کورتە چیرۆك

# "شەرمێکی ......."

هیدایەت جان

**قژی نەرمت وەکو وتاری خۆرەتاو بەسەر شانوو قۆڵی سپیت پرش و خاو**
**نەغمەی شیرین ئاوازی خۆش لە دەنگە ورشەی شەرم لەناو چاوێکی مەنگە**
**خەیاڵێکی کاڵ، نەقشێکی جوان لە ....**

تۆزێ دەنگی کز دەکەی و دەست بۆ پاکەتەکە دەبەی و سوکێ جگەرەیەك پێ دەکەی.

جگەرە ؟! ...

خۆ تۆ جگەرەت نەدەکێشا!! بەلاّم ناشکرێ هەر لەسەر عادتی پێشوت بمێنی. تۆش مرۆڤێکی و مرۆڤ هەمیشە لە حالی ئاڵوگۆڕ دایە. سەیرەکەی ئەوەیە لەم کاول بووەدا گۆڕانەکان هەموو بەرەو خراپی دەچێت. سەرت دەکەیە سەر بالنجە رەنگ بزرکاوەکەت و چاوت لە میچی ژوورەکەت دەبڕی. تێکەڵبوونی شۆقی چراکان لە چاوت دا رەنگێکی لێڵ و نامۆ ساز دەکات. رەنگێکی هەزاران رەنگ.

سوور... سەوز... شین...

دەگەڵ ئەوەدا کەچاوەکانت وێك دەنێی کۆمەڵێك چین و چرۆك وەك خەرمانە دەوری دەدەن. ئەوسا بزەیەکی تاڵ هەروژم دێنێ و دوای مل ملانێکی زۆر لێوەکانت داگیر دەکات. ددانە زەرد و پەك کەوتەکانت لەژێر لێوت دا بە شەرمەوە خۆ وەدیار دەخەن و تۆش خێرا دەیانشاری یەوە.

بەلاّم ئێستێ کەی باوی شەرمە؟! کاتی جێی گۆرکێ کردن شەرمیش جێی خۆی دا بە گەمژەیی.

ئێستا لەسەردەمی گەمژە بوون و ئۆقدەکان دا تۆ توشی وەها شەرمێك بووی کە هەرگیز ناتوانی خۆی لێ دەرباز کەی بەلاّم گرینگ ئەوەیە کە ئەو شەرمە ئێستا لەناو دەروونی تۆ دا هەیە.

مژێك لە جگەرەکەت دەدەی و لەسەر جێگەکەت راست دەبێوە. دەنگی دەدەیەی..

وای لێ دەکا بێتە سەماو گۆرانی بلەرزێنێ تەلی ئاوازە......

شریتەکە دەگەڵ خۆی دەتبا. کە وەخۆ دێیەوە تەواو بووە. بەلام تۆ دیسان دەی گەرێنیەوە دواوە و دەگەڵی دەڕۆی.

زۆر دەترسی!!! بلێی تا کەی ئەوا درێژەی هەبێ؟

ئەشقێکی یەك لایەنە و خۆشەویستێکی لە ڕادەبەدەر. من لەوە تێناگەم، ئەوە دەبی چ شەرمێك بێ کە ئیزنی ئەوە نادا بە خۆشەویستەکەت بلێی خۆشم دەوێی؟

کاتێ دەگەرێیتەوە بۆ رابردوو بیری لێ دەکەیەوە کۆمەڵێك کێشەت بۆ دێنە پێش و دەگەڵ خۆت دەلێی و دەیلێییەوە. ئەو شەرمەی خۆشەویستەکەت لێ بستێنێ لە راستیدا ئەوە هەمان گەمژەییێکەیە.

جاری یەکەم نەبوو دەت گەوزاند و دەت تلاندەوە.

یەکەم جار کە هێناتە ژورەکەت وەك بینی ئاو دەلەرزێی.

هەر دوو گۆنای سوور هەڵ گەڕابوون و شانەکانی توانای ڕاگرتنی سەریان نەبوو.

خۆشەویستی تاوانێکی گەورەیە! وەها گەورە کە ئێستا سزایەکی بۆ دیاری نەکراوە. دەگەڵ چاوت پێی کەوت رەنگێکت بە ڕووە نەما و خێرا کێشاتە نێو دیوەکەت. هەر ئەم جارە نەهات بۆ لات. ئاخر جار بە دڵ پڕی بەجێی هێشتی. ئاخر تۆزێ دڵ ناسکە و جار جاریش لەخۆوە دەتۆرێ بەلام زۆربەی کاتەکان دەم بە پێکەنینە. زۆر جاریش قسەی پێکەنینت بۆ دەگێڕێتەوە. تۆ زیاتر بە بیرەوەری گێرانەوەی سەردەمی منداڵی تێك دەچووی و خێرا باسەکەت دەگۆڕی. دەستت بە قژی دا دێنا و لێوت بۆ لێوەکانی دەبرد. نیگاکانتان وا لە یەك دەئاڵقان تەنانەت دەروونی پڕ لە ترسی یەکتروو دەخوێندەوە. ئەوسا دوگمەکانی یەك یەکە بۆ دەترازاندی و تۆش...

تۆش تەنیا لە خەیاڵت دا دەت وێرا دەستدرێژی بکەی. چاوەکانت ماندوون و بێ خەوی تەواوی لەشی داهێزاندووی.

تۆ دەبێ کۆتایی بەم کێشەیە بێنی. خۆ خۆت زۆرت حەز لێیە بەلاّم نازانم....

منیش سەرم لێ شێواوە. سەرم وا شێواوە نازانم چۆن کۆتایی پێ بێنم. بە شەکەتی دەست دەبەی و سەرلە نوێ شریتەکە دەخەیەوە پێش. جگەرەکەت دەنێو ژێر جگەرەکە دا دەکوژێنێوە. بە ئەسپایی رادەکشێی ئەوسا دەنگی بەرز دەکەیەوە و خۆشت بە دەنگێکی بەرز دەگەڵی دەیلێیەوە:

**قژی نەرمت وەکو وتاری خۆرەتاو بەسەر شانوو قۆلی سپیت پڕش و خاو**
**نەغمەی شیرین و ئاوازی خۆش لەدەنگە ورشەی سرنج لە ناو چاوێکی مەنگە**
**خاڵێکی کاڵ، نەقشێکی جوان لە سەر روو بەژن و بالات وردیلە و رێك و هەل چوو**
**زەردەخەنەی ئەو روو ئەو لێوە فریشتەیە ئی ئەو دڵە بزێوە**
**وای لێ ئەکا بێتە سەماو گۆرانی بلەرزێنێ تەلی ئاوازی جوانی**
**درەختەکەی سەر کانێکەی باغی چەم پێ ئەکەنێ گەلای ئەڵێ پڕ بەدەم**
**لەبیرمانە منالّ بووین لەناو باخا زەردەی دەما ئەیدا لە پشتی داخا**
**تۆ بنوارە ئەم کانیە نازدارە ئێستێش وێنەی هەردووکمانی تیا دیارە**

# ناسیونالیزمی مەدەنی،
# یان گەڵاڵەیەك بۆ سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی کورد؟

سەرکاو

بەشی شازدەهەم

ئەگەر چاوێك بە مێژووی ئێران بە تایبەت پاش هەرەسهێنانی ئیمپڕاتووریی ساسانی‌دا بخشێنین، بە روونی ئەو راستی‌یەمان بۆ دەردەکەوێ کە بۆ ماوەیەکی چەند سەد ساڵە ژمارەیەك فەرمانڕەوایی لاوازو بچووکی ناوچەیی سەریان هەڵ دا کە زۆربەیان تا سەرئیسقان گەندەڵ بوون‌و تەنانەت نەك هەر تەنایی‌یەکی ئەوتۆ لە چوارچێوەی ئەو فەرمانڕەوایی‌یانەدا نەدەبینرا، بەڵکوو زۆر جار وەزیرانی ئەو دەسەڵاتانەش دەبوونە قوربانیی کێشەو ئاژاوە ناوەکی‌یەکانی نێو دەسەڵات. دیارە لە دەستودارێکی وادا ناکرێ چاوەڕوانیی پێشکەوتن‌و گۆڕانکاری بە قازانجی کۆمەڵانی خەڵك لە دەسەڵاتگەلی بێ‌بناخەو لەرزۆك بکرێ. عەلی بەرزگەر لەم پێوەندی‌یەدا دەڵـێ: "یەکێك لە کێشەکانی فەرمانڕەوایی لە ئێرانی پشت ساسانی‌یەکان، ناجێگیری‌یە. هەخامەنشی‌یەکان 220، ئەشکانی‌یەکان 476 ساڵ‌و ساسانییەکان 415 ساڵ لە ئێران دا دەسەڵاتیان بەدەستەوە بووە. پاش ساسانییەکان 859 ساڵ دەخایەنێ تا سەفەوی‌یەکان بێنە سەرکار. کە تاقە زنجیرە فەرمانڕەوان کە پتر لە دوو سەد ساڵ (217) دەسەڵاتدار دەبن. زۆربەی زنجیرە دەسەڵاتدارەکانی ئێران لە پاش ساسانییەکان. خۆجێی بوون‌و تەنانەت لە سنووری خۆشیان دا بۆ دەمێکی کورت دەسەڵاتدارەتییان کرد. بۆ نموونە تاهیریان 52 ساڵ، سەفاریان 31 ساڵ، سامانیان 96 ساڵ . . . غەزنەوییەکان 51 ساڵ، خوارەزمشاهیان 69 ساڵ، ئیلخانان 79 ساڵ، ئاق قویونلوو (پەزی سپی) 35 ساڵ، قەرە قویونلوو (پەزی رەش) 90 ساڵ، ئەفشار 11 ساڵ، زەندی‌یەکان 44 ساڵ، قاجار 29 ساڵ،و پەهلەوی 54 ساڵ". (1)

دوکتور سادیقی زیبا کەلام نەبوونی تەنایی‌ی کۆمەڵایەتی‌و مافەکانی تاك بە یەکێك لە هۆیەکانی کۆجێبوونی دەسەڵات لە دەستی حکوومەت‌و بە کێشەیەکی گەورەی کۆمەڵایەتیی لە ئێران دەزانێ‌و سەبارەت بە فەرمانڕەوایانی ئێران دەڵـێ: "ئەوان نە ئەزموونێکی ئەوتۆیان لە کاروباری بەڕێوەبەریی وڵات دا هەبووو نە شارەزایی‌یەکی ئەوتۆشیان لە راپەڕاندنی ئەرکە حکوومەتی‌یەکان داو یان لە کاروباری ماڵی دا هەبوو. هونەرو شارەزایی ئەوان تەنیا لە شەڕکردن‌و کاروباری نیزامی‌و لێوەشاوەیی ئەوان لە ئەرکی بەڕێوەبەری، لە رێکخستنی کاروباری نیزامی‌و پارڤەکردنی دەسکەوتەکانی شەڕ بە شێوەیەکی رێکوپێك لە نێوان شەڕکەرەکانیان دا قەتیس دەمایەوە. ئەوان بە شێوەیەکی ئاسایی کاروباری نیزامی‌و کێشە پێوەندارەکان بە شەڕو ئاشتی‌و هەناردنی لەشکر، بەخشینی زەوی‌و زار، دانی ئەقتاع، سزادانی سەرپێچی‌کەران‌و لێکردنەوەی سەری دوژمنانیان بۆ خۆیان ئەنجام دەدا".(2) لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە پێشێ کە داخوا کاروباری وڵات بەم ئاستە نزمەی توانایی کاربەدەستان جێبەجێ دەبوو. وەڵامەکەی "نا"یە، ئەوان بۆ تەژی کردنەوەی ئەم بۆشایی‌یە گرنگەو بۆ هەڵسووڕاندنی کاروباری وڵات وەزیرێکی تایبەتیان دادەنا. زیبا کەلام لەم بارەیەوە دەنووسێ: "بەشێوەیەکی سروشتی لەم رەوشەدا چاوەڕوانی‌یەك کە دەکرێ ئەوەیە کە لە بەرناشارەزایی کاربەدەستان لە کاروباری بەڕێوەبەری‌دا، پشت بە وەزیری تایبەت ببەستن‌و بۆیە، پێویست بوو کە وەزیرەکە جێگەیەکی سیاسی‌و تەنایی‌یەکی کۆمەڵایەتیی تایبەتی هەبێ، بەڵام واقعییەت بە دەیان فەرسەخ لەم کۆبەندە ژیرانەیەوە بەدوورە. بە پێچەوانەی گرنگایەتی [وەزیر] بۆ دەزگای دەوڵەت‌و پاشا، بەڕێوەبەران‌و کاربەدەستان بە گشتی‌و بە تایبەت وەزیرەکان کەمترین تەنایی کۆمەڵایەتی‌و پێشەیی‌یان نەبوو، ئەوان بە ئاماژەیەکی سوڵتان لە چاوترووکانێك دا نەك هەر گەورەیی، شکۆو دەسەڵات‌و سامانەکەیان لە دەست دەچوو، بەڵکوو زۆرجار گیانی خۆشیان لەسەر پلەو پایەکەیان دادەنا. بۆ نموونە لەو 6 وەزیرەی کە لە ماوەی نزیك بە چل ساڵ دەسەڵاتی غەزنەوی‌یەکان دا خزمەتیان بەوان کرد، چواریان کوژران‌و دەست بەسەر سەروەت‌و سامانەکەیان دا گیراو پێنجەمی کەوتە زیندان‌و سامانەکەشی دەستی بەسەردا گیراو شەشەمییش بە شێوەیەکی سەیر لە چنگیان دەرباز بوو". (3) هەروەها لە سەردەمی سەلجووقییەکانیش دا بکەین هەروەك زیباکەلام دەڵـێ: "لە کۆتایی سەدەی یازدەهەم ڕا بگرە تا نێوەڕاستی سەدەی دوازدەهەم (1138 ـ 1092) لە سەر یەك یازدە وەزیر بە دەستی دەسەڵاتدارانی سەلجووقی کوژران. واتە نێونجی ماوەی راوێژکاریی هەر وەزیرێك بەر لەوە کە سەری لـێ‌بکرێتەوە چوار ساڵ زیاتر نەبوو. کارنامەی وەزیرەکانی موغولەکان لە هی تورکان‌و تورکمەنەکانیش دڵتەزێن تر بوو. بە گوێرەی لێکۆڵینەوەی " ئیشپولێر" جگە لە وەزیرێك، تێکڕای وەزیرەکانی ـ ئیلخانیان کوژران".(4) نەبوونی تەنایی‌و مافەکانی تاك لەم زنجیرە فەرمانڕەوایانەدا وای کردبوو کە وەزیرەکان لە ماوەی کورتی دەسەڵاتی خۆیان دا هەر خەریکی پاراستنی پلەو پایەکەیان بوون‌و ئەگەر لەم پێوەندی‌یەدا کەمتەرخەمییان کردبا، تەنیا پلەو پایەکەیان لە دەست نەدەدا بەڵکوو زۆرجاریش گیانیان دەکەوتە مەترسی‌یەوە. بۆیە وەك زیبا کەلام دەڵـێ: "بەشێکی بەرچاو لە وزەو تێکۆشانی وەزیرەکان بە ناچاری بۆ پووچەڵکردنەوەو بەرانبەرکێ لەگەڵ نەیارانیان تەرخان دەکرا. ئەرکی وڵات‌و وڵاتداری‌و بەرژەوەندی‌یەکانی خەڵك بە شێوەیەکی ئاسایی گرنگایەتییەکی ئەوتۆیان پێ‌نەدەدرا. کاتەکی بوونی ئەم پلەو پایانە وای دەکرد کە زۆربەی کاربەدەستان‌و وەزیرەکان لەو ماوەیەدا کە دەسەڵاتیان بەدەستەوە دەبوو، بۆ پڕکردنی گیرفانی خۆیان‌و پێکەوەنانی سەروەت‌و سامان تێ‌بکۆشن. . . تەنانەت وەزیرەکان لەوپەڕی دەسەڵاتی خۆیان دا هەندێ جار ناچار بوون بەرتیلێکی زۆر بدەن تا بەرپەرچی نەیارەکانیان بدەنەوە".(5)

هەرچەند بە گوێرەی ئەو بارودۆخەی کە وەزیرو کاربەدەستانی ئەو فەرمانڕەوایانەی تێ‌دا بوون، تا رادەیەکی زۆر باری ژیانی جووتیاران، بازرگانان‌و دەوڵەمەندانمان بۆ دەردەکەوێ. بەڵام بۆ نیشاندانی قووڵایی ئەو رەوشە سەختەی کە تێی‌دا بوون، بە کورتی ئاماژە بە باری ئابووریی خەڵك لەو سەردەمانەدا دەکەین‌و هۆکارەکانی گەشە نەکردنی ئابووری لە مێژوودا روون دەکەینەوە، عەلی بەرزگەر سەبارەت بە نەبوونی گەشەی ئابووریی ئێران دەڵـێ: "بۆ دۆزینەوەی هۆی نەبوونی گەشەی بەردەوام‌و پێویست لە ئابووریی ئێران دا دەبێ لە رۆڵی دوو لایەنەی سەرەڕۆیی سیاسیی زاڵ بە سەر ئێران دا، بکۆڵینەوە، بەو مانایە کە لە ئابوورییەك دا کە لە سەر وەرگرتنی زێدە بەرهەم، بە شێوەیەکی راستەوخۆ لە بەرهەمهێنەر ڕاوەستاوە، حکوومەت یان نیشانەی سیاسیی ئەم سەرەڕۆیی‌یە، رۆڵێکی بەرچاوی ئابووریی هەبوو. لەو وەها پێکهاتەیەد دا دەسەڵاتی سەرەڕۆ تا ئەو رادەیە هانی بەشی بەرهەمهێنانی دەدا کە قازانجی خۆی تێ‌دا بوو. ئەم سیاسەتەش بۆخۆی هاوکات دەبێتە هۆی لەنێوچوونی توانایی بەرهەمهێنانی تاکەکان‌و رێگە لە سەرهەڵدانی گرووپ یا چینێکی خاوەن توانای ئابووریی سەربەخۆ دەگرێ. باس لە سەر ئەوە نیە کە داخوا لە ئێران دا خاوەندارێتیی تایبەت هەبووە یان نا. بەڵکوو باس لەسەر ئەوەیە کە ئایا خاوەندارێتیی تایبەت بواری ئەوەی هەبوو گەشە بکاو لە هەر قۆناغێك دا ببێتە هۆی گەشەکردنی زیاتر. وەڵامی پرسیارەکە بە گوێرەی شارەزاییمان لەسەر رەوشی ئێران . . . نایە". (6) چونکە ئەگەر چاوێك بە باری ژیانی جووتیاران هەر لە سەردەمانی پێش ئیسلامەوە تا ئێستا بخشێنین دەبینین کە لە بەشێکی زۆر لە مێژووی ئێران دا ئابووری لە پاوانی دەوڵەت دا بووەو بۆخۆی کۆنترۆڵی کردووەو بەرنامەی بۆ دارشتوە، هەروەك بەرزگەر دەنووسێ: "ئەم هەنگاوانەی حکوومەت بوونە هۆی لـێ‌ئەستاندنەوەی وزەی ئابووریی تاکەکانی کۆمەڵ بە چەشنێك کە نەك هەر زێدە داهاتی تاکەکان شتێکی ئەوتۆ نەبێ بەڵکوو بەشێکی زۆر لە گوندنشینەکان لە رەوشێکی پڕ لە هەژاری‌دا بژین. ئاڵۆزی‌و نەبوونی قانوون‌و دەزگاگەلی بەهێز بۆ داکۆکی لە خاوەندارێتیی تایبەت وای کردوە کە لە زۆربەی سەردەمەکان دا تاکەکان هەرچەندە پاشەکەوتێکی کەمیشیان هەبێ، بیشارنەوە. چونکە هەرچەشنە وەبەرهێنانێك سەرنجی کاربەدەستانی حکوومەتی رادەکێشاو دەبووە هۆی دەست بەسەرداگرتنی. ئاشکرا بوو کە لەوەها هەلومەرجێك دا بەڕێوەبەران‌و بەرهەمهێنەرە ئابووری‌یەکانیش نەیاندەتوانی رۆڵی خۆیان بگێڕن"(7) هەروەها بازرگان‌و دەوڵەمەندەکانیش بە دەست نەبوونی تەنایی‌یەوە دەیانناڵاند، سادیقی زیبا کەلام لەم پێوەندی‌دا دەڵێ: "بازرگان‌و دەوڵەمەندەکان، کەمجار دەیانتوانی داوای قەرز لە لایەن حکوومەت یا کەسانی خاوەن دەسەڵاتی سیاسی‌یەوە رەت بکەنەوە. ئەگەرچی لەبەر دەسەڵات‌و دەستڕۆیشتوویی ئەم چەشنە کەسانە، شانسی دانەوەی قەرزەکە زۆر کەم بوو. بازرگانانیش تۆڵەی زوڵموزۆری حکوومەتیان لە توێژەکانی دیکەوە کردوەو بە ئەستاندنی باجی زۆرتر لەوان زیانە ماڵی‌یەکانی خۆیان کە لە لایەن کاربەدەستان‌و دەسەڵاتدارە سیاسی‌یەکانی سەر بە حکوومەت، قەرەبوو دەکردەوە."(8) بە گشتی هەروەك لە بەشی پێشوودا باس کرا بۆیە ئەم زنجیرە فەرمانڕەوایانە تەنیا کۆنترۆڵی قەیرانیان دەکردو توانای ئەوەیان نەبوو کە گۆڕانێکی ریشەیی بەسەر کۆمەڵی ئێران دا بێنن چونکە لە زۆر بواردا وێك دەچوون‌و نەبوونی جیاوازیی لە نێوانیان دا کۆسپێکی سەرەکی بوو لەسەر رێگای پێشڤەچوونی کۆمەڵ. دەبووا حەمید رەزا جەلایی‌پوور بۆ دۆزینەوەی ریشەی کێشەکانی ئێستای کۆمەڵی ئێران‌و گەڵاڵە کردنی رێگاچارەیەکی زانستی لە لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری‌و کولتووریی خەڵکی ئێران لە سەردەمە جیاجیاکان دا بکۆڵێتەوە نەك بە چاوپۆشی لە ئاستەنگەکانی بەردەوام مودیرن نەبوونەوی کۆمەڵ بیروڕای گشتی بەلارێ‌دا بەرێ‌و بە شێوەیەکی زۆر رووکەش‌و ساکارو بەبێ لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی ناوچەیی‌و ژینگەیی ئێران‌و ئورووپا، بەراوردێکی سەقەت‌و ناتەواو لە نێو دوو هەلومەرجی جیاجیا دا بکاو پێی وابێ، دەکرێ بە ئاسانی ناسیونالیزمی رۆژئاوایی بە ئاسایی لە کۆمەڵی سوننەتی ئێران دا پیادە بکرێ.

سەرچاوە:
1- هفته نامه راه نو (سیاسی، فەرهەنگی، اجتماعی و اقتصادی)، سال اول، شماره 17 ص 30
2- زیبا کلام، دکتر صادق، ما چگونه ما شدیم، چاپ هشتم، بهار 78 ص 181
3- همان منبع ص 181
4- همان منبع ص 182
5- همان منبع ص 183
6- هفته نامه راه نو، سال اول، شماره 17 ص 31
7- همان منبع ص 31
8- زیبا کلام، دکتر صادق، ما چگونه ما شدیم، چاپ هشتم، بهار 78 ص 183

# درێژەی باسێکی تیئۆریك لەمەڕ تێگەیشتن لە مافە سروشتی‌یەکانی مرۆڤ

نێونەتەوەیی دەبردرێن کە لەلایەن دەوڵەتانی ئەندامی ئەم پەیمانە بەڕەسمی ناسرابن." (14) بەڵام لە ماوەی ئەم پەنجاوپێنج ساڵەدا زۆربەی گەلانی جیهان لەو نیعمەتەی بەهرەبوون‌و ئەو پارێزگاری‌یەیان لـێ نەکرا, مافەکانیان پێشێل کراوە,و وڵاتەکانیان داگیر کراون, خەباتەکانیان سەرکوت کراوەو... . لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا مرۆڤ تووشی هەموو جۆرە ئازارو ئەشکەنجەو... بۆتەوە. تیرۆر, فڕاندن‌و بێ سەروشوێنکردنیان تووش کرا, ئەنفال کران, کۆلۆنیالیزمی دەوڵەتی هەڕەشەیەکی زۆری لە سەر گەلە بچووکەکان کرد, تیرۆریزمی دەوڵەتی بەهێزتر بوو, ئازادیی بیروباوەڕ ژێر پێ نرا, شەڕو ئاژاوەی نێوخۆیی بە سەریان‌دا سەپێندرا, مافی ئایینی‌و فەرهەنگی‌و کۆمەڵایەتییان کەوتە بەر پەلامارو دیکتاتۆرە خوێنمژەکانیش هەموو کاتێ لە بیری ئەوەدا بوون کە لە وڵاتانی دواکەوتووی جیهان پەرە بە دەسەڵاتی تۆتالیتاری‌و سەرەڕۆیانەی خۆیان بدەن‌و بەشداری ئەم ستەم‌و ئازارانە بن کە دژ بە گەلانی ئازادیخواز ئەنجام دراوەو دەدرێ. ژێر پێ‌خستنی مافەکانی مرۆڤ تەنیا بەند بە وڵاتانی جیهانی سێهەم نیە, بەڵکوو لە وڵاتانی پێشکەوتووش‌دا مافەکانی مرۆڤ بە جۆرێکی دیکە دەکەوێتە بەر پەلامار, حورمەتی تایبەتیی مرۆڤ پێشێل‌و بە چاوی ماشین وەك ئامێرێکی بازرگانی سەیری دەکرێ. لە زۆر وڵاتی رۆژئاوایی هێشتا رەگەزپەرستی‌و ئاپارتایدی نەتەوەیی‌و ئایینی‌و جینسی زاڵەو کەمایەتی‌یە رەگەزی, ئایینی‌و فەرهەنگی‌یەکان لەبەر مەترسی‌و ئازار دان. لە هەندێ وڵاتی ئورووپای نازیزمی نوێ دژایەتی‌یەکی پیس لەگەڵ تاراوگەنشینەکان دەستی پێ کردوە. بەکاربردنی چەك لە زۆربەی وڵاتان بۆتە تەگەرەیەکی سەخت بۆ هاووڵاتیان, زەحمەتکێشان‌و کرێکاران کە زۆربەی چەرخەکانی جیهانی ئابووری لەسەر شانیان قورسایی دەکا. لە زۆر شوێن‌دا لە سەختترین هەلومەرج‌دا دەژین‌و مافە چینایەتی‌یەکانیان پێشێل دەکرێ. جا بۆیە ساڵانە کاتێك راپۆرتی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە مافی مرۆڤ لە جیهان‌دا بڵاو دەبێتەوە, هەستی مرۆڤایەتی بەو هەموو پێشێلکردنەی مافەکانی مرۆڤ لە جیهان‌دا تووشی خەم‌و ئازارێکی یەکجار دەبێ. هەر دۆخ‌و بەندێکی راپۆرتەکان باس لەسەر کەندو کۆسپ‌و مەینەتباری دەکەن کە لە پتر لە 180 دەوڵەت‌دا بوونی هەیەو ئەو مامەڵە ناپەسندانەی کە لەگەڵ مرۆڤ دەکرێ, دەخەنە بەرچاو کە هەندێ لە دەوڵەتەکان دژ بە هاووڵاتیانی خۆیان ئەنجامی دەدەن‌و هەر ئەو دەوڵەتانەشن کە لە پێشدا بەڵگەنامە سەرەتایی‌یەکانی مافی مرۆڤیان نووسی‌و هەوڵیان دا بە شێوەیەکی سیستماتیك تێئۆریزەی بکەن, بەڵام... .

ژێدەرەکان:
1ـ رۆحی یاساکان, ن, مونتسکیۆ, وەرگێڕانی: شێخ شەرەفی ـ ئیدریس
2ـ هەمان سەرچاوە
3ـ هەمان سەرچاوە
4ـ وتاری لێکۆڵینەوەی حوقووقی (کۆمەڵە وتار), ن, دکتر گلدوزیان ـ دکتر امیدی
5ـ هەمان سەرچاوە
6ـ مەنشووری وڵاتانی یەکگرتوو, وەرگێڕانی, دوکتور کەندال نەزان
7ـ هەمان سەرچاوە
8ـ هەمان سەرچاوە
9ـ بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ وەرگێڕانی, دوکتور کەندال نەزان
10ـ هەمان سەرچاوە
11ـ هەمان سەرچاوە
12ـ هەمان سەرچاوە
13ـ هەمان سەرچاوە
14ـ هەمان سەرچاوە
15ـ مقدمەی علم حقوق (بەشی مافی سروشتی‌یەکان), ن, دکتر کاتوزیان
16ـ پرسش و پاسخ دەربارەی حقوق بشر, ن, لیا لوین, وەرگێڕانی: پوینده ـ محمد جعفر
17ـ هەمان سەرچاوە

# کە جیهان گوردی لە ئامێز دانا

قادر وریا

لە دڵی بەردی چیای کوێستانا — پەرییەک هات و هەواڵی هێنا
وتی لەرزی هەرچی دەشت و کێوە — کە جیهان گوردی لە ئامێز دانا
ڕەبی بشکێ دەسی زوڵمت دونیا — بۆ شکاندت دەستی هانای هانا[*]
بۆ بە بێ ڕوحمی چەماندت پشتم — باری قورسی خەمی تاڵت لێ نا

بێبەش, پارچی شێعری "پشتت چەماندم" بۆ گیانی پاکی شەهید سەرگورد عەلیار [1]

10 پووشپەڕی ئەمساڵ, 20 ساڵ بەسەر شەهیدکرانی رۆڵەیەکی بەوەجی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا رابرد. 20 ساڵ لەمەوبەر, لە 10ی مانگی پووشپەڕی 1364ی هەتاویدا, سەرگورد کەریمی عەلیار, ئەندامی کومیتەی ناوەندی و جێگری کۆمیسیۆنی پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات, لە شەڕێکی قارەمانانەدا بە دژی لەشکری جینایەتکاری کۆماری ئیسلامی لە ناوچەی بانە, لەگەڵ 3 پێشمەرگەی دیکەدا, بە ناوەکانی ئەبووبەکر کاکەبرا (ئەبوو سەقزی), سلێمان مام پیرۆتی و هەمزە شێخەیی, شەهید بوون.

سەرگورد کەریمی عەلیار, بەر لەوەی بێتە ریزی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران, لە ئەرتەشی ئێراندا خزمەتی دەکرد. ئەو, کۆلێژی ئەفسەریی تەواو کردبووو لیسانسی حوقووقی سیاسیشی وەرگرتبوو. شارەزایی تەواوی لە زمانەکانی فارسی, تورکی و ئینگلیسیدا هەبووو لە کۆلیژی زمانی ئینگلیزی لە ئەرتەشدا نەفەری دووهەم هاتبۆوە. ئەگەرچی بنەماڵەکەی, لە کۆنەوە تێکەڵاوی سیاسەت بوون و تەنانەت مام و برایەکی لە سەردەمی رێژیمی شایەتیدا, پێوەندییان بە حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە هەبوو, بەڵام سەرگورد عەلیار تا رووخانی رێژیمی شایەتی نەچووە نێو تێکۆشانی سیاسییەوە.[2] بە دوای دەرچوونی فەرمانی جیهاد لەلایەن خومەینییەوە لە دژی گەلی کورد و دەستپێکردنی بەرەنگاریی چەکدارانەی خەڵکی کوردستان دژی رێژیمی خومەینی, سەرگورد کەریمی عەلیار, ئەرتەشی بەجێ هێشت و هاتە ریزی پێشمەرگەکانی کوردستانەوە و تا رۆژی شەهیدبوونی, لە ریزی حیزبی دێموکرات و لە پێناوی هێنانەدیی ئامانجە پیرۆزەکانی گەلی کورددا, خەباتی کرد.

سەرگورد عەلیار, لەبەر پسپۆری و لێوەشاوەیی لە کاری نیزامی و فەرماندەریدا و هەروەها بەبۆنەی بڕوای قووڵی بە حیزبی دێموکرات و خەباتەکەی, پاش ماوەیەکی کورت بە فەرماندەری هێزی پێشمەرگە دیاری کرا و لە چەندین ناوچەی کوردستان ئەم بەرپرسایەتییەی بەڕێوە برد. لە ماوەی 6 ساڵ بەرپرسایەتی لە کاروباری نیزامیدا, چ وەك فەرماندەی هێز و ئەندامی کۆمیسیۆنی پێشمەرگە و چ وەك راوێژکاری نیزامیی دەفتەری سیاسی, سەرگورد عەلیار نیشانی دا کە پێشمەرگەیەکی خاوەن بیروباوەڕ و بەرپرسێکی پسپۆڕ و شارەزایە.[3]

سەرگورد عەلیار, ئەو کاتەی لە ئەرتەش دابوو, هیچ کات نەیدەشاردەوە کە ئەفسەرێکی کوردەو شانازیی بە کوردبوونی خۆیەوە دەکرد. ئەم هەستە لەلایەك و ئاگاداربوون لە نێوەرۆکی رێژیمی تازە بەدەسەڵات گەیشتووو نیازە چەپەڵ و دژی گەلییەکانی رێبەرانی ئەو رێژیمە, هانی دا ببێ بە پێشمەرگەی گەل و نیشتمانەکەی, ئەگەرچی پلەی سەرگوردیی هەبوو, لە پێشمەرگایەتی و تێکۆشان لە ریزەکانی حیزبی دێموکراتیشدا سادەو ساکار دەژیا, ئەندامێکی بە دیسیپلینی حیزب بوو, هەر ئەرکێکی پێ سپێردرابا, بە شانازییەوە بەجێی دەگەیاند, مرۆڤێکی لەسەرەخۆ, بە ئەخلاق و ئەرکناس بووو زانست و ئەزموون و پسپۆریی خۆی بە سەخاوەتەوە نابووە خزمەت تێکۆشانی حیزبی دێموکرات و خەباتی شۆڕشگێڕانەی گەلەکەی. ئەم تایبەتمەندییانە سەرگورد کەریمی عەلیاریان لە ریزەکانی حیزبی دێموکراتدا خۆشەویست کردبوو, هەربۆیە لە کۆنگرەی شەشەمی حیزب لە رێبەندانی 1362دا, بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا.



سەرگورد عەلیار, هەروا کە لە مەیدانی کردەوەو لە بەرەکانی شەڕدا فەرماندەرو رێنوێنی پێشمەرگەکان بوو, بە بیرو قەڵەمی خۆشی لە بەرەوژووربردنی ئاستی زانست و زانیاریی فەرماندەران و پێشمەرگەکانی حیزب, غافڵ نەبوو. جگە لە شیکردنەوەو هەڵسەنگاندنی مەسەلە نیزامییەکان لە کۆڕو کۆبوونەوە تایبەتییەکاندا, زنجیرە باسێکیشی لەژێر ناوی "ئوسووڵی شەڕ" لە گۆڤاری "26ی سەرماوەز" (ئۆرگانی کۆمیسیۆنی پێشمەرگە دا دەست پێکرد کە بەداخەوە بەهۆی شەهیدبوونی تەنیا 2 بەشی لێ بڵاو کرایەوە. نامیلکەیەکیشی بەناوی "جنگهای ویژە" ئامادە کرد کە دوای شەهیدبوونییەوە, چاپ و بڵاو بۆوە.

سەرگورد کەریمی عەلیار ئەگەر لە ئەرتەشی ئێراندا مابایەوەو سەری بۆ ویست و داواکانی رێژیمی تازە دانوندباو خزمەتی نیازە دژی گەلی و کۆنەپەرستانەکانی ئەو رێژیمەی کردبا, بێگومان بەرپرسایەتی و پلەو پایەی زۆر لەو کەسانە بەرزتر دەبۆوە کە زۆر لە خوارەوەی ئەودا بوون و لە ئاکامی خزمەت بەو رێژیمەو خەیانەت بە ئامانجەکانی خەڵکی وڵاتەکەیان, بە مەقام و پۆستی بەرز گەیشتن. بەڵام ئەوە "پێشمەرگایەتیی گەل و نیشتمان"ی لە بەرپرسایەتی و پۆست و مەقامی بەرز لە ئەرتەشێکی سەرکوتکەرو دژی خەڵكدا, زۆر بەلاوە گەورەترو گرنگتر بوو. ژینی پێشمەرگایەتیی سەرگورد عەلیارو ماوەی خزمەتە بەنرخەکانی بە حیزبی دێموکرات و خەباتی هەقخوازانەی نەتەوەکەی بە داخەوە زۆر کورت بوو, چونکە لە شەشەمین ساڵی ئەم ژیانە نوێیەدا بوو کە شەهید بوو. بەڵام هەر ئەم رێبازو ژیانە نوێیە کە سەرگورد هەڵیبژاردو هەر ئەم ماوە کورتەی خزمەتی گەل و نیشتمان, جێگایەکی ئەبەدی و بەرزی بۆ ناوو یادی ئەم مرۆڤە لە دڵی مێژووی نەتەوەکەیدا دابین کرد.

لە 20 ساڵەی شەهیدبوونی ئەم رۆڵە هەڵکەوتەی حیزب و گەلەکەمان و ئەم فەرماندە پایەبەرزەی پێشمەرگەکانی کوردستاندا, بە رێزەوە یادی ئەو سێ پێشمەرگە شەهیدەکەی هاوڕێی, ئەبووبەکری کاکەبرا, سلێمان مام پیرۆت و هەمزە شێخەیی دەکەینەوەو چەپکە گوڵی ئەمەگناسی و وەفاداری لەسەر گڵکۆکەیان دادەنێین.

پەراوێزەکان:

1- هانا, ناوی منداڵە تاقانەکەی سەرگورد عەلیارە کە لە کاتی شەهیدبوونیدا, دەوروبەری ساڵێکی تەمەن بوو.

(*) گۆڤاری "26ی سەرماوەز" ئۆرگانی کۆمیسیۆنی پێشمەرگە, ژمارە 4, خەرمانانی 1364

2ـ هێندێك لەو زانیارییانەم لە هاوڕێی لەمێژینەم د. میرۆ عەلیار, ئامۆزای شەهید سەرگورد عەلیار وەرگرتوە.

3ـ وەرگیراو لە راگەیەندراوی دەفتەری سیاسی بەبۆنەی شەهیدبوونی سەرگورد عەلیارەوە (1364/4/14)
سەرچاوە: کوردستان, ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران, ژمارە 106, پووشپەڕی 1364

❊❊❊

# فیدراڵیزم چییە؟

**فرەڕەنگی ئەگەر یەکگرتوویی لێ نەکەوێتەوە, لە ئاڵۆزی بەولاوە هیچی دیکە نیە. یەکگرتووییەك کە دەرەنجامی فرەڕەنگی نەبێ, شتێك نیە جگە لە چەوسانەوە.**

ن: هیدایەت سولتان زادە — و: حامێد مورادی

پێشەکی:

هەموو ئەو سیستمە سیاسییانەی کە مرۆڤ لە هەلومەرجێکی تایبەتدا دەیانکاتە رێبازی خۆی, وەك ئادەمیزاد کوڕی سەردەمی خۆیان و بمانەوێ و نەمانەوێ بەرهەمی ئەو قۆناغە مێژووییە کە تیایدا لە دایك دەبن. هەر بۆیە هیچ سیستمێکی سیاسی بەدی ناکرێ کە بە شێوەیەك لە شێوەکان دەربڕی سەردەمی خۆی نەبێ و لە هەمان کاتدا پیلەیەك لە مێژووی گشتی و جیهانیخوازی تێیدا دەستی نەبێ.

لەم سەردەمەدا بیرۆکەی فیدراڵیزم گرنگی و بایەخی تایبەتی لە تیئۆرییە سیاسییەکاندا هەیە, هۆیەکەشی ئەوەیە کە باشترین پێکهاتەیە بۆ لێك نزیككردنەوەی فرەنەتەوەیی, فرە گەلی, فرە فەرهەنگی, فرەزمانی و فرەئایینزایی بەشێوەیەکی ئاشتیانەو دوور لە ئاڵۆزی و لە هەمان کاتدا لە پێکهێنانی دەوڵەتێکی کارامەو یەکگرتوو نەك کۆجێ رۆڵی بەرچاو دەگێڕێ.

بیرۆکەی دەوڵەت ـ میللەت و رێکخراوی سیاسی کە پاش شۆڕشی فەرانسە لە ئورووپاو پاشان لە شوێنەکانی دیکەی جیهاندا پێك هات, ئێستا لە دوو لایەنەوە کەوتۆتە ژێر گڤاشی جیددی:

یەکەم, رەوتی ئابووریی جیهان و بەجیهانیبوونی ئابووری کە لەلایەن هێزە ئابووری و سیاسییە بانەتەوەیی و دامودەزگا بانەتەوەییەکانەوە وەك تێکەڵبوونی ئابوورییە ناوچەییەکان, بانکی جیهانی, سەندووقی نێونەتەوەیی دراو, هەروەها رێکخراوی بازرگانیی جیهانی, رێککەوتننامە جیاوازە نێونەتەوەییەکان ناوەندێکی نێونەتەوەییان پێك هێناوە. ئەم گڤاشەش چ لەمەڕ دەوڵەت ـ میللەتی گەورەو چ لەمەڕ دەوڵەت ـ میللەتی چووکە, بە یەك رێژە کاریگەری دادەنێ.

دووهەم, فشاری خۆجێیی لەمەڕ دەوڵەت ـ میللەتەکان بە مەبەستی بەدەستهێنانەوەی شوناسی نەتەوەیی و مافی بڕیاردانی چارەنووس بۆ ئەو نەتەوانەی کە بەهۆی زاڵبوونی سیاسەت, کولتوورو ئابووریی نەتەوەی خاوەن دەسەڵات مافی سیاسی و کولتوورییان پێشێل کراوە, کە دیارە ئێرانیش لەم تەوژم و شاڵاوە بەدوور نەبووە. بەتایبەتی کە ستەمی نەتەوەیی راستەوخۆ لەسەر نەتەوەکانی دیکەی دەرەوەی دەسەڵات رادەی ئەم تەوژمەو شاڵاوەی بردۆتە سەرێ.

ئەم جۆرە دەسەڵاتە واتە دەسەڵاتی نەتەوەیەك بەسەر نەتەوەکانی دیکەدا, بە چەشنێك لەنێو سیاسەتڤانان و بیروڕای گشتیی زۆرێك لە رۆشنبیران جێ کەوتووە کە بە شتێکی زۆر ئاسایی و سروشتی دەدرێتە قەڵەم, بە چەشنێك کە جگە لەمە دەبێتە هۆی سەرسووڕمانیان, بەجۆرێك کە تەنانەت زۆربەی ئەو کەسانەی کە خۆیان بە دێموکرات و پارێزەری مافی مرۆڤ دەزانن لە بەرانبەر ئەم کێشەیەدا کورتبینن.

لەم سەردەمەدا ناتوانین وڵاتێکی فرەنەتەوەیی بدۆزینەوە کە لەوێڕا دەوڵەت ـ میللەت لەمەڕ بنەمای دەسەڵاتی سیاسی و فەرهەنگی نەتەویەکی دیاریکراو پێك هاتبێ و نەبووبێتە هۆی نابەرانبەری ئابووری, سیاسی و فەرهەنگی لەنێو نەتەوەکانی دیکەو یان شێوازێك لە ئاپارتایدی پێك نەهێنابێ و بە کردەوە نەتەوەکانی ژێر دەستەی نەکردبێتە هاووڵاتیی پلە دوو. ئەم دەسەڵاتەش پێش لە هەموو شتێك خۆی لە رێگای میکانیزمی حاکمییەتی سیاسی و زاڵبوونی بەسەر دەزگای سیاسیدا دەنوێنێ. بەڵام لە درێژخایەندا دابڕانی جیددی لەنێوان نەتەوەی باڵادەست و نەتەوەکانی ژێر دەستە دروست دەکا کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە نەتەوەی خاوەن دەسەڵات هەموو لایەنەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی بخاتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە. تەنانەت ئەگەر نەتەوەی باڵادەست خۆی هەست بەم رەوتە نەکاو لەگەڵ حاکمییەتیش هاودەنگ نەبێ.

دەرەنجامی کردەکیی ئەم راستییە ئەوەیە کە دەسەڵاتی سیاسی کە لە بەرەوپێشبردنی قازانج و بەرژەوەندی نەتەوەی دیاریکراو بێ, بەشکردنی نەتەوەکانی دیکە دەجووڵێتەوەو هەروەها دەبێتە هۆی دەسەڵاتی چینایەتی نەتەوەی خاوەن دەسەڵات بەسەر نەتەوەکانی دیکەداو بە کردەوە دەبێتە هۆی گۆڕانی ستەمی نەتەوەیی بە ستەمی چینایەتی. دیارە نابێ بە پەلە قەزاوەت لەسەر ئەم بۆچوونە بکەین و وا تێبگەین کە هەموو تاکەکانی نەتەوەی خاوەن دەسەڵات بوونەتە بورژواو نەتەوەکانی دیکەش بوونەتە کرێکار, بەڵکوو ئەمە رەوتێکە کە تێیدا بەشێکی بەرچاوو گرنگ لە نەتەوەکانی دەرەوەی دەسەڵات لە ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی دەخاتە پەراوێزەوە, کە بێگومان ئەمەش دەبێتە هۆی پێکهێنانی تەقینەوەیەك لە نێو کۆمەڵگادا.

ئەوەی کە بووەتە هۆی دابڕانی گەورەی نێوان جیهانی سەرمایەداری و وڵاتانی پێشکەوتوو لە چاو وڵاتانی جیهانی سێهەم و کردوونی بە دوو جەمسەری هەژارو دەوڵەمەندو لە ئاکامدا زاڵبوونی وڵاتانی پێشکەوتوو لە بواری ئابووری, سیاسی و تێکنۆلۆژی و فەرهەنگی و بە پاشکۆبوونی وڵاتانی جیهانی سێهەم, وەگەڕخستنی سەرمایەو گەشەپێدانی سەنعەتی و ئابووری لە ناوەندو ریشەکێشکردنی سەرچاوەکانی گەشەپێدان لە ناوچەکانی دیکەدا, بە پشت بەستن بە هێزە جۆراوجۆرەکانی سیاسی تێکنۆلۆژی و هێندێك جار پەنابردنە بەر توندوتیژی رووت. رەوتێکی لەم چەشنەش لە وڵاتی ئێمەدا لە ئارادایە کە سیاسەتی توندوتیژیی راستەوخۆی دژی نەتەوەکانی نافارس بەڕێوە دەبا.

ئەمەش بەو مانایە نیە کە هەموو نەتەوەی فارس لایەنگری لەم سیاسەتەی کۆماری ئیسلامی دەکەن یان هەموویان بە پێی ئەم چەشنە سیاسەتانە رەفتار دەکەن, بەڵام ناتوانین حاشا لەوە بکەین کە لە هاوسەنگیی گشتیدا تای تەرازوو بە قازانجی ئەوان دەگۆڕدرێ و ژمارەی کۆخەو حەلەبی ئاواکان لەنێو نەتەوەکانی نافارسدا زیاتر دەباتە سەرەوەو بەکردەکی دەبێتە هۆی کردنیان بەهێزی کاریی هەرزان بە قازانجی خۆیان. هەر بەم شێوەیە لە ئێرانیشدا ستەمی نەتەوەیی دەبێتە هۆی ستەمی چینایەتی. شیکردنەوەی زیاتری ئەم رەوتە پێویستیی بە چوونە نێو کێشەکە بە قووڵی هەیەو باسێکی دوورودرێژو تایبەت هەڵدەگرێ و پێویستیی بە نووسینێکی سەربەخۆ هەیە کە لەم بابەتەدا جێگەی نابێتەوە.

بیرۆکەی فیدراڵیزم بێ ئەوەی کە ببێتە هۆی لەنێوبردنی هەموو کێشە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان, هەنگاوێکە بۆ چارەسەرکردنی ئاشتیخوازانەی نابەرابەریی نەتەوەیی و لێك نزیك کردنی نەتەوەکان بە مەبەستی دۆزینەوەی رێگاچارەی گونجاو لەمەڕ گۆڕانی پێکهاتەی سیاسیی دەسەڵاتەکان و هاوسەنگکردنی دیارەی ئابووری لە نێوان نەتەوەکان و وەڵامدانەوەیەکی دێموکراتیانە بێئەوەی کە یەکگرتوویی خاك وڵات هەڵوەشێنێتەوە.

❊❊❊

# سەرۆك كۆماریی ئەحمەدی نەژاد و پێوەندی‌یەكانی كۆماری ئیسلامی و یەكیەتیی ئوروو پا

عەباس ئەحمەدی

پاش ئەوەی لە ساڵی 1991دا بووشی باوك سیستمی نوێی جیهانیی بە ڕێبەرایەتیی ئەمریكا ڕاگەیاند، وڵاتانی ئورووپایی لە ڕاستای بەرپەرچدانەوەی ئەو سیاسەتەی ئەمریكادا و گێڕانی ڕۆڵی زیاتر لە موعادیلاتی ناوچەیی‌دا لە كۆبوونەوەی ماستریخت زیاتر لە یەك نزیك بوونەوەو یەكیەتیی ئوروپایان دامەزراند و لەم پێوەندی‌یەدا چەندین هەنگاوی پۆزەتیڤیان لە هەڵگرتنی سنوورەكانەوە بگرە تا دانانی پارەی هاوبەش (یۆرۆ) هەڵ هێنایەوە.

ئەم جۆرە سنوور بەندی‌یەی نێوان یەكیەتیی ئورووپا و وڵاتەیەكگرتووەكانی ئەمریكا شوێنی لەسەر پێوەندی‌یەكانی ئێران و ئورووپاش دانا. بەم پێیە هەر لە سەرەتای دەیەی نەوەدەوە لە حاڵێك دا كە ئەمریكا سیاسەتی كۆنترۆڵی دوولایەنە (مهار دوجانبە)ی بە مەبەستی لە پەراوێزخستنو لاواز كردنی ئێران و عێراق دارشت، یەكیەتیی ئورووپا پشتیوانیی لەو سیاسەتەی ئەمریكا نەكرد و لە كۆبوونەوەی 12ی دیسامبری 1992دا لە ئەدینبورگی ئینگلستان ئامادەیی خۆی بۆ وتووێژی ڕەخنە گرانە لەگەڵ كۆماری ئیسلامیی ئێران ڕاگەیاند و دواتریش دژی سیاسەتی گەمارۆی داماتۆ (5ی مەی 1996) و Ilsa (Iran-Linya Sanctian Act) ڕاوەستا.

پاش هاتنە سەر كاری خاتەمی و دانی دروشمی چاكسازیی نێوخۆیی و ئاسایی كردنەوەی پێوەندی‌یەكان لە ئاستی دەرەوە، وڵاتانی ئورووپایی بیانووی باشتریان بە دەست هێنا كە بە ناوی پشتیوانی لە ئیسلاحاتی نێوخۆیی ئێرانەوە پێوەندی‌یەكانی خۆیان لەگەڵ كۆماری ئیسلامی كە بە وڵاتێك ناسراوە كە پشتیوانی لە تیرۆریزم دەكا، بۆ چەكی ناوكی هەوڵ دەدا، تەگەرە دەخاتە پێش ئاشتیی فەلەستین و ئیسرائیل و مافی مرۆڤ لە نێوخۆدا پێشێل دەكا پەرە پێبدەن و لە ژێر تەوژمی بڕیاری دادگای میكونووس بێنە دەرەوە. بۆ ئەم مەبەستە یەكیەتیی ئورووپا لە 25ی مارسی 1997دا بە دەركردنی ڕاگەیەندراوێك بە جێگای وتووێژی ڕەخنەگرانە، پێی لە سەر "وتووێژی بەكەڵك و هەمەلایەنە" داگرت و سیاسەتی "بەشداریی ئابووری" بە نیسبەت كۆماری ئیسلامی‌یەوە گرتە پێش، بە شێوەیەك كە ئورووپا لە دەیەی ڕابردوودا شەریكی یەكەمی تیجاریی ئێران بووە و نزیك بە 40 ٪ تیجارەتی دەرەكیی ئێران لەگەڵ ئورووپا بووە، هەروەها ئورووپا لەو ماوەیەدا پشتیوانێكی گەورەی سیاسی و تەبلیغاتیی كۆماری ئیسلامی بووە.

بەڵام دوای 11ی سێپتامبری 2001 بە مەبەستی خەبات دژی تیرۆریزم كە پێویستی بە دێموكراتیزە كردنی ناوچەكە بوو، ئورووپا زیاتر لە سیاسەتەكانی ئەمریكا نزیك بۆوە، بە تایبەت كە هەوڵەكانی كۆماری ئیسلامی بۆ بەدەست هێنانی چەكی ناوكی ئاشكرا ببوون. لەم دەورانە بە دواوە ئورووپا سیاسەتی "گفتوگوی مەرج دار"ی لەگەڵ ئێران دا گرتە بەر. بۆ وێنە لە ژوئەنی 2003دا وڵاتانی ئورووپای لە ڕاگەیەندراوێكدا هەرەشەیان لە كاربەدەستانی كۆماری ئیسلامی كرد كە وتووێژەكانی یەكیەتیی ئورووپا بەستراوەتەوە بە پێشكەوتنی ئەم وڵاتە لە بواری مافی مرۆڤ، پێشگیری لە بڵاوبوونەوەی چەكی ناوكی، تیرۆریزم و ئاشتیی فەلەستین و ئیسرائیل. ئەمەش كارێكی وای كرد كە سیاسەتی "ڕوانین بۆ ڕۆژهەڵات" (نگاه بە شرق) لە سیاسەتی دەرەكیی كۆماری ئیسلامی‌دا زەق بێتەوەو كۆماری ئیسلامی پێی چین وەكوو ئەندامی شوورای ئەمنیەتی نەتەوەیەكگرتووەكان بۆ ئێران بكاتەوەو لەم پێوەندی‌یەدا ڕێككەوتننامەیەكی نەوتی بە بڕی 100 میلیون دۆلار لەگەڵ چین مۆر بكاو هەروەها بە پێی ڕێككەوتننامەیەكی گازیی دیكە بڕیارە لە داهاتوودا بڕی 50 تا 100 میلیون دۆلاری دیكە بەم پەیمانە زیاد بكرێ. لە هەمان كات دا كۆماری ئیسلامی هەوڵی داوە كە پێوەندی‌یەكانی خۆی لەگەڵ ڕووسیەدا بپارێزێ. بەم جۆرە كۆماری ئیسلامی هیوادارە لە بەرانبەر نزیك بوونەوەی یەكیەتیی ئورووپا و ئەمریكادا لە چین و ڕووسیەو هێند نزیك بێتەوە.

لە دەورانی سەرۆك كۆماریی ئەحمەدی نەژاددا چاوەڕوان دەكرێ كە بە چەندین هۆ پێوەندی‌یەكانی یەكیەتیی ئورووپا لەگەڵ كۆماری ئیسلامی‌دا نەتەنیا دابەزێ بەڵكوو بڕواتە قۆناغێكی دژوارەوە.

1- یەكیەتیی ئورووپا ناتوانێ چاوەڕوانیی دابین كردنی ئازادی و دێموكراسی لە كەسێكی وەك (ئەحمەدی نەژاد)ی هەبێ كە ڕاستەوخۆ دەستی لە تیرۆری ئازادیخوازانی ئێران دا هەبووە. بۆیە لە ڕاستی‌دا ئەو هەڵبژاردنە بە مانای كۆتای هاتنی دەورانی ناسراو بە چاكسازی‌یە، هەرچەند كە بە كردەوە زۆر لە مێژە كە ئەو دەورانە كۆتای پێهاتووە. ئەمەش بیانویەك بۆ ئورووپای‌یەكان ناهێڵێتەوە كە پێوەندی‌یەكانی خۆیان لەگەڵ كۆماری ئیسلامی بۆ بیروڕای گشتی تەوجیه بكەن.

2- دەنگ نەدانی خەڵكی ئورووپا بە یاسای بنەڕتیی یەكیەتیی ئورووپا ئەم یەكیەتیی‌یە تووشی كێشە دەكاو كارێكی وەها دەكا كە نەتوانێ وەكوو جەمسەرێكی بە هێز بێتە نێو موعادیلاتی نێودەوڵەتی‌و وەكوو دەیەی 90 لە بەرانبەر وڵاتەیەكگرتووەكانی ئەمریكادا ڕاوەستێ. هەوەها لە لایەكی دیكەوە چین و ڕووسیە و هیند بەرەو لێك نزیك بوونەوە دەڕۆن، كە بە سەرنجدان بە دراوسێیەتیی ئەو سێ وڵاتە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی گەورە و ئەو كاریگەری‌یەی كە دەیان بێ، ئورووپا ناچارە بۆ پاراستنی بەرژەوەندی‌یەكانی لەو ناوچە ژێئۆئیستراتژیك و ژێئۆئیكۆنومیكە لە ئەمریكا نزیك بێتەوە.

3- كۆماری ئیسلامی بۆ چەكی ناوەكی هەوڵ دەدا و ئەمەش نەتەنیا ناوچەكە بەرەو كێبەركێی ناوكی دەبا بەڵكوو ئەگەری ئەوەی كە تیرۆریستانیش بەم چەكە تەیار بكرێن، زۆرە.

ئەم هۆكارانە لە یەكەم هەڵوێستی ڕێبەرانی یەكیەتیی ئورووپا بەرانبەر بە هەڵبژاردنی ئەحمەدی نەژاد بۆ سەرۆك كۆماریی ئێران خۆیان دەرخست. لە حاڵێك دا كە ئەحمەدی نەژاد لە یەكەم چاوپێكەوتنی ڕۆژنامەوانیی خۆی‌دا لە پێوەندی لەگەڵ سیاسەتی دەرەكی‌دا ڕایگەیاند كە:"ئێمە پەرەپێدانی پێوەندیی عادیلانە، دوولایەنە و هەمەلایەنە لە ڕیزی یەكەم دادەنێین". بەڵام ڕێبەرانی وڵاتانی ئورووپای دژكردەوەیەكی گۆماناوییان لە خۆیان پیشان داوە و لەم پێوەندی‌یەدا جەك ئەسترۆ وەزیری دەرەوەی بریتانیا لە یەكەم لیدوانی خۆی‌دا پاش هەڵبژێرانی ئەحمەدی نەژاد ڕای گەیاند كە هەڵبژاردنەكان بە نیسبەت پێوانە نێودەوڵەتی‌یەكان كەم و كووڕیی هەبووەو بە پێی ئەو شكایەتانەی كە لە پێوەندی لەگەڵ دەستتێوەردانی هێزە نیزامی‌یەكان دا كراوە، تەنانەت پێش لە هەڵبژاردنەكانی دەوری دووهەم ڕوخسارێكی "مخدوش"ی هەبووە. هەوەها وەزیری دەرەوەی فەڕانسە لە حاڵێك دا ڕایگەیاند كە" هیواداریین كاربەدەستانی تازە هەڵبژێردراوی ئێران بەو كردەوانەی كە ئێمە ئورووپای‌یەكان بە مەبەستی هەڵپەساردنی تێكۆشانی ناوكی دەستمان پێكردوە درێژە بدەن" كە یەك حەوتوو پێشتر ڕایگەاند بوو كە:" "هاریكاری ناوكی ئورووپا و ئێران لە ژێر كاریگەریی ئاكامی هەڵبژاردنەكان دا دەبێ". هەروەها "هورست كوهلر" سەرۆك كۆماری ئەڵمان لە نامەیەك دا بۆ هاوتاكەی خۆی (ئەحمەدی نەژاد) ڕایگەیاندوە كە "ئێران لە بەرانبەر كۆمەڵێك ئەركی سیاسیی گەورە دایە". هەروەها لە نێو گۆڤار و بڵاوكراوەكانی ئورووپاش دا بە گومانە و دڵەڕاوكێ‌یەوە چاوی لێكراوە و تەنانەت حەوتوونامەی ئیشپیگل بە هاتنەوەی دووبارەی خومەینی ناوی بردوە كە بێگومان ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی كە فشاری بیروڕای خەڵكی ئورووپاش بكەوێتە سەر ڕێبەرانی ئەو یەكیەتی‌یە. هەروەها بە سەرنجدان بە لێدوانی ئەحمەدی نژاد سەبارەت بەوەی كە "تیشكەكانی شۆڕشی ئیسلامی بەم زووانە تەواوی جیهان دەگرێتەوە" بێگومان دروشمی "ناردنە دەرەوەی شۆڕش" بۆ خەڵك و دەوڵەتانی ئورووپای زیندوو دەبێتەوە ئەگەری كاریگەریی نیگەتیڤی لە سەر پێوەندی‌یەكانی نێوان ئەو دوو لایەنە دەبێ.

---

# توێژینەوەكانی ئوتریش سەبارەت بە تیرۆری دوكتور قاسملوو لە لایەن كۆماندۆكانی نێردراو لە تارانەوە، بە هۆی هاوكارینەكردنی كۆماری ئیسلامی‌یەوە بە ئاكام نەگەیشت



عەبدولكەریم لاهیجی

عەلی ڕەبیعی، ڕاوێژكاری سەركۆماریی ئیسلامی‌و لە بەرپرسانی پێشووی وەزارەتی ئیتلاعات، تۆمەتی نوێی لە دژی مەحموود ئەحمەدی‌نژاد سەبارەت بە بەشداری لە كوشتنی دوكتور عەبدولڕەحمان قاسملووی بەدرۆ خستەوەو گوتی پەروەندەكە بە هۆی نەبوونی بەڵگە لە ئوتریش داخراو ڕاگەیەندرا. بەڵام عەبدولكەریم لاهیجی، جێگری سەرۆكی كۆمەڵەی جیهانیی داكۆكی لە مافەكانی مرۆڤ لە وتووێژێك دا لەگەڵ "ڕادیۆ فەردا" دەڵـێ: شاندی كۆماندۆیی كە لە لایەن دەوڵەتی هاشمیی ڕەفسەنجانی‌یەوە بۆ ئەم تیرۆرە نێردرابوون، بەخێرایی بە پاسپۆرتی دیپلۆماتیك گەڕانەوە، هەربۆیە ئەگەر پەروەندەی قاسملوو بە ئاكامێك نەگەیشت بە هۆی نەبوونی بەڵگەوە نەبوو، چونكە شایەت‌و بەڵگەیەلـێ لەدەست دا بوون. داخرانی پەروەندە بە هۆی هاوكارینەكردنی كۆماری ئیسلامی لە لێكۆڵینەوەكان دا بوو.

عەلی ڕەبیعی، ڕاوێژكاری سەركۆماریی ئیسلامی‌و بەرپرسی دەبیرخانەی شوورای بەرزی ئەمنییەتی نەتەوەیی كە لە ڕابردوودا لە بەرپرسانی ئیتلاعات بووە، تۆمەتی نوێی لە دژی مەحموود ئەحمەدی‌نەژاد سەبارەت بە بەشداری لە كوژرانی دوكتور قاسملوودا بەدرۆ خستوەو گوتوویەتی ئەحمەدی‌نژاد لە كاتی كوژرانی ناوبراودا لە فەرمانداریی ماكۆ خەریكی كار بووە. بە وتەی ڕەبیعی پەروەندەی كوژرانی ئاماژەپێكراو هەر لەوكاتەدا بە هۆی نەبوونی بەڵگەكان لە دژی كۆماری ئیسلامی، داخراو ڕاگەیەندرا. بەڵام عەبدولكەریم لاهیجی، جێگری سەرۆكی كۆمەڵەی جیهانیی پارێزگاری لە مافەكانی مرۆڤ كە لە سەرەتاوە چاوەدێری پەروەندەی تیرۆری ڤیەن بووە، لەگەڵ ئەم لێدوانانەی ڕەبیعی‌دا دژایەتی دەكا. ئاغای لاهیجی بە ڕادیۆ فەردا دەڵـێ: هاوكارینەكردنی كۆماری ئیسلامی لەگەڵ بەرپرسانی ئوتریش دا بوو بە هۆی ڕوون نەبوونەوەی ڕاستی‌یەكان، نەك بە هۆی نەبوونی شایەتەكان لە دژی كۆماری ئیسلامی.

عەبدولكەریم لاهیجی: پاش كوژرانی قاسملوو و دوو كەس لە دۆستانی كە خەریكی وتووێژ لەگەڵ شاندێك دا بوون كە ڕەفسەنجانی بۆ ڤیەنی ناردبوو، شاندێكی توێژینەوەی نێونەتەوەیی دامەزرا كە سەرۆكی ئەوكاتی فیدراسیۆنی نێونەتەوەیی كۆمەڵەی مافەكانی مرۆڤ ئەندامی ئەو شاندە بوو، منیش ئەندامی ئەو شاندە بووم‌و چەندین ساڵ لە پێوەندی لەگەڵ ئەم پەروەندەیەدا خەریكی كار بووین. بۆمان بە تەواوی دەركەوت كە شاندی كۆماندۆیی كە بۆ بەڕێوەبردنی ئەم تیرۆرە هاتبوون، هەر لە ڕۆژانی یەكەم‌و دووهەمەوە توانیبوویان بە پاسپۆرتی دیپلۆماتیك لە ئوتریش بچنەدەرێ. ئەو كەسەش كە لەم كردەوەدا بریندار ببوو، ئەویش هەر پاسپۆرتی دیپلۆماتیكی هەبوو، سەرەڕای ئەوەی كە گومانی لـێدەكرا، بەڵام بەداخەوە هەر بەو هۆكارەوە دوای ماوەیەك دەوڵەتی ئوتریش ڕێگای پێدا كە بچێتەوە بۆ ئێران.

هەربۆیە ئەگەر پەروەندەی قاسملوو بە ئاكامێك نەگەیشت‌و ئێمەش كە تا لای بەرپرسانی بەرزی قەزایی وەدوای بابەتەكە كەوتین، تەنیا بەو هۆیەوە بوو كە كۆماری ئیسلامی ئامادەی هاوكاری نەبوو، نە شوناسی ئەو كەسانەی كە لەم جینایەتەدا دەستیان هەبوو ڕوون كردەوەو، نە ئەوەی كە ئامادە بوو زانیاری بداتە دەست بەرپرسانی قەزایی‌و پۆلیسی ئوتریش. بەڵام حەتمەن پۆلیسی ئوتریش فۆتۆكۆپیی ئەو پاسپۆرتە دیپلۆماتیكییانەی كە ئەوان بۆ چوونەدەرەوە لە ئوتریش نیشانیان دابوو لە نێو بەڵگەكانیان دا هەیە. ئەگەر بەڕاستی بەرپرسانی كۆماری ئیسلامی بیانەوێ تۆمەت لەسەر كەسێك لابەرن، بە ئاسانی دەكرێ ئەو وێنانەی كە لەسەر پاسپۆرتە دیپلۆماتیكی‌یەكان هەیە، بۆ نموونە لەگەڵ وێنەی ئەحمەدی‌نەژاد یان هەر كەسێكی‌تر بەراوەرد بكرێ یان جێی پەنجەیان تاقی بكەنەوە تا ڕوون بێتەوە ئەو كەسە لەو جینایەتەدا دەستی هەبووە یان نا.

ئەمیر موسەدیق كاتووزیان (ڕادیۆ فەردا): بابەتی دەستێوەردانی وەزارەتی ئیتلاعات شتێكە مەسەلەی دەستێوەردانی ئەحمەدی‌نەژاد لەو ڕووداوەدا شتێكی ترە؟

عەبدولكەریم لاهیجی: ئەوەی كە بە تەواوی ڕوونە، سەرجەم ئەم كوشتارانەی كە لە دەرەوەی ئێران دا ڕوویان داوە، تۆمەتبارەكان دواتر بە پاسپۆرتە دیپلۆكاتیكی‌یەكان توانیویانە بچنەوە ئێران. كۆماری ئیسلامی هیچ كات ئامادە نەبوو هیچ چەشنە هاوكارییەك لەگەڵ هیچ پۆلیس‌و دادگوستەرییەكی ئەو وڵاتانەی كە ئەم جینایەتانە لەوان دا ڕووی داوە بكا. ئەم بابەتە بابەتێكە كە وتەكانی عەلی ڕەبیعی لەو بوارەوە كە دەڵـێ، لەدوای لێكۆڵینەوەكانی دادگوستەریی ئوتریش دەركەوت كە ئەو جینایەتانە لە لایەن كۆماری ئیسلامی‌یەوە نەكراوە، بەدرۆ دەخاتەوە.

ئەمیر موسەدیق كاتووزیان: ئوتریش دەبێ وێنەیەك بێنێ‌و بڵـێ كە بۆ نموونە وەكوو وێنەی ئەحمەدی‌نەژادە. تا ئێستا ئوتریش وێنەیەكی وەهای نیشان نەداوە؟

عەبدولكەریم لاهیجی: من نەمگوتووە كە دەبێ وێنە بێنن. گوتم كە ڕەبیعی لە بارودۆخێك دا نیە كە بڵـێ لەبەر ئەوەی كە ئەوكاتە لە ڕۆژئاوای ئێران دا كاری كردوەو ئەحمەدی نەژادیش لە فەرمانداری‌یەك دا لەوێ خەریكی كاری بووە، هەربۆیە شایەتی ئەوەی كە ئەحمەدی‌نەژاد لەوكاتەدا نەیتوانیوە لە ئوتریش‌و لە نێو بەڕێوەبەرانی ئەم جینایەتەدا بێ، هیچ لە مەسەلەكە ناگۆڕێ، من هیچكات نەمگوتوە كە ئەحمەدی‌نژاد بووە یان نەبووە، بەڵام گوتم كە وتەی ڕەبیعی، دادگاپەسند نیە.

ئەمیر موسەدیق كاتووزیان: ئایا ئەگەر تۆمەتباركردنی كەسێك‌و باسكردنی‌و نەسەلماندنی، هەڵوێستی پارێزەرانی مافی مرۆڤ لە جیهاندا لاواز ناكا؟

عەبدولكەریم لاهیجی: بەداخەوە وایە. ئێمە دەڵێین كە ئەمانە دەتوانن ببنە بوارێك بۆ توێژینەوەیەكی هەمەلایەنەو سەربەخۆ بۆ پۆلیسی ئوتریش، بۆ بەرپرسانی قەزایی ئوتریش كە پاش 15 ساڵ بڵێن كە ئەم جینایەتە لە لایەن چ گرووپێكەوە بەڕێوەبراوەو هەروەها لێرەدا من ئەوەشی پێ زیاد دەكەم كە ئەگەر بەرپرسانی كۆماری ئیسلامی لەم پەروەندەیەدا هاوكاری نەكەن، هەروەك لە ڕابردوودا نەیانكردوە، هیچكات دادگوستەریی ئوتریش بەتەنیایی ناتوانێ ئەم بابەتە بە ئاكام بگەیەنێ.

مێژووو بەسەرهاتی بەیاننامەو تەواوبوونی شەڕی جیهانیی دووهەمو شکانی تیۆری ناسیۆناڵ سوسیالیزمی (نازی) لە ئاڵمان دوای کوژرانی پتر لە 60 میلیۆن کەسو وێرانیو خاپووریی زۆربەی وڵاتانی ئەو سەردەمە لەیەکتر جیاواز نینو وڵاتان بۆ ئەوەی جارێکی تر وەها کردەوەیەکی دڕندانە دژی مرۆڤ وێرانکاری لە جیهاندا روو نەداو مرۆڤ لەوە زیاتر نەکەوێتە بەر پەلامارو مافە رەواکانی پێشێل نەکرێن. هەوڵی رێکەوتنێکی جیهانی داو بەوە هۆی ئەوەی کە دەوڵەتان بیرەکانیان بخەنەسەر یەکو بۆ دامەزراندنی جیهانێکی نوێ لەسەر بناغەی ئازادیو رێزگرتنی مافی مرۆڤو یەکسانیی نێوان دەوڵەتانو گەلانی گەورەو بچووک خەباتێکی هەمە لایەنە دەست پێ بکەن. بەڵام لە راستیدا پاش شەڕی جیهانیی دووهەم لە ساڵی 1945، جیهان هەر چەند بە رواڵەت شەڕێکی تری جیهانی وای بە خۆیەوە نەبینی کە لە باری (ژێئوپۆلێتیك) و (ئیستراتژیك)ییەوە ببێتە هۆی ئاڵۆزیو کەندو کۆسپێکی گەورە، بۆ گشت کۆڕو کۆمەڵو گەلانی سەرزەوی، بەڵام لە کردەوەدا پاش ئەوەی کە ئاڵمان شکستو رووخانی بە خۆوە بینیو لە نێوان وڵاتانی سەر بە پەیمانی (ناتۆ) و (وەرشۆ) دابەش کراوو دوو جەمسەری رۆژئاواو رۆژهەڵات پێك هاتن، لە جیهانی سێهەمدا خەباتو بەربەرەکانیی رزگاری خوازی دەستی پێکرد، ئیدی زۆر لەو مافو ئازادییانە کە دوای تەواو بوونی شەڕی جیهانیی دووهەم بە ناوی بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ لە جیهاندا وەکوو یاسایەکی ماف پارێزو رێز گری حورمەتی ئینسان ناسێندرابوون پێشێل کراو جارێکی تر هەوڵێکی نوێی جیهانیی بیر خستنەوەی ئەو بڕیارانە دەستی پێکرد. ئەمە کورتەیەك لە مێژووو بەسەرهاتی بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤو ئەو بەڵگە نامەو پەیمانامەیە کە لە نێوان دەوڵەتان بۆ داکۆکی کردن هەرچی زیاتر لەسەرمافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ پەسند کراون. هەروەك دەزانین بەیانامە لە یەك پێشەکیو 30 بەند پێك هاتوە کە یەکێك لەو بەندانە سەرنج راکێشانەی، بەندی یەکی بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤە کە ئاماژە بە مافی چارەی خۆنوسینو دیاریکردنی مافی تاکەکان لە نێو کۆمەڵ دا دەکا. دەقی بەندی 1ی بەیاننامە بەم شێوەیە: "هەموو ئەندامانی مرۆڤ ئازاد لە دایك دەبنو لە بواری ئابڕوو کەرامەتو مافەوە لەگەڵ یەکدا یەکسانن. هەموویان خاوەنی ئاوەزو ویژدانو دەبێ لەگەڵ یەکتردا هەڵسوکەوتی برایانەیان هەبێت. (9)

لێرەدا بە راشکاوی باسی مافە سروشتییەکانی تاك لەنێو کۆمەڵدا کراوەو ئەرکی تاکەکان بە نیسبەت یەکدی دیاری کراوە. بەڵام لە راستیدا پرسیار ئەوەیە کە ئایا لە بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤو بەڵگەنامە نێونەتەوەییەکاندا باسێك لەسەر مافی گەلان لە دیاری کردنی چارەنووسیاندا واتە دیاری کردنی چارەنووسی نەتەوەیەك بە دەستی خۆی لە چوارچێوەیەکی دیاریکراوی جوگرافیاییدا کراوەو ئەو مافانە وەك مافێکی سروشتی لەبەر چاو گیراون؟ بۆ وڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەبێ سەر لە نوێ چاوێك بەسەر مێژووو بەسەرهاتی بەیاننامە جیهانییەکاندا بخشێنینو لێکدانەوەیەکمان لەسەریان هەبێ. باسی مافی گەلان لە دیاریکردنی چارەنووسیاندا، لە ساڵەکانی شەڕی جیهانیی یەکەمەوە (19ــ 1914) لە لایەن رێبەرانی رێبازە سیاسییە جیاوازەکانی جیهانەوە بە مەبەستی جۆراوجۆرو زۆرجار دژ بەیەك هاتە گۆڕێ. بەڵام مەسەلەی دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی، واتە دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەیەك بە دەستی خۆی لە چوارچێوەیەکی دیاریکراوی

# باسێکی تیئۆریك لەمەڕ تێگەیشتن لە مافە سروشتییەکانی مرۆڤ

ئاراس یارانی
بەشی سێهەمو کۆتایی

جوگرافیاییدا، لانیکەم لە جیهانی رۆژئاوادا رابردوویەکی کۆنتری هەیە. پەیمانی ئاشتی (وێست ڤالیا) لە ساڵی 1648دا بە سەرەتایەك بۆ ئەو بیرە دەژمێردرێ. پتر لە سەدەیەك دواتر لە ساڵی 1776دا لە ئامریکاو لە ساڵی 1793دا لە فەرانسە مەسەلەی مافی نەتەوەکان بۆ دیاری کردنی چارەنووسیان بە شێوەیەکی جیددی کەوتە ناو بزاڤی سیاسییەوە. 130 ساڵی دیکە رابرد تا بۆ یەکەم جار لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی، ئەو مافە بە شێوەیەکی نێو دەوڵەتی پەسند کراو نزیکەی 45 ساڵ دوای ئەویش بۆ یەکەم جار لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، لە ساڵی 1966 مافی نەتەوەیەك بۆ دیاری کردنی چارەنووسی وەك بەشێکی جیا نەکراوەی مافی مرۆڤ لە سەنەدێکی جیهانیدا دەقنووس کرا. خاڵی یەکەمی پرۆگرامی نەتەوە یەکگرتووەکان پەسند کراوی کۆبوونەوەی دامەزراندن لە ساڵی 1945، بۆچوونی دەوڵەتە دامەزرێنەرەکان لە سەر مافی نەتەوەکان لە دیاری کردنی چارەنووسیاندا روون دەکاتەوە پرەنسیبەکانی ئەم پرۆگرامە لە لایەن دەوڵەتە سەربەخۆو جێگرتووەکانەوە ئامادە کراونو گەلێك سروشتییە کە رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان وشەی "نەتەوە" بە مانای "دەوڵەت" یا "نەتەوە ـ دەوڵەت" بەکار بێنێ. نەتەوەی جێی باسی رێکخراوەکە کۆمەڵێکی هاوبەرژەوەندییە کە دەسەڵاتی سیاسیو ئیدارییی بەسەر هەرێمێکی دیاریکراودا هەیە، بە بێ لەبەرچاوگرتنی پێکهاتەی قەومی، زمانی یا ئایینی کۆمەڵانی خەڵکی پێکهێنەری ئەو یەکەیە. هەر ئەو پرەنسیپە نێونەتەوەییە، مافی سەربەخۆییو بەکارهێنانی دەسەڵات بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی نەتەوەیی بە هەموو دەوڵەتێکی دامەزراو دەبەخشێو رێگەی پێدراوە لە بەرانبەر زۆرداری یا دەستڕێژیی لایەنێکی دەرەکیدا بە هەموو هێزو شێوەیەك خۆی بپارێزێ. خاڵێکی پرۆگرامی نەتەوەیەکگرتوەکان کە بۆ ناوەندە زانستییەکان جێی موناقیشەیەو بۆ نەتەوە بێ دەوڵەتەکان جێی رەخنەیە، ئەوەیە کە لەوێدا روون نەکراوەتەوە چ نەتەوەیەك مافی دامەزراندنی دەوڵەت یا دیاری کردنی چارەنووسی خۆی هەیەو چ نەتەوەیەك لەو مافە بێبەش دەهێڵرێتەوە. واتە روون نییە کە رەوتی دامەزراندنی دەوڵەتە نوێیە نەتەوەییەکان کەنگێو بە چ شێوەیەك رادەوەستێندرێ. لەوێدا تەنیا باسی ئەوە کراوە کە "پێویستە مافی سەربەخۆیی نەتەوەکان دەستەبەر بکرێ" بە بێ ئەوەی روون بکرێتەوە کە دەوڵەت چۆن دەتوانێ نوێنەرایەتیی "نەتەوە" یا نەتەوەکانی دانیشتووی چوارچێوەی جوگرافیایی ژێر دەسەڵاتی خۆی بکا.

گەشە کردنی پێوەندییە نێونەتەوەییەکانو زۆر رووداوی جیهانگیر پرسی مافی نەتەوەکانی لە دیاری کردنی چارەنووسیاندا کردوە بە مەسەلەیەکی پێوەندیدار بە مافی مرۆڤەوە. واتە مافێك کە نەتەنیا مرۆڤ دەتوانێ هەیبێ، بەڵکوو مافێك کە مرۆڤ دەبێ هەیبێ. "راگەیەندراوی جیهانیی مافی مرۆڤ ئامادە کراوی ساڵی 1948و دوو پاشکۆی تەواوکەری ئەو راگەیەندراوە لە ساڵی 1996دا کە هەردووکیان ساڵی 1976 کەوتنە ژیانەوە، لەسەر ئەو مەسەلەیە رادەوەستن کە مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ نەتەوە، بەشێکی پێویستی مافی مرۆڤە. کۆمەڵە خەڵك یا گەلانی نارازی لەو چارەنووسە بەسەریاندا سەپاوە، هەوڵ دەدەن بڕیارەکانی نەتەوەیەکگرتوەکانو بە تایبەت راگەیەندراوی جیهانیی مافی مرۆڤ وا شی بکەنەوە کە جێگەیەك بۆ ئەوانی تێدا بێ. بۆیە وشەی خەڵك بەکار هاتووە لە بڕیارە جیهانییەکاندا بۆ (نەتەوە) بە مانای مافی مرۆڤی هاورەسەنو نەك هاووڵاتی لێك دەدەنەوە". (10)

بەم شێوە نەتەوە تەنیا دەوڵەتەکان ناگرێتەوەو خەڵکانی نێو چوارچێوەیەکی جوگرافیاییش دەگرێتەوە. بە کورتی وشەکانی خەڵك، گەل، نەتەوە، بە تایبەت لە وڵاتە فرەنەتەوەییەکاندا جێگەی کێشەو باسێکی زۆرنو بە شێوەی جۆراوجۆر بە پێی ئامانجو داخوازی بڕیاردەرانی رەوتی سیاسی لێك دەدەرێنەوە. لە کێشە نەتەوەییەکانی ئەمڕۆی جیهانیشدا هەم دەوڵەتە دامەزراوەکانو هەم بزووتنەوە رزگاریخوازییە نەتەوەییەکان، کەمایەتییە قەومییەکانو نەتەوە بێ دەوڵەتەکان، پرنسیپی جیهانیی مافی گەلان لە دیاریکردنی چارەنووسو پاراستنی بەرژەوەندیی نەتەوەیی بۆ رەواییدان بە خۆیانو ناڕەوا کردنی لایەنێکی دیکە بەکار دێنن.

نەتەوەی کورد لە بواری ئێتنکییەوە بوونی خۆی پاراستووەو لە بواری کۆمەڵایەتی، کولتوریو مێژوویییەوە هاو چارەنوس بوونی خۆی سەلماندوە لە بواری جوگرافیشەوە خاوەنی خاکی خۆیەتی کەچی سیستەمی جیهانی تا ئێستا هەرگیز ئاوڕی لە نەتەوەی کورد نەداوەتەوە یا بە دەگمەن لە کێشەیەکی نێو دەوڵەتیدا، بە شێوەیەکی لاوەکی بۆ پاراستنی بەرژەوەندی لایەنێك هێزی کوردی، تەنیا وەك هێزو نە وەك خاوەن ماف، بەکاری هێناوە. لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە گۆڕێ کە داخوا پرنسیپەکانی راگەیەندراو لە جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ دا چ مافێك بۆ گەلی کوردو گەلانی هاوچارەنووسی لەبەرچاو دەگرێ؟ ئایا نەتەوە یەکگرتووەکان بەرپرسایەتییەکی بۆ پاراستنی ئەو گەلانە لەسەرشانە ؟ پێش ئەوەی وەڵامی پرسیارەکان بدەینەوە، پێویستە باسێکی پێوەندیدار بە مەسەلەکە بێنینە گۆڕێ کە تیشك دەخاتە سەر پێوەندیی نێوان مافی مرۆڤو مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلان. "بیرۆکەی مافی دیاریکردنی چارەنووس وەك مافێکی خۆڕایی بۆ هەر مرۆڤێك بەرهەمی پێشکەوتنەکانی کۆمەڵگای مۆدێرنە، چەمکی مافی دیاریکردنی چارەنوس کە لە یاساو بڕیارە نێونەتەوەییەکاندا هاتوە بەو مانایەیە کە مرۆڤ لە بنەڕەتدا خاوەنی مافی یەکسانەو هەر کۆمەڵگایەکی خاوەنی تایبەتمەندیی هاوبەش بۆی هەیە بەسەر چارەنووسی سیاسیی خۆیو ژیانی رۆژانەیدا بڕیار بدا"(6). لە چوارچێوەی بزاڤی سیاسیدا ئەو چەمکە لە راگەیەندراوی بەناوبانگی (سەربەخۆیی ئەمریکا) لە ساڵی 1776و لە راگەیەندراوی مافی مرۆڤی فەرانسە لە ساڵی 1793دا هاتە ئاراوە. پرنسیپی مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەیی لە لایەن هەموو نەتەوەکانەوە. پاش دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی دەبوایە خەڵکی وڵات بە پێی بەرژەوەندی هاوبەشو بە لەبەرچاوگرتنی رەوشی کولتووری، کۆمەڵایەتیی، سیستمی سیاسیو بەڕێوەبەریی وڵات بە هەڵبژاردن دیاری بکەن. لە یاسا جیهانییەکاندا رێگە بە دەوڵەت دراوە کە نوێنەرایەتیی کۆمەڵی ژێر دەسەڵاتی خۆی بکاو ێڕای ئەوەی ئێستا رێکخراوە نادەوڵەتییەکان یا گرووپی سێهەم رۆڵێکی بەرچاویان لە پێوەندییە جیهانییەکاندا هەیە کاتێك باسی مافی مرۆڤ دەکرێ دەوڵەت بە بەرپرسیاری بەڕێوە چوونی مافی خەڵکی وڵات بە حیساب دێ. چونکە دەوڵەت ماف، ئەرکو ۆتوانایی واتە دەسەڵاتی ئەوەی هەیە کە دەستەبەری مافە بنچینەیییەکانی مرۆڤ بکا. بۆیە بە پێی پرنسیپەکانی مافی مرۆڤ هەموو نەتەوەیەك بە دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی دەتوانێ بوونی خۆی بسەلمێنێو پاشە رۆژی سیاسی خۆی دەستەبەر بکا.

خاڵی یەکەمی راگەیەندراوی جیهانیی مافی مرۆڤ سەبارەت بە مافە سیاسی، ئابووریو کولتورییەکان دەڵێ: "هەموو گەلێك مافی دیاریکردنی چارەنووسی هەیە. بە پێی ئەو مافە گەلان دەتوانن بە شێوەیەکی سەربەست بارودۆخی سیاسیی خۆیان دیاری بکەنو ئازادانە هەوڵ بدەن بواری ئابووریو کۆمەڵایەتیو کولتوریی خۆیان بەرەوپێش بەرن". (11) مافی دیاریکردنی چارەنووس "هەروەها لە خاڵی یەکەمی پرۆگرامی نەتەوە یەکگرتووەکاندا لە ساڵی 1945 دەستەبەر کراوەو دوایی لە بڕیارنامەی مافی مرۆڤ 1948و کۆنوانسیۆنەکانی تەواوکەری راگەیەندراوی جیهانیی مافی مرۆڤدا پێیان لەسەر داگیراوە. بە تایبەت کونوانسیۆنی مافە سیاسییەکان کە لە ساڵی 1966دا پەسند کراو ساڵی 1976 بەڕێوە براو خاڵی 2ی راگەیەندراوی ڤیەن ساڵی 1993 مافی گەلان بۆ دیاریکردنی چارەنووسیان بە مەرجی دەستەبەر کردنی مافی مرۆڤ دەژمێرن".(12) سیستمی نێو نەتەوەیی زۆر جاریش بۆ رێکخستنی پێوەندیی نێوان دەوڵەتەکان، پێی لە سەر مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەیی دادەگرێ. کردەوەی هاوبەشو سزای جیهانی دژی ئەو دەوڵەتانەی یاسا نێونەتەوەییەکان پێشێل دەکەن، پتر لەژێر ناوی پاراستنی ئەو مافەدا بەڕێوە دەچن "مانای مافی دیاریکردنی چارەنووس ئەوەیە کە (خەڵك) بە هێندێك لایەنی گرینگی هاوبەشەوە بە شێوەیەکی دڵخواز یەکیەتییەك پێك دێننو بۆ پاراستنی ئەو یەکیەتییە، دەوڵەتێکی سەربەخۆ دادەمەزرێنن". (8) دەوڵەت مەشروعییەت لە ئیرادەی خەڵکەوە وەردەگرێو بە ناوی خەڵکەوە وڵات بەڕێوە دەبا. لە راستیدا ئاڵقەی سەرەکیی پێکەوە گرێدانی دەسەڵاتدارو بێ دەسەڵات لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی نەتەوەییدا ئەو مەشرووعیەتەیە. بەڵام تا ئێستا چ گەلێك بۆی لواوە بە شێوەی دڵخواز یەکیەتییەك پێك بێنێو لەسەر ئەو بناغەیەش دەوڵەت دابمەزرێنێ، جێگەی باسو کێشەیە. بۆیە زۆربەی کێشە نێونەتەوەییو نێو خۆییەکانی ئەمڕۆ ریشەیان لە چۆنیەتیی بەخشینی ئەو مافانەو شێوەی کەڵك وەرگرتنی دەوڵەتەکان لەو پرەنسیپانەدا هەیە. زۆر جار پرسیار دێتە گۆڕێ کە ئایا دەکرێ یان دەبێ مافی مرۆڤو مافی دیاری کردنی چارەنووس پێکەوە ببەستێرێتەوە؟ یان ئەوە کە چۆن بە بێ وەدەستهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووس دەکرێ مافی تاکەکەس لە کۆمەڵگایەكدا بپارێزرێ؟ لێرەدا مەبەست لە تاکەکەس, ئەندامی کۆمەڵگایە. بە ئاوڕدانەوەیەکی زیاتر لە هۆیەکانی سەرهەڵدانی پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ, ئەو مەبەستە زیاتر روون دەکرێتەوە "مافی بڕیاردان لەسەر چارەنووس زۆرجار بەوەوە پێوەند دەدرێ کە ئەو مافە رێگا بە تاکەکەس دەدا وەك ئەندامی کۆمەڵگایەك خاوەنی هێندێك مافی گشتیو هاوبەش بێ. تاکەکەس دەتوانێ لەم رێگایەوە ئاواتەکانی خۆی لە نێو کۆمەڵگایەكدا وەدی بێنێ"[15]. مافی دیاریکردنی چارەنووس وەك هەموو مافە هاوبەشەکانی دیکە (مافی کۆلەکتیڤ) بەر لە هەر شتێك مافی تاکەکەس دەتوانێ بە پشت بەستن بەو مافە گشتیانەوە داوای مافی ئاسایشو پاراستنی بیروبۆچوونو بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆی بکا. بە زمانێکی دیکە مافی تاکییەتی مرۆڤێك کاتێك دەپارێزرێ کە ئەو مرۆڤە وەك ئەندامی کۆمەڵێکی گەورەتر هێندێك مافی گشتیو هاوبەشی وەدەست خستبێ. بەم شێوەیە بە پێی پرەنسیپی جیهانی, مافی تاکەکەس بۆ ئەندامێتی لە گرووپێکی کۆمەڵایەتیو ئەندام بوون لە کۆمەڵگایەکی نەتەوەییدا, پرسی مافی دیاریکردنی چارەنووس بە مافی مرۆڤەوە گرێ دەدا. پسپۆڕی مافی "هێنری شوو" لەسەر ئەو بڕوایەیە کە "ئەرکی کەسانی دیکە (واتە کۆمەڵگا)یە کە مافو سەربەستیی مرۆڤی بێهێزو دەسەڵات بپارێزن, لە کۆمەڵێكدا کە بەرەو تاکخوازی دەچێ, واتە لە کۆمەڵی هاوچەرخدا کە تاکە مرۆڤ بەرپرسی ژیانو مافەکانی خۆی دەبینێ, هەموو کەس پێویستیی بەو یارمەتییە کۆمەڵایەتییە هەیە. کەوابوو کۆمەڵ, نەتەوەو دەوڵەت بەرپرسی پاراستنی مافی گشتیو مافی تایبەتیی کەسانی پێکهێنەری کۆمەڵگا دەژمێردرێن."[16] هێنری شوو هاونەتەوەبوونو پێکهاتە هاوبەشە نەتەوەییەکان بەرپرسیارو دەستەبەرکەری مافی تاکەکەس دەژمێرێو لەسەر ئەو بڕوایەیە کە "نیازو داخوازیی تاکەکەس دەبێ لەلایەن ئەندامانی نەتەوەکەی خۆیەوە وەدی بێن, هەرچەند هەموو کۆمەڵگایەك بە بێ لەبەرچاوگرتنی سنوور, رەگەز, رەسەن, ئایینو... لە بەرانبەر کەسی لێقەوماودا بەرپرسیارەو دەبێ یارمەتیی بدا, بەڵام لە کاتی ئاساییدا هەر کۆمەڵێك بەرپرسیاری ژیانو ئاسایشی ئەندامانی خۆیەتی."(17) هاوئەندامێتی لە کۆمەڵێکی نەتەوەیی یا ئەندامێتی نەتەوەیەك لە روانگەی داخوازییەوە نە تەنیا رەوایە, بەڵکوو پێویستییەکە. وەك ئەسڵێکی گشتی, مافی دیاریکردنی چارەنووس رێگا بە گرووپێکی نەتەوەیی دەدا کە دەوڵەتی خۆیان دابمەزرێنن. مافی دیاریکردنی چارەنووس بە پێی پرنسیپە ئەخلاقیو سیاسییەکانیش, پێداویستییەکی مرۆڤایەتیی نوێیە. چونکە ئەندامبوون لە کۆمەڵگایەکی نەتەوەییدا, ئەرکێکی ئەخلاقیش دەخاتە سەرشانی یەك یەکی ئەندامانی ئەو کۆمەڵگایە کە بەرژەوەندیی هەموو هاوچارەنووسانی خۆی بپارێزێ. بەم حاڵەوە بە داخەوە کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان بە دەگمەن دەتوانێ وەها مافێك وەك مافی دیاریکردنی چارەنووس لە بڕیارە نەتەوەییەکانی خۆیدا بگونجێنێ. تەنانەت بە دەگمەن دەتوانێ مافپارێزی راستەقینەی مرۆڤی ستەملێکراوی جیهان بێ. ئەگەر چاوێك بەسەر راپۆرتو هەواڵەکانی رێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوەییو کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤدا بخشێنین, ئەوا بە ئاسانی رادەی دروستیی ئەم قسانەمان بۆ روون دەبێتەوە. ئەو راپۆرتانە کە ساڵانە لە کۆمەڵەی نێونەتەوەیی لەسەر مافی مرۆڤ لە جیهاندا ئاماژەیان پێ دەکرێ, ئەوە رادەگەیەنین کە سەرەڕای ئەوەی کە پتر لە پەنجاوپێنج ساڵ بەسەر ئەو بەیاننامەیەدا تێپەڕیوە, کەچی هێشتا ئەو دەوڵەتانەی کە قایل بوونی خۆیان لەسەر دەربڕیوە, لەو ئەرکو بەرپرسایەتییە خۆ گێل دەکەن, کە لە بەرانبەر هاووڵاتیاندا هەیانە. بۆ نموونە لە بەندی 2ی بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤدا ئاماژە بەوە دەکرێ کە "هەرکەس بێ هیچ چەشنە جیاوازییەك, بەتایبەتی لە بواری رەگەز, رەنگ, جنس, زمان, ئایین, بیروبۆچوونی سیاسی یا هەر رایەکیترەوە, هەروەها ریشەی نەتەوەیی یا کۆمەڵایەتی, پارە, لە دایکبوون یا هەر شتێکیتر, لە گشت مافو هەمووی ئەو ئازادییانەی کە لەم بەیاننامەیەدا ناوبراون, دەتوانێ بەهرەمەند بێ. هەروەها نابێ هیچ جیاوازییەك سەبارەت بە وەزعی سیاسی, دادپەروەری یا نێونەتەوەیی, وڵات یا سەرزەوینێك کە ئەو "کەسەی" پێی بەستراوەتەوە, دابنرێ. تەنانەت ئەگەر ئەو وڵاتە یا وڵاتێکی سەربەخۆ, لە ژێر سەرپەرستی, بن دەست یا غەیرە خودموختار یا خاوەنی حاکمییەتێکی سنووردار بێ.(13) هەروەها بۆ مسۆگەرکردنو سەلماندنی ئەم بەندە کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بەڵگەنامەی خەبات دژی جیاوازیی نەتەوەییو قەومی لە ساڵی 1969 کە پتر لە 150 دەوڵەت واژۆیان کرد, جیاوازی لەسەر بنەمای نەتەوە, رەنگ, رەگەز, سەرچاوەی میللی یا قەومییان بە تەواوی مەحکووم کرد. دەوڵەتانی ئەندامی ئەم پەیمانە بەڵێن دەدەن کە پەیڕەویی سیاسەتێك بکەن کە ئامانجی بنبڕکردنی هەرچەشنە جیاوازییەکی نەتەوەییو پاراستنی کۆمەڵە قەومییە ئازارچێشتوەکان بێ تا بەمجۆرە مافی مرۆڤو ئازدییە بنچینەییەکان لە هەلومەرجێکی یەکساندا بۆیان دابین بکرێ. کۆمیتەی نەمانی جیاوازیی قەومیو نەتەوەی (CERID) لە 18 لیژانی سەربەخۆ پێك هاتوە کە لەسەر بنەمای بەندی 8ی پەیمانی خەبات دژی هەر چەشنە جیاوازیدانانێکی قەومیو رەگەزی دامەزراوەو چاوەدێریی بەڕێوەچوونی ئەم پەیمانە لەلایەن دەوڵەتانەوە دەکا. ئەم کۆمیتەیە چەند ئەرکی لە ئەستۆ دایە کە بەرچاوترینیان, لێکۆڵینەوەی راپۆرتەکانی دەوڵەتانی ئەندامە سەبارەت بەو راوێژانەی کە بۆ بەڕێوەچوونی پەیمانەکە لە بەرچاو گیراون. هەروەها کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بڕیارنامەی بەرگری لە قڕکردنی نەتەوەیی لە دیسامبری 1948, پەیماننامەیەکی پەسند کرد کە لە ساڵی 1951 چووە ریزی جێبەجێکردنەوەو تا ئێستا پتر لە 120 دەوڵەت واژۆیان کردوە. "لەم پەیمانەدا کۆمەڵکوژیو قڕکردنی نەتەوەیی وەکوو ئەنجامدانی هێندێ کردەوە کە بە نیازی لەنێوبردنی هەموو یا بەشێك لە یەك گرووپی میللی, قەومی, رەگەزی یا ئایینی" باس کراوە. کۆمەڵکوژی چ ئەوەی کە لە کاتی ئاشتی ئەنجام بدرێ, چ لە سەردەمی شەڕو ئاژاوەدا, لەلایەن مافی نێونەتەوەییەوە بە جینایەت بە ئەژمار دێو یەکێکە لە جۆرەکانی تاوانی دڕندانەی دژ بە مرۆڤ. لە بەندی 6ی ئەم پەیمانەدا هاتوە: "ئەو کەسانەی کە لەبەر کۆمەڵکوژی یا قڕکردنی نەتەوەیی تاوانبار کراون, بۆ داداگاکانی وڵاتی ئەنجامی تاوان یا بۆ دادگایەکی کەیفەریی

درێژە لە لاپەڕەی 8

# KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan

No: 416 6 July 2005

ماڵپەڕەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، ڕۆژنامەی "کوردستان"و ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanmedia.com http://www.pdk-iran.org www.rdki.com

e- mail: info@kurdistanmedia.com

e- mail: pdkiran@club-internet.fr

e- mail: rdk_iran@yahoocom


بەرلەماڵاوایی

## سەفەر بۆ پێتەختی خەباتێکی خوێناوی

ع. وریا

**ئێرە "ئەستێرۆکان"ە، هۆو شوێنەی بەرامبەریشمان کە لەبەر دارستانو گەڵاولكو پۆپی داران، هیچ خانوویەکی لێمانەوە دیار نیە، "بۆڵێ"یە.**

یەکەم جار کە ئەم مەڵبەندەم بینی، 19 ساڵو 36 ڕۆژ لەمەوبەر، یانی ڕۆژی 25ی گەلاوێژی 1365ی هەتاوی بوو. لەگەڵ برادەرێك لە "ئاش قوولکە"وە کە بنکەی بەندیخانەی ناوەندیی حیزبی لێ بوو، وەڕێ کەوتینو بۆ نانی نیوەڕۆیە هاتینە بنکەی فێرگەی سیاسی ـ نیزامیی حیزب لە "بۆڵێ"و، چلو یەکەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتمان لێرە کرد بە جێژن. لەم ڕۆژەدا بوو کە هاوکلاسیو هاوڕێی سەردەمی مێرمنداڵیم، "مراد عەزیزی" کە بۆ پێشمەرگایەتی ڕووی کردبووە فێرگەی حیزب، پاش 5 ساڵ دووری، لە "بۆڵێ" دیتەوەو بە دیداری گەشامەوە. هەر ئەو ڕۆژەش بوو کە ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران لە ژێر مارشی "سەرنج بدەن"دا هەواڵی عەمەلیاتێکی قارەمانانەی پێشمەرگەکانی "هێزی بەیان"، لە ناوچەی بۆکانی بە بۆنەی جێژنی 25ی گەلاوێژەوە بڵاو کردەوەو ڕایگەیاند پێشمەرگەکانی ئەو هێزە بێ ئەوەی هیچ شەهیدو بریندارێکیان هەبێ دەستیان بەسەر پێگەی چەکدارەکانی ڕێژیم لە دێی "باغڵووجە"دا گرتووەو چەكو چۆڵێکی زۆریشیان دەسکەوت بووە. ئەو کات نەمدەزانی بەهۆی ئەم ڕووداوەوە کەسێك لە باغڵووجە دەست لە ژیانی ئاسایی هەڵ دەگرێو، ڕوو دەکاتە ڕیزە ئاشکراکانی حیزبو، بۆ دیتنی دەورەی سەرەتایی دەنێردرێتە فێرگە. هەروا کە نەمدەزانی بۆ خۆشم دوای مانگێکی دیکە بەرپرسایەتیی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێرانم پێ دەسپێرنو ڕاست لە یەکەم ڕۆژەکانی پاییز دا، بارگەو بنەی یەکیەتیی لاوان لە "باساوێ" ی دۆڵی سەفرەو زەروون را، بۆ ئێرە (ئەستێرۆکان) بار دەکەینو دەبینە دراوسێی فێرگەو، هەر لە زستانی ئەو ساڵەدا لەگەڵ ئەو کەسەی لە باغڵووجەوە بۆ پێشمەرگایەتی هاتۆتە فێرگەو، ئێستا لەگەڵ من دا لەسەر گڵکۆی نۆبەرەی ژیانی هاوبەشمان ڕاوەستاوە، پەیمانی پێکەوە نانی ژیانی هاوبەش دەبەستینو ساڵێك دواتر هەر لێرە ماڵێکی پێشمەرگانە پێکەوە دەنێینو...

ئێرە ئەستێرۆکانەو، هۆو شوێنەی بەرامبەرمان "بۆڵێ"یە. ئەم مەڵبەندە بۆ ماوەی 8ـ7 ساڵ (1372ـ1365) بنکەو بارەگای فێرگەو یەکیەتیی لاوانی دێموکراتو دەفتەری سیاسیو هێزی پێشەوا، بەیانو ئاربەبا بوو. ئێرە ئەو شوێنەیە کە بە تەعبیری ئەو کاتم، مێشکی جوولانەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستانو دڵی خەباتە خوێناوییەکەی پارچەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لێرە گیرسابۆوە. ئێرە پێتەختی تێکۆشانی پڕ لە قوربانیدانی حیزبی دێموکرات لە قۆناغێکی گرنگی ژیانی ئەو حیزبەدا بوو. لێرەوە بۆ هەر لایەکی ئەم مەڵبەندە دەڕوانمو تەماشای هەر شوێنەوارێکی دەکەم، بیرەوەریی ئەوان ڕۆژان بە لێشاو هێرشم بۆ دێنن. ئەم کانییەی بن ئەم دارەگوێزە، ئەم زەوییانەی دەوروپشتمان، ئەو ڕێچکەو ڕێیانەی ئێستا بەشێکی زۆریان کوێر بوونەوە، هەموویان بە دەیان بیرەوەریم بیر دەخەنەوە، بیرەوەریی ئەو مێرمنداڵو لاوانەی پێکەوە ئێرەمان ئاوەدان کردەوەو بەردی بناغەی چەندین ژوورمان لێ هەڵچنیو دواتر، بە دوای پەروەردە بوون لە مەکتەبی یەکیەتیی لاوان، لە هێزەکانی پێشمەرگەو ئۆرگانەکانی حیزبدا، تا ساتی گیان بەخشین لە پێناوی گەلو نیشتمان دا، خزمەتیان کرد...

ئەم گڵکۆیانەش کە ئێستا لە نێوانیان دا وەستاوم، هەریەکەیان کۆمەڵێك ڕووداوی ئەو کاتەم دێننەوە یاد کە ئێرە مەکۆی ژیانو کاری ڕۆژانەمان بوو. ئەمە گڵکۆی هاوڕێی هونەرمەندم حەسەن پوورخزرییە کە لە یەکەم بۆمبارانی بنکەی دەفتەری سیاسی لە بناری قەندیل دا (13ی بەفرانباری 1366) گیانی بەخشی، دووهەم شەهیدی ئەم گۆڕستانە، ڕەحیم بەغدادییە. ئێستا ئەو ساتەم لەبیرە کە دوکتور قاسملوو بە پەرۆشو ماتەمەوە بۆ بەخاکسپاردنی لێرە ئامادە بوو. ئەمەی تریان گڵکۆی "محەممەد ئاشەوان" سێهەم شەهیدی ئەم گۆڕستانەیە کە ڕۆژی 12ی خاکەلێوەی 1367 بە هۆی ئەو بۆمبە هێشووییانەی بە سەرمان دا بارین، شەهید بوو. هەروا چاو بە کێلو بەردەنووسەکان دا دەگێڕم، هەر ناوەی کەسێكو هەر یەك لەو کەسانە چەندین دیدارو بەسەرهاتو ڕووداوم لە لا زیندوو دەکەنەوە. تەنانەت ئەو پیرە داربەڕوویەی لە بەرزترین شوێنی ئەم گۆڕستانە هەروا بەسەر ئەم هەرێمەدا دەڕوانێ، بیرەوەریم دەخاتەوە یاد، بیرەوەریی ئەو ڕۆژەی بە دوای بڵاو بوونەوەی هەواڵی شەهید بوونی دوکتور قاسملوودا، لێرە لەسەر گڵکۆی شەهیدەکان کۆ بووینەوەو کاك سەعید (دوکتور شەرەفکەندی) وتارە مێژووییەکەی خۆی پێشکێش کرد، ڕۆژێك کە پێکەوە بەڵێنمان بە شەهیدەکانمان دا "بە ڕێگاکەتاندا دەڕۆین، یا ئامانجەکانتان دێنینە دی، یا دێینو لە باوەشتان دەگرین".

لێرەوە شۆڕ دەبمەوەو دەچمەوە بۆ لای مووچەو دێبەرەکانی "بۆڵێ"، هێندێك شوێنان بە هاسانی دەناسمەوەو جێگای واش هەیە بە زەحمەت دەچمەوە سەری. لە نزیك سکرتاریاو ماڵەکەی دوکتور قاسملوو، دەوەستمو هەوڵ دەدەم لەگەڵ چاوگێڕان بە شوێنەوارەکانی دەوروبەرم دا، ئەو ساتانە وەبیر بێنمەوەکە بە بۆنەی جۆراوجۆرەوە هاتبوومە خزمەتی ڕێبەرانی شەهیدمان. قسەیەکی زستانی 1368ی دوکتور سەعیدی نەمرم لە کۆبوونەوەی "دەستەی نووسەران" لە گوێدا دەزرینگێتەوە کە فەرمووی" مرۆڤ ئەو کاتەی بۆ خۆی لە نێو ڕووداوە مێژووییەکان دایە، هەست بە گرینگیی زۆر شت ناکا". ئاماژەشی بەو ژمارەیەی ڕۆژنامەی "کوردستان" کرد کە چەند ڕۆژێك دوای ڕاگەیاندرانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد دەر چووە، بەڵام هەواڵی ئەم ڕووداوە مێژووییەی تێدا نیە! هەر بەم بۆنەیەشەوە دوکتور سەعید لە وتارەکەی خۆیدا کە تایبەت بە 2ی ڕێبەندانو ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان بوو، ئاماژەی بەم کەمتر خەمییە کردوە.

لەگەڵ شەنو کەو کردنی ئەم یادانە، بە خۆم دەڵێم بەڵام من لە گرینگیی ئەو کاتو ساتە مێژووییانە غافڵ نەبووم کە لێرە بەسەر حیزبەکەمان دا تێ دەپەڕین. دەمزانی ئەو کاتەی خومەینی، جامی ژاری نۆشیو ئاگربەس لەگەڵ عێراقی قبووڵ کرد، خەباتی حیزبی ئێمەو خەڵکی کوردستان بە قۆناغێکی ئەستەم دا تێپەڕیو بڕیارێك کە ڕێبەریی حیزب لەم "بۆڵێ"یە دای ـ کە خەباتی خۆی بە هەر نرخێك بووە، ڕانەگرێ ـ شتێکی مێژوویی بوو. ئەو کاتەی دوکتور قاسملوویان تێرۆر کرد ئێمە وەك حیزبی دێموکرات ڕووبەڕووی تاقیکردنەوەیەکی مێژوویی دیکە بووینەوە، ئەو کاتەی دوکتور شەرەفکەندییان شەهید کردین، ئەو کاتەی نیازی چەپەڵی ڕێژیمی ئێران لە بارەی هێرشێکی بەربڵاوی نیزامی بۆ سەر بنکەو بارەگاکانی حیزب لەم شوێنە ئاشکرا بوو، ئەو کاتانەو هەموو ڕۆژانو شەوانێك کە تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات لێرە لەو پەڕی دڵسۆزیو ماندوویی نەناسیدا، ئەرکی خۆیان بەڕێوە دەبردو هەموو هەوڵی خۆیان بۆ بەرەو پێشبردنی خەباتێکی ئازادیخوازانە تەرخان کردبوو، ساتە وەختێکی مێژوویی بوون.

نە زەمەنم بۆ دەگەڕێنرێتەوە 20ـ15 ساڵ لەمەوبەر، نە بۆڵێو ئەستێرۆکانم بۆ دەبێتەوە پێتەختەکەی جارانی حیزب. بۆشم ناکرێ دەست بەسەر ئەم هەرێمە داگرمو وەك یادگاری قۆناغێکی مێژوویی لە خەباتی حیزبێك، پەرژینی بە دەوریدا بکێشمو بیپارێزم تا نەوەکانی داهاتوو بە تاسەوە بێن بۆ تەماشای. هەر ئەوەندەم لەدەست دێ تکا لەو بنەماڵە بەڕێزە بکەم کە ئێستا لە ماڵی دوکتور قاسملوودا دەژین، ئەم یادگارە بپارێزنو قەدری بگرن، چونکە بێگومانم ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەم ماڵەو ئەم شوێنەوارانەی لەم ناوەن، دەبنە زیارەتگەی هەزاران ئۆگری خەباتو تێکۆشانی حیزبی دێموکرات.

بە نێو شوێنەوارەکانی بنکەو ژوورەکانی ڕادیۆو دەستەی نووسەرانی "کوردستان"و بە نێو شەپۆلەیەك لە دوایەکانی بیرەوەرییە خۆشو ناخۆشەکانی "وەرزی سەوزی ژیانم"دا شۆڕ دەبمەوە بەرەو کۆیە، پێم نیە بڕۆم بەڵام ناچارم.

## هەزار ژن کاندیدای وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل




ڕەوتی بەخشینی خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل، ئەمساڵ بە دەستپێشخەریی یەکێك لە نوێنەرانی ژنی مەجلیسی شووڕای نەتەوەیی سویس، ڕەنگو ڕوویەکی دیکەی هەیە. بە دەستپێشخەریی ئەو ژنە گەڵاڵەیەك دانراوە کە بەپێی ئەو گەڵاڵەیە، هەزار کەس لە ژنانی چالاکی سەرانسەری جیهان بە شێوەی بە کۆمەڵ بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل کاندیدا کراون. مەبەستی ئەو گەڵاڵەیە، "ئاگاداریی خەڵکی جیهان لە ناوی ئەو ژنە ئازا بەڵام نەناسراوانەیە".

خاتوو "ڕوت گابی فەرموت مەنگۆلد" نوێنەری مەجلیسی شووڕای نەتەوەیی سویس، لە مانگی مارسی 2003دا گەڵاڵەیەکی دانا کە بەپێی ئەو، هەزاران ژن لە سەرانسەری جیهانەوە، بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل کاندیدا کران. لەنێو 199 داوانامەی تایبەت بە بەخشینی خەڵاتی نۆبێل کە گەیشتوونە ناوەندی نۆبێل لە شاری ئۆسلۆ، ئەم داوانامەیەی خاتوو "ڕۆت گابی" شتێکی بێوێنەو تایبەتە. هەزاران ژن لە 150 وڵاتی جیهانەوە، هەڵبژێردران تا سەرنجی خەڵکی جیهان بۆ لای لەشکری ئەو ژنانە ڕابکێشن کە لە سەرانسەری جیهان دا وەك سەربازی بێ ناونیشان بۆ جێگیر کردنو بەدیهێنانی ئاشتیو بەڕێوەبردنی یاساکانی مافی مرۆڤ، تێدەکۆشن. ناوی ئەو هەزار ژنە کە 15یان خەڵکی ئاڵمانن، ڕۆژی 29ی ژوئەن هاوکات لە چل ناوچەی جۆراوجۆری جیهان دا، ڕاگەیەندرا.

لەکۆتایی مانگی ژانویەی 2005دا، لیستی ناوی ئەو ژنانە درا بە بنیاتی نۆبێل لە ئۆسلۆ. ئەگەر ئەم گەڵاڵەیە سەربکەوێو بتوانێ خەڵاتی نۆبێل وەربگرێ، زیاتر لە میلیۆنێكو دووسەد هەزار دولار، بەسەر پرۆژەکانی ئاشتیی ژنان لە سەرانسەری جیهان دا، دابەش دەکرێ. <u>ڕادیۆی ئەڵمان ـ بەشی</u>

## زنجیرە کۆنسێرتەکانی Live 8 لە پێناوی بەربەرەکانی لەگەڵ هەژاریدا




لە گەورەترین ڕووداوی تەلەویزیۆنیی مێژووی مۆڤایەتیدا، بە میلیۆن مرۆڤ لە کۆنسێرتەکانی Live 8دا، پێکەوە لەدژی هەژاری، سروودیان گوتو گۆرانییان چڕی. لەم زنجیرە کۆنسێرتانەدا کەشکەڵانێك لە ئەستێرەکانی مۆسیقای جیهان بەشدار بوون.

سەدان هەزار کەس لە 10 شاری گەورەی جیهان (لەندەن، فیلادلفیا، پاریس، بێرلین، ژوهانسبۆرگ، ڕۆم، تۆکیۆ و موسکۆ، ئیدنبۆرگو نیویۆرك) چوونە تەماشای ئەو کۆنسێرتانە. بەرنامەکانی Live 8 بە کۆنسێرتێك لە تۆکیۆ دەستی پێکردو کۆنسێرتی فیلادلفیاش دوا بەرنامەی ئەم زنجیرە کۆنسێرتانەیە.

ئەم کۆنسێرتانە لە بەرەبەری کۆبوونەوەی 8 وڵاتی پیشەسازیی ناسراو بە گرووپی G8دا حەوتووی یەکەمی جولای لە سکاتلەند پێك هات، بەڕێوەچوون. مەبەست لە پێکهاتنیان سەرنج ڕاکێشانی جیهانو ئاگادار کردنەوە لە قەیرانی هەژاری بەتایبەتی لە وڵاتانی ئەفریقایی دابوو.

کوفی عەننان، سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە هایدپارکی لەندەن بۆ ماوەیەکی کورت چووە سەر سێنو بە ئامادەبووانی گوت: "ئێوە ڕێکخراوی نەتەوەکانن، هەموو جیهان بە نیشانەی هاوپێوەندی لەگەڵ هەژاران کۆ بوونەوە. من لەلایەن هەژارانو ئەو کەسانەی دەنگیان بە هیچ کوێ ناگا، سوپاسی ئێوە دەکەم."

نیلسۆن ماندێلا، ڕێبەری پێشووی ئەفریقای باشووریش لە ژوهانسبۆرگ ڕایگەیاند کە هەتا ئەوکاتەی هەژاریو برسیەتی هەبن، ئەفریقاییەکان ناتوانن بە ئاسوودەیی بژین. ماندێلا داوای لە ڕێبەرانی گرووپی G8 (8 وڵاتی گەورەی پیشەسازیی جیهان) کرد هەژاری بە یەکجاری لە مێژوودا بسڕنەوە.

**<u>شۆڕشی مادۆنا</u>**

گۆرانیبێژی بەناوبانگ خاتوو مادۆنا لە بەشدارانی هایدپارکی لەندەنی پرسی: "ئایا ئامادەن بۆ شۆڕش کردن؟ ئایا ئامادەن ڕێبازی مێژوو بگۆڕن؟" مادۆنا کە لەگەڵ گرووپی کۆڕی خۆی جلوبەرگی سپیان لەبەر کردبوو، لە تەنیشت کچێکی لاوی ئیتیۆپی ڕاوەستابوو کە بە یارمەتیی یەکەم کۆنسێرتی خێرخوازانەی باب گلدۆف Live Aid لە مەترسیی مەرگی سەرچاوە گرتوو لە هەژاری، نەجاتی ببوو.

هاوکات لەگەڵ زنجیرە کۆنسێرتەکانی Live 8، زیاتر لە 120 هەزار کەس لە شاری ئێدینبۆرگ ناوەندی سکاتلەند، کۆ بوونەوە تا ڕێبەرانی 8 وڵاتی دەوڵەمەندی جیهان بۆ کە کەمکردنەوەی هەژاری لە ئاستی جیهان دا بخەنە ژێر فشار.

لەم زنجیرە کۆنسێرتە خێرخوازانەیەدا کە لە 10 شاری گەورەی جیهانو بە ئامانجی زەقکردنەوەی گرفتی هەژاریو قەرزەکانی وڵاتانی نەدار، پێك هاتبوون، زیاتر لە 160 گرووپی موسقاییو هونەری، بەرنامەیان پێشکەش کرد. **<u>B.B.C</u>**

## ئێران 10 میلیۆن موعتادی تێدایە



**هەواڵدەریی فارس:** ڕاوێژکاری ئوستانی هەمەدانو دەبیری شووڕای هاو ئاهەنگیی بەربەرەکانی لەگەڵ مادده سڕکەرەکان گوتی: کۆمەڵگەی ئێمە لەگەڵ شەڕێکی جیددی بەرەوروویە، شەڕێك کە شوێنەوارێك لە چەکە وێرانکەرەکانی تێدا بەدی ناکەین، بەڵام ژمارەی زیانو خەسارە کۆمەڵایەتییە ماددیو مەعنەوییەکانی، بەخێرایی گیروگرفتمان بۆ دەخوڵقێنێ.

ئەحمەدی کاوەند هەروەها گوتی: لە وڵاتی ئێمەدا، ساڵی 1366 ژمارەی ئەو کەسانەی لەپێوەندی لەگەڵ تاوانەکانی پێوەندیدار بە مادده سڕکەرەکانەوە بەهۆی هێزی ئینتیزامییەوە گیرابوون، 66 هەزار کەس بوو، بەڵام لە ساڵی 1383دا، ژمارەیان 432 هەزار کەس بووە. واتە 435٪ هەڵدان هەبووە.

کاوەند گوتی: نرخی هەر کیلۆ تریاك لە ساڵی 1383دا، 738 هەزار تمەن ڕاگەیەندراوەو نرخی هەر کیلۆ هێرۆئینیش گەیشتۆتە 3 میلیۆنو 250 هەزار تمەن. ناوبراو هەروەها گوتی: ناخالیسیی مادده سڕکەرەکان لە ساڵی 1383دا لەچاو ساڵی پێشوو، سەدی 90 بەرەو ژوور چووە کە ئەمانە نیشانەی بازاڕی پڕ کڕیاری ئەم بەڵا ماڵوێرانکەرەیەن.

دەبیری شووڕای هاوهەنگاویی بەربەرەکانی لەگەڵ مادده سڕکەرەکان گوتی لەوڵاتی ئێمەدا 10 میلیۆن کەس موعتاد هەنو گوتی: وڵاتی ئێمە بەهۆی هەڵکەوتی تایبەتیی جوغرافیاییو نزیکبوون لە وڵاتی ئەفغانستان (دابەشکەری مادده سڕکەرەکان بۆ دنیا)و هاوسنوور بوون لەگەڵ تورکیە، هەلومەرجێکی ئاڵۆزتری لەچاو وڵاتەکانی دیکەی دنیا هەیە. بە قسەی ناوبراو بوونی 1700 جۆر ماددەی سڕکەری شیمیایی دیکە، یەکێکی دیکە لەو گیروگرفتانەیە کە ئەمڕۆ کۆمەڵگەی ئێران لەگەڵی بەرەو ڕوویەو ئاسایشی کۆمەڵگەی لە



## قۆناغێکی تازە لە ناسینی کۆمەڵەی خۆردا

لێکۆڵەرەوەی فەزایی ئێمپێکتۆر کە دەگوترێ هەر بە قەت دەزگایەکی جلشۆرین دەبێ، لەلایەن ڕێکخراوی ئاسمانگەڕیی ویلایەتە یەکگرتووەکان ـ ناسا ـ وەوە بەهۆی سەفینەیەکەوە ناردرایە ئاسمانو وەشوێن ئەستێرەی کلکداری تێمپل خرا. مەبەست لەو کارە ئەوە بوو ئەم لێکۆڵەرەوەیە خۆ بەم ئەستێرە کلکدارەدا بدا. کاتێك لێکۆڵەرەوەی فەزاییو کلکدارەکە خۆیان لێك دا، خێرایی "ئێمپێکتۆر"ەکە 37 هەزار کیلومیتر لە کاتژمێرێك دابوو. زانایان، ئەستێرە کلکدارەکان بە تۆپێکی سەهۆڵی دەزانن کە هەڵگری ئەو مادده کانزاییانەیە کە لەکاتی پێکهاتنی کۆمەڵەی خۆر (منظومە شمسی) لە 4 میلیاردو 6 میلیۆن ساڵ لەوەپێشەوە هەروەك خۆیان ماونەوە.

پرۆژەی ناردنی کەشتیی ئاسمانیی دیپ ئیمپێکت کە 333 میلیۆن دولاری تێچووە، بە یەکێك لە ئازایانەترین پرۆژە فەزاییەکان دادەنرێو لەبارەی سەرکەوتنو ئەنجامەکانییەوە هێندێك گومان هەبوو. بەڵام سەعات 5و پەنجا دەقیقەی بەیانیی ڕۆژی شەمە 3ی ژوئیە بە کاتی گرینویچ ئەم پێکدادانە لە 133 میلیۆن کیلومیتریی زەوی ڕووی دا. بەهۆی ئەم مەئموورییەتەوە، زانایان دەڵێن پێیان ناوەتە قۆناغێکی تازە لە ناسینی نێوەرۆکی کۆمەڵەی خۆر.



چیرۆکی ئەمجارە

### دوو فریشتە

دوو فریشتەی ڕێبوار، بۆ تێپەڕکردنی شەو، لە ماڵێکی دەوڵەمەند، لایان دا. ئەم بنەماڵەیە ڕەفتارێکی نەگونجاویان لەگەڵ میوانەکانیان دا هەبوو و ڕێگایان نەدا بچنە ژووری ڕازاوەی میوانانو، ژێرزەمینی ساردی ماڵەکەیان بۆ ئەو شەوە، دانێ. فریشتەی بە تەمەنتر لە دیواری ژێرزەمینەکەدا، قەڵەشتێکی دی، و پڕی کردەوە. فریشتە کەم تەمەنترەکە کە ئەمەی دیت گوتی بۆچی ئەمەت کرد؟ فریشتەی بەتەمەنتر گوتی: هەموو کاروبارەکان، هەر بەم جۆرە نین کە دەیانبینین.

شەوی دواتر، ئەم دوو فریشتەیە چوونە ماڵی کابرایەکی هەژار کە بنەماڵەیەکی زۆر میوانگر بوون. پاش خواردنی نانو چێشتێکی هەژارانە کە ماڵەکە هەر ئەمەیان لە توانا دابوو، ژنومێردە نەدارەکە، تەختی خەوی خۆیان بۆ خەوتنو حەسانەوە دا بە میوانەکانیان. بەیانیی ڕۆژی دواتر، ژنومێردە هەژارەکە بە دەم گریانەوە پێیان ڕاگەیاندن مانگەکەیان کە تاقە سەرچاوەی بژیوی ژیانیان بوو، مندار بۆتەوە. فریشتە کەم تەمەنترەکە تووڕە بوو و لە فریشتە بە تەمەنترەکەی پرسی بۆچی هێشتت ئەمە ڕوو بدا؟ ماڵەکەی دی هەموو شتێکیان هەبوو، بەو حاڵەش تۆ یارمەتیت دان [درزی دیوارەکەت بۆ پڕ کردنەوە]، بەڵام ئەم ماڵە کە ئاوا هەژاریشن، هێشتت مانگاکەیان مندار بێتەوە؟

فریشتە بە تەمەنترەکە لە وەڵام دا گوتی: ئەو شەوەی لە ماڵی دەوڵەمەندەکە بووین، لە قەڵەشتی دیوارەکەیان دا کیسە زێڕێکم بەدی کرد. بەو هۆیەوە کە ئەو ماڵە زۆر بەتەماحو چاوبرسی بوون، قەڵەشتەکەم گرتو زێڕەکانم شاردەوە. دوێ شەو کە لەسەر تەختی ئەو ژنومێردە خەوتبووین، فریشتەی مەرگ بۆ کێشانی گیانی ژنە هەژارەکە هات. من لەجیاتی گیانی ژنەکە، گیانی مانگاکەم دایە تا بیکێشێ. بەڵێ کاروبارەکان هەر بەم جۆرە نین کە لە ڕواڵەت دا دەیانبینین. بەڵام ئێمە زۆر درەنگ هەستیان پێدەکەین.

**<u>وەرگێڕانی لە فارسییەوە: ب. هیوا</u>**